# مامۆستای کورد



ژماره: ٢٣ پاییزی ١٩٩٤

# مامۆستای کورد

ژمارە ٢٣ ، پاییزی ١٩٩٤

سەرنووسەر : فەرهاد شاکەلی

Address : ناونیشان
Mamostay Kurd
Box 615
191 26 Sollentuna, Sweden

ژمارەی حیسابی پۆست :
Postgironummer\ postal Giro number:
43 55 59 - 0

تابلۆی سەر بەرگی یەکەم: هونەرمەند مەریوان جەلال

وێنەی سەر بەرگی دووەم: شاعیر و نووسەری سوێدی ئارتور لوندکفیست ١٩٠٦-١٩٩٢

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| نامــە | ٣ |
| وەرامی دۆستان | ١٢ |
| جەلال تەقی، ئەو پرۆژەیەی تەواو نەبوو: محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق | ١٤ |
| هونەرمەند مەریوان جەلال | ٢٤ |
| هەرزەکار و هەرزەکاری: مەهاباد قەرەداغی | ٢٧ |
| دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی | ٣٥ |
| کتێبخانەی مامۆستای کورد | ٣٦ |
| ڕانانی کتێب و گۆڤار | |
| (١) پەیامنێرتان لە سەرایێڤۆوە: حەمە سەعید حەسەن | ٤١ |
| (٢) گۆڤاری هەڵەبجە: ف. هاوڕاز | ٤٤ |
| (٣) گۆڤاری دیدار: ف. هاوڕاز | ٤٥ |
| ئارتور لوندکڤیست: فەرهاد شاکەلی | ٤٧ |
| چاڵاوەکە | ٥٥ |
| بۆ ... | ٦١ |
| ژن | ٦١ |
| چاوی ژن | ٦٢ |
| شیوەنی پابلۆ نێروودا | ٦٣ |
| کەڤۆکا سپی: فرات جەوەری | ٦٧ |
| سبەینێیەکی پڕ لە ئەڤین: ریمکۆ کامپێرت | ٧١ |
| چۆن چاوم بە شاعیری ناوداری تورک نازم حیکمەت کەوت ! | ٧٦ |
| مەستوورە: هادی ضیائودینی | ٧٨ |
| چوار ناونیشان: لەتیف هەڵمەت | ٧٩ |




سالم ـ ی شاعیری ستەمدیدەی ژێر دەسەڵاتی (ئالی عوسمان) لە وەڵامی هۆنراوەیەکی نالی ـ دا دەڵێ:

خەیاڵی عەودەتی موڵکی ئەسیر نەخەیتە سەر
زەلیلی نەجم و هیلالە، شەوە سولەیمانی

لەوساوە هەتاوەکوو ئێستاکەش سلێمانی هەر زەلیلی نەجم و هیلالە.. ئەو شۆڕشگێڕانە کە مەشخەڵی ئازادییان لە لووتکەکاندا هەڵکردبوو، ئێستا بوون بە دز و جەردە و پیاوکوژ و ماڵی یەکدی ئەنفال دەکەن و بە ئۆتۆمبیلی دوا مۆدێلی پڕ لە جەندرمەی چەکدارەوە شەقام و کۆڵان و بازاڕەکان دەتەنن و خەڵک دەتۆقێنن ... مەسئوول و بەرپرسیارەکان وەکوو موستەشار و ئامیرمەفرەزە جاشەکانی جاران هەڵسوکەوت و ڕەفتار دەکەن ... دوێنێ ٢٩-٧-١٩٩٤ ئۆتۆمبیلێکی بچکۆلەی سوور کە من هەر نازانم چ مۆدێلێک بوو، دوو ڕینگۆی تیا بوو وەکوو چەتەکانی ناو فیلمی کاوبۆی چەک و تفاقیان لە خۆیان دابوو، هەر جار نە جارێکیش بۆ فیز ئۆتۆمبیلەکەیان ڕادەگرت و بە کەش و فش دادەبەزین و لە بازاڕدا گەوەزەیی‌یان بەسەر خەڵکدا دەکرد ... ئەمانە و کەسانی وەک ئەمانە نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد دەکەن ... و لە هەمان کاتدا ماڵ و منداڵی شەهیدان زۆر بە دەگمەن لایان لێ دەکرێتەوە و هەیانە سواڵ دەکەن ... سەرباری ئەمەش کورد بۆ مێژووی سەلماند کە دەستێکی باڵای لە یەکدی کوشتندا هەیە و خوا بەوە ڕەحمی کردووە چەکی کیمیایی و جەرسوومی و ئەتۆمییان نییە، ئەگینا دژی یەکتر بە کاریان دەهێنا ... ئێ خۆ هیچ شتێکی ناڕەوا نەما لە دژی یەکدی نەیکەن، تەنانەت دیلی یەکدییان کوشت و دەستدرێژیان لە خۆپێشاندان کرد و ئێزگە و تەلەفزیۆنی یەکتریان تاڵان کرد و کار گەیشتە ئەوەی کاسێت و ئامێری دیی تەلەفزیۆن وەکوو تاڵانی بکەوێتە دەستی مناڵ و تواڵی چەورەی بازاڕ ... پاشاگەردانییە ... پاشاگەردانی کوردایەتییە ... زەماوەنە ... زەماوەنی دوژمنانی نەتەوەی کورد ... سەدەی خیانەت و ناپاکییە لە ژێر ناوی ئاڵای کوردایەتیدا ... پێشمەرگەکانی جاران کوان ...؟ شەقام و بازاڕ بووە بە جبەخانە و بەرپرسیاران بە ئۆتۆمبیل و پاشمەرگەوە پۆزی تیا لێ دەدەن ... ئای پێشمەرگە، تۆ جاران چەند پیرۆز بووی ... سوێندمان بە سەر و تفەنگەکەی تۆ دەخوارد ... بەڵام ئێستا نە تۆ ئەو شتە پیرۆزەی جارانی و نە ئێمەش بە چاوی جارانەوە تەماشات دەکەین ... تفەنگەکەت گڵاوە، چونکە

برای خۆتت پێ کوشتووە ... دەستت نەگریسە، چونکە ماڵی خوشک و برای خۆتت پێ ئەنفال کردووە ... تۆ جاران ئەو قارەمانە بووی کە بەعس و دوژمنانی دی لە ناوهێنانت گورچکیان دەبڕا و زارەترەک دەبوون، کەچی ئێستا مێشیش لە ناوەکەت ناترسێ ... ئەفسووس و مەخابن، ئەی قارەمانەکەی جاران بۆ ئەم حاڵەی تۆی تیای ... تفەنگەکەی تۆ بۆ شەڕی براکوژی نییە، بۆ قڕکردنی دوژمنە ... تفەنگەکەت بشکێنە و شەڕی کوردکوژیی پێ مەکە ... لە بەرپرسیاران بپرسە ... بۆچی منالانی کورد نانیان نییە بیخۆن و گوللەیەک بە پازدە دینارە و گوللەی (ئار. پی. جی )یەک بە سێسەد دینارە و ئێوە نانتان بۆ مندالانی کورد دابین نەکردووە، کەچی چەکی تەواوتان بە زیادەوە بۆ شەڕی براکوژی ئامادە کردووە ...!!

کە بووم بە شاعیر ئەشقی تۆ ڕێگای شاعیرێتیی بۆ خۆش کردم و بۆ ئەوە بووم بە شاعیر شیعر بۆ ئازادیی تۆ و تفەنگەکەت بنووسم ... کوڕە بابانوێران بۆ سەدان هەزار شاعیر و ئاشق و سەوداسەری وەکوو منت لە خۆت تۆران ... بۆ بە دەستی خۆت ماڵی خۆت وێران دەکەی ...؟ بۆ (خاک و خۆڵ)ی نالی دیسان وێران دەکەیتەوە و (حەبیبە)ی نالی بە قژ هەڵدەواسی ...؟ بە مەسئوول و بەرپرسیارەکانت بڵێ : هەش بە سەرتان بە تەنەکە ... مێژوو لە کەس نابوورێ و ئەوەی دڵۆپێ تفی ڕەشی مێژوو رووی ڕەش کات، بە هەزار دەریای سپی و بە ملیۆنێ مەنجەڵە ماست سپی نابێتەوە ... ئاگادار بە گەلێ سەرکردۆکەی بوودەڵە دەیانەوێ بەسەر شانی تۆوە و لە بواری شەڕی براکوژیدا ببن بە سەرکردە ... هەرگیز بۆ شەڕی براکوژی ئافەرینت لێ ناکەم ... بەڵام پێشین دەسخۆشکەریت لێ دەکەم لە هەموو شەڕێک کە بەرامبەر بە دوژمنانی کوردی دەکەی.

جاران منالان خەویان بەوەوە دەدی بە دیداری پێشمەرگە شاد بن ... جاران کچانی نەورەسیدەی وڵاتەکەم حەزیان دەکرد ببن بە دەزگیرانی پێشمەرگە ... جاران دایکانی کوردستانە خەمبارەکەم حەزیان دەکرد کوڕیان ببێ و بیکەن بە پێشمەرگە ... بۆچی ئەم عەشقەی هەموویانت لە شەڕی براکوژیدا ساردکردەوە ؟

ئەی هاوڕێی دێرینی نەتەوەی کورد ... ئەی لاوە چالاکە تفەنگ لە شانەکە ... ئەی پێشمەرگە ... شریتێک بە لوولەی تفەنگەکەتدا بێنە و پاکی کەرەوە و ئامادەی کە ... بۆ شەڕی دوژمنقران و ئازادی و ڕزگاریی تەواوی کوردستان و ئیتر نەفرەت لە شەڕی براکوژی بکە ... دەستەکانت ماچ دەکەم ... لوولەی تفەنگەکەت ماچ دەکەم، ئیتر نەفرەت لە شەڕی براکوژی بکە و بە پیلانی سەرکردۆکە گومڕاکان فریو مەخۆ ... ئەی پێشمەرگە ...!

کاکی ڕزگار ــ کفری

یەکەم وەڵام و دوا وەڵام بۆ کاک شێرکۆی هاوڕێم

١- لە ساڵی ١٩٧٦ەوە ئەندامی نەقابەی ڕۆژنامەنووسانی عیراقم و لە سەردەمی ڕژێمدا دوو جار ناچار کرام واز لە وەزیفە بێنم چونکە ئامادە نەبووم وەسف و ستایشی ڕژێم و دیکتاتۆری عیراق بکەم و بە شان و باهووی ڕۆژگاری ڕەشدا هەڵبدەم ... لەبەر ئەوە ناونیشانی (محرر)م لە دەس چووبوو و عەلاوە و تەرفیعی نزیکەی دە ساڵم پشتگوێ خرابوو ... من دوای ئەوەم کردبوو ئەو کارەم بۆ مەیسەر کات و حەزم نەدەکرد بگاتە شەڕەڕۆژنامە.

٢- بەڵێ من دوای (اضافة خدمة)ی دوو ساڵی سەربازیم کردبوو کە لە ساڵانی حەفتاکاندا کردبووم ... و سەربازی وەزیفەیە بۆ هەموو یەکێک لە وڵاتێکدا بژی و هەڵوێستی سەربازی کردن باشترە لەوەی شاعیر شیعرەکانی بکاتە بڵندگۆی گەرم کردنی زەماوەندی خوێناویی شەڕی براکوژی ... و برا ئەنفال کردن ... بەڵێ من دوای اضافەی خزمەتی سەربازیم کردبوو، خۆ دوای پاداشت و خەڵاتی ئەو جۆرە شیعرانەم نەکردبوو کە برا بۆ کوشتنی برای خۆی هان دەدا ......!

٣- من وام زانی کاک شێرکۆ بە بڕیارێکی تایبەتی وەزیرانە کارەکەم ئاسان دەکات و هەندێ لە مافی خوراوم دابین دەکات ... چوزانم هیچی لە دەس نایەت و ناچار دەبێ واز لە وەزیری ـ ش بێنێ.

٤- ڕاست ئەکا لە دواییدا پاش بگرەوبەردەیەکی زۆر دە پازدە دینارێکی دیی بۆ زیاد کردم ... ماڵی ئاوا بێ، سوپاسی دەکەم.

٥- من گلەییم لە شێرکۆی شاعیر کردبوو ... نەک شێرکۆی وەزیر ... قەت گلەیی لە وەزیر ناکرێ ...!

٦- هەر شتێکی دی بنووسێ لەم بارەیەوە وەڵامی نادەمەوە.

٧- کاک شێرکۆ لە وەڵامەکەیدا لە مەوزووع دەرچووبوو...

٨- ئەو خەڵات و بەراتەی کە لە سەردەمی وەزیرێتیی ئەودا وەکوو بەخشش دراوە بە من تەنها ٣٥٠(سێسەد و پەنجا) دیناری عیراقی بووە و ئامادەم بە دوو قات بۆ وەزارەتی بگەڕێنمەوە ... شایانی باسە کەسانی تریش لەو جۆرە خەڵات و بەخششە و زیاتریشیان وەرگرتووە و ئەم دابە هەر بووە و هەر دەبێ و باس کردنی زۆر شوورەیی یە.

٩- شێرکۆ باسی ڕۆشنبیریی کوردی و گەشەسەندنی دەکات لە سەردەمی وەزارەتەکەیدا... خوا وەکیل دوو سێ سێمیناری ساز کرد هەمووی زیاتر بۆ بە شانوباهووی ئەودا هەڵدان بوو، ئەگینا بەخوا برا ڕۆشنبیریی کوردی لە سەردەمی ئەودا و ئێستاش لە بار و دۆخێکی نالەباردایە و بایەخی نەدراوەتێ و هەزار و یەک گێچەڵی هەیە.

١٠- سوپاس بۆ گۆڤاری مامۆستای کورد کە دەرفەتی وا

دیموکراتییانە بۆ ئەم بابەتە نووسینانە دەرەخسێنێ.

لەتیف هەڵمەت ٢٤/٤/١٩٩٤



ڕاستە هیتلەر و نازیستەکانی بەغدا نزیکەی ٢٥ ساڵە مێشکی خەڵکی ئەسڕنەوە و کوردستان کاول ئەکەن و ئێستا حوکوومەتی هەرێمی کوردستان بە چەند ساڵێکی کەم ناتوانێ هەموو شتێ بە دڵی خەڵکی کوردستان بکات. شاری هەڵەبجە لە هیچ شارێکی دیکەی کوردستان زیاتر نییە، ئەگەرچی ئەوە هەڵەبجە بوو کە دەنگی کوردی گەیاندە جیهان. لە کامە شاری دیکەی کوردستاندا بە چەند سەعاتێک شەشهەزار کەس شەهید بوون و زیاتر لە دوانزدەهەزار کەسیش بریندار؟ تەنانەت دوای ئەو کارەساتەش قوتابیانی هەڵەبجە لە قوتابخانەکانی سلێمانی دەردەکران تەنیا لەبەر ئەوەی لە ناسنامەکانیاندا نووسرابوو کە خەڵکی هەڵەبجەن. ئەو هەموو کارەساتە بەسەر هەڵەبجەی شەهیددا هاتووە، کەچی هێشتا لەلایەن حوکوومەتەکەی خۆیشمانەوە پشتگوێ دەخرێ.
کە ئەمجارە گەڕامەوە بۆ کوردستان، هەر لە زاخۆوە هەتا سلێمانی خواردن دابەش دەکرا بەسەر خەڵکدا. لە نزیکی " کانی پانکە" ، کە هێشتا ٤٥ کیلۆمەتری دەمێنێ بۆ هەڵەبجە، زیاتر لە ٣٠٠ کەسم بینی دەیانویست بە پێیان بچن بۆ سلێمانی و پێشمەرگەش ڕێگەیان نەدەدان. کە پرسیارم کرد ئەمانە کێن و چییان دەوێ، وتیان خەڵکی هەڵەبجەن و لەم خواردنەی کە دابەش دەکرێ، بەشی ئەوانی تێدا نییە. پێشمەرگەکان ڕێگەیان نەدان و خەڵکەکەش ناچار گەڕانەوە بۆ هەڵەبجە. کاتێ کە داواکەیان گەیاندە حوکوومەتی هەرێمی کوردستان ، لە وەڵامدا پێیان گوتبوون: هەر یەک هەڵەبجە هەیە، ئەویش هەڵەبجەی تازەیە[واتە مالوان] و خواردنیش دراوە بە ئەوان و ناوی هەڵەبجەی ئێوە لە لیستەکەدا نییە.!!

خوێنەری بەڕێز..! ئەگەر لە یادتان مابێت، ڕژێمی بەعس لەپاش شەهیدکردنی هەڵەبجە بە هیچ شێوەیەک ناوی هەڵەبجەی نەدەهێنا و دەیویست بەتەواوی ناوی بسڕێتەوە و مالوان ـ ی ناو نابوو " هەڵەبجەی تازە" یا "هەڵەبجەی صەددام" و چەند خانوویەکی بۆ هەندێ هەڵەبجەیی دروست کردبوو. ئیمانم نەچێت ئێستاش دەستێک هەیە نایەڵێت ناوی هەڵەبجەی شەهید بکەوێتەوە ناو ناوان. ئەمە بۆچوونی خەڵکی هەڵەبجە خۆیانە. ئەوان دەیانوت : ئێمە نامانەوێ لە شارەکانی تری کوردستان بە زیاتر تەماشا بکرێین و بەشی شارێکی تر بدەن بە ئێمە. دەمانەوێت چی بۆ شارەکانی دیکە دەکەن بۆ ئێمەشی بکەن، مەبەستمان تەنیا ئەم خواردنەی ئێستاس نییە کە ئێمە لێی بێبەشین، بەڵکوو لە هەموو مەسەلەیەکدا هەڵەبجە پشتگوێ خراوە. بۆ نموونە لە مانگی دووەمی ساڵی ١٩٩٤دا خواردن دابەش کرابوو بەسەر هەموو مامۆستاکانی شارەکانی تری کوردستاندا، کەچی بەشی مامۆستاکانی هەڵەبجەی شەهید نەدرابوو. ئەوانیش بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ مانیان گرتبوو.
ئەوەی کە هەر زۆر جێگەی داخە، تا ئێستاش زۆربەی شەهیدەکان ئەوەتان لەژێر خانووە ڕووخاوەکاندا. بۆ بەڵگە ئەو خانووەی لە وێنەکەدا دیارە، خێزانێک و دەراوسێکانی لەژێردان. وەک باسیان دەکرد زیاتر لە ٤٥ شەهید دەبن. ئەو خانوە لە نزیکی مەعەسکەرە کۆنەکەوەیە، لە سەرووی هەڵەبجەوە، لە نزیکی مەڵبەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. زۆر شوێنی دیکەی ئاوهاش هەیە، بەڵام حوکوومەتی هەرێمی کوردستان پشتگوێی خستووە و نەیانتوانیوە ئەو شەهیدانە لەژێر خانووە ڕووخاوەکان دەربهێنن.
داخێکی سەختی تر ئەوەبوو کە لە سێیەمین فێستیڤاڵ و شەشەمین ساڵرۆژی شەهیدبوونی شارەکەدا ڕووی دا. ڕۆژێ پێش فێستیڤاڵەکە ویستبوویان شوێنی جەژنگێڕانەکە ڕێکوپێک و تەخت بکەن. لە کاتی کارکردنی شەفلەکەدا کەللەسەر و دەست و قاچ و سەعات و هەوییەیەکی زۆر لە ژێر زەوییەکەوە دەرکەوتبوون.



شۆفێری شەفڵەکە خۆڵەکەی دابووەوە بەسەریاندا و لێپرسراوانی کوردستانیش هیچ بایەخێکیان بە مەسەلەکە نەدابوو. گوێم لێ بوو کابرایەک دەیوت : هەوییەی دەراوسێکەمیان لەم چاڵەدا دیوە، لەوانەیە مناڵەکانی منیش هەر لەگەڵ ئەماندا بن.
ئەگەر باش لەو وێنەیە ورد ببنەوە، لەناو قەرەباڵغییەکەدا شوێنێک هەیە کەسی تیا نەوەستاوە و گڵەکەشی دیارە تازەیە. ئەو شوێنەیە کە گۆڕە بە کۆمەڵەکەی تیایە. وەک باس دەکرا ئەو چاڵە سێسەد مەتر درێژ، سەد مەتر پان و دوو مەتر قووڵە. دوو حەفتە دوای شەهیدبوونی شارەکە ئەو چاڵەیان بە شەفڵ هەڵکەندبوو، بۆ ناشتنی شەهیدەکان کە ئەوەندە زۆر بوون نەدەکرا هەر یەکە گۆڕی تایبەتی خۆی هەبێت.
سەرباری ئەمانە هەمووی، دو ڕۆژ پێش شەشەمینساڵڕۆژی کارەساتەکەی هەڵەبجە، تەلەڤیزیۆنی گەلی کوردستان بە ڕەسمی بە ناوی حوکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بڵاوی کردەوە کە ڕۆژی ٣/١٦، واتە ڕۆژی شەهیدبوونی شارەکە،ڕۆژی پشوودانی گشتی نییە..!!
خەڵکینە، من قسە ناکەم، بەڵام ئێوە بۆ خوا قسە بکەن. ڕۆژی شەهیدبوونی شارێک بە چەکی کیمیایی و ڕۆژێکی ئاوا ترسناک و سامناک، ئەگەر لەلایەن حوکوومەتەکەی خۆمانەوە بە ڕەسمی نەناسرێت و نەکرێ بە پرسەی گشتی، ئەی خۆ بە تەما نین بەعسییەکان، کە وایان لێ کردین، بیکەن بە ڕۆژێکی ڕەسمی و پرسەمان بۆ دابنێن. ئەوی ڕاستی بێت ئەم هەواڵە خەڵکی هەڵەبجەی شەهیدی زۆر خەمبار و نیگەران کرد.
بە ناوی هەموو هەڵەبجەیی‌یەکەوە داوا لە حوکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەکەم کە لایەک لەم شارە شەهیدە بکەنەوە و ناوی هەڵەبجەی تازە بەسەر مالوانەوە لابەرن و لە شوێنە گشتییەکان و دائیرەکاندا بەناوە ڕەسمییەکەی خۆیەوە، مالوان، ناوی ببەن، چونکە هەڵەبجە هەر یەک هەڵەبجەیە و ئەو هەڵەبجەی تازەیە کە بۆ مالوان کراوە بە ناو دەستکردی هیتلەر و نازیستەکانی عیراقە، بۆ ئەوە بوو کە ناوی هەڵەبجەی شەهید بسڕێتەوە، چونکە پەڵەیەکی شەرم بوو بە ناوچاوانیەوە.

یاسین سەعید – بەلجیکا
١٩٩٤/٤/٢٦

... کاتێ ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم خەم و پەژارەیەکی زۆر سامناک شارەکەمان بە تایبەتی و کوردستانی بە گشتی داگرتووە.
لەوانەشە ئێوە لە دەرەوە ئاگاداری بارودۆخی کوردستان بن، بەڵام وەک ئەوە نییە لێرە بن و بە چاوی خۆتان بیبینن.
ئێمە ئێستاش هەر ژێردەستەین و دەسەڵاتی هیچمان نییە، لەژێر باری نەخۆشی و گرانی و شەڕوشوڕی براکوژیدا، کە قەت دوایی نایەت، دەناڵێنین. ڕۆژانە چەندین کەس لە حەژمەتان دڵیان لە لێدان دەکەوێ و ڕزگاریان دەبێ، ئێمەش بۆ کڵۆڵی و بەدبەختی دەمێنینەوە. هەر بۆ نموونە دەڵێم لە مانگی هەشتی ١٩٩٣وە تا ئێستا شەڕی براکوژی هەر بەردەوامە. لەو مانگەدا حیزبی شیووعی و یەکێتی بوو بە شەڕیان و لە هەردوو لا چەندین کوڕی لێهاتوو شەهید بوون، باش بوو زوو ئاگری شەڕەکە کوژایەوە. پاشتر لە مانگی یانزەدا (حسک) لەگەڵ پارتی لەسەر شتێکی زۆر پووچ کە پێویست بە باسکردن ناکات بەیەکدا هاتن، بەڵام چۆن بەیەکدا هاتنێک! بڕوات بێت لە تاو هاوەن و ئاڕ. پی. جی. جێگە نەبوو خۆمانی تێدا حەشار بدەین، لە ئەنجامدا خەڵکێکی زۆری بێتاوان و سەدان کەس لە هەردوو لا تیا چوون. بێگومان جەماعەتی یەکێتی خۆیان دوورەپەرێز گرتبوو، بەڵام لەژێرەوە بە لای حسک ـ دا دەچوون. ئەمەش چەند ڕۆژێکی خایاند، ئەمجا حەل و فەسڵ کرا. پارتی وتی لەبەر ئەوەی حسک لە پەرلەماندا کورسییان نییە دەبێت لە شار دەرچن. بەم جۆرە حسک لە شار

دوور کەوتەوە، هەرچەند لەوانەشە بزانی کە حیزبێکی زۆر ....، حەمەی حاجی مەحموود گەورەیانە، چونکە دوکتۆر مەحموود پاش هەڵنەبژاردنی گەڕایەوە بۆ لەندەن.

ئەمساڵیش جەماعەتی بزووتنەوەی ئیسلامی کەوتنە خۆئامادەکردن و مەشقی سەربازی. ئەمانەش زۆربەیان سەر بە ئەفغانستان و ئێران و سعوودیە بوون و تازەترین و بەهێزترین جۆر چەکیان لەو وڵاتانەوە بۆ دەهات. ڕۆژانە ژنەکانیان، کە موحەجەبە بوون، دەبردە سەر شەقامی شەست مەترییەکە و مەشقی کاراتێیان پێ دەکردن! خەڵکی شاریش لەم بەزمە سەریان سووڕمابوو و کەوتبوونە مقۆ مقۆ لێیان. بەرپرسەکەیان مەلا کرێکار وابزانم کاتی خۆی شیووعی بووە، کوڕێکی گەنجە، لە خوتبەکانیدا هەمیشە دەیگوت: "جەماعەتی یەکێتی کافرن و بیانکوژن و سەریان ببڕن، ئەمە واجیبە و غەزایە." لەپڕ کاتێکمان زانی لە ناوشاردا تەقییەوە، ئەمما چۆن تەقینەوەیەک! بڕوات بێت وامان زانی بەعس هاتۆتەوە. بەڵام خەڵکی هێشتا ئەو حاڵەیان لە هاتنەوەی سەددام پێ باشترە. بە کورتییەکەی شار بوو بە یەک پارچە ئاگر! چونکە هەموو جۆرە چەکێک بە کار هێنرا، تەنانەت تۆپی قورسیش! ئەمجارەیان خەڵک زۆر ترسان چونکە ئیسلامییەکان جەماعەتێکی زۆر نەفام و گەوج بوون و یەکێتیش ئەو کاتە خۆی بە شێری ساحەکە دەزانی! ئەمجارەشیان ئەوەندە خەڵک کوژران و بێدەست و قاچ بوون هەر مەپرسە. لە پێناوی چیدا ؟ نازانم... پاش ماوەیەک ئەمەش حەل کرا و خەڵکەکە تۆزێک ئاهیان پێدا هاتەوە و وتیان بەسە، ئیتر حەوسەڵەمان نەما. ئێمە وامان دەزانی لە سایەی حوکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەحەسێینەوە. وامان زانی حیزبەکان کوردستان ئاوەدان دەکەنەوە و نان و ئاومان بۆ پەیدا دەکەن، کەچی ئاوایان بەسەر هێناین. زۆر بەداخەوە. ئیتر باسی ڕژێم هەر مەکە، کە ڕۆژانە بە هۆی جاسووس و بەکرێگیراوەکانیەوە ئاژاوە دەنێتەوە و تەقینەوە ڕوو دەدات. تا ئێستا چەند کەسێکی خێرخواز کە لە وڵاتەکەماندا ئیش دەکەن بە دەستی کەسانی خوێڕی و کاسەلێس کوژراون.

لە ڕۆژی ٤/٥ شەڕی یەکێتی و پارتی دەستی پێ کرد، شەڕێک کە تا ئێستا ئاوا ڕووی نەداوە، بە ڕادەیەک برا برای خۆی دەکوشت. باش بوو لە سلێمانی پارتی شەڕی براکوژیی قەبووڵ نەکرد و بۆ ڕێ گرتن لە ڕشتنی خوێنی ناهەق هەموو خۆیان تەسلیم کرد و جەماعەتی یەکێتیش، خوا دەست بە باڵیانەوە بگرێ، وەکوو ئەسیری حەرب موعامەلەیان لەگەڵ دەکەن. تا ئێستا هەر بە قسە و بەیان شەڕەکە ڕاگیراوە. شار زۆر خامۆشە، خەڵک زۆر دڵگرانە. هەرچی خواردن بڵێیت لە شارەکەدا نەماوە، هەشبێت زۆر گرانە و کەم کەس توانای کڕینی هەیە. کیلۆیەک شەکەر بە ٧٥ دینارە، ڕۆن بە ٦٥ دینارە، برنج بە ٣٩ دینارە، یەک قوتووی دۆشاوی تەماتە بە ٧٥ دینارە، ئیتر ئەوە ژیان و گوزەرانمانە لە سایەی حوکوومەتی هەرێمی کوردستاندا.

... کاک هادی ـ ی داماو ڕۆژی ٤/٥ لە حەژمەتان دڵی لە لێدان کەوت و بۆ خۆی ڕزگاری بوو. سەد خۆزگەم بە خۆی. خاتوو پاکیزە هاوەنێک کەوتە ماڵەکەیانەوە، ئۆتۆمبیل و ماڵەکەی هەموو سووتان و یەکێک لە منداڵەکانی کوژرا و ئەوی دیکەشیان لە خەستەخانەی بێداوودەرمان کەوتووە.

ئەمەیە بە کورتی گوزەرانمان، ئەمەیە ئەنجامی ئەو هەموو ساڵە خەبات و قوربانی و سەدانهەزار شەهیدە، ئەمەیە بەرهەمی ئەنفال و هەزاران بێسەروشوێن، ئەمەیە خەڵاتی حیزبەکان بۆ ئەو میللەتەی لە سەختترین هەلومەرجدا پشتی بەرنەدان. ئەمەیە دڵدانەوەی ڕێبەرانمان بۆ هەزاران گوندی وێرانکراو. بمبوورە لەوە زیاتر ناتوانم بنووسم.

ئیتر خۆشیت ،

نازەنین ، سلێمانی ١٠/٥/١٩٩٤

... هەواڵی شەڕی براکوژی بەم جۆرەیە: یەکێتی لە شەقام و کۆڵانەکانی شاردا بە قومبەلە و قازیفە و هاوەن دەستی کرد بە ئەنفال کردنی بارەگاکانی پارتی، شرەخۆرانیش بوو بە جەژنیان! کەوتنە تاڵان کردنی بارەگا و ماڵەکانی پارتی. ئێستا دەڵێن سەد ڕەحمەت لە کفنفزی پێشوو بە دەست گەوج و نەفامەوە. جگە لە دز و جەردە، کەس لە ناو شاردا بە تەمای ڕۆحی خۆی نییە.

بە دۆعا،

شیرین ، سلێمانی ١٥/٥/١٩٩٤

... من وای بە باش ئەزانم دەست بگرن بە شیعری "شێخ ڕەزا"وە چاکترە. مەبەستم ئەوەیە تەنها پارچەشیعرێک یان کۆپلەیەک بەسە بۆ ڕازاندنەوەی هەر ژمارەیەکی گۆڤارەکە. من لەوە ئەترسم شیعرەکانی کاکە شێخ تەواو بن، ئەو کاتە مامۆستای کورد بە چی ئەڕازێننەوە؟

موریدێکی شێخ ڕەزا : سین. ی.

به ناوی خوا
ئەنجومەنی ئەدەبیی مەریوان

ژمارە: ٣٨
ڕێکەوت: ١٣٧٣/٥/٩

بەڕێز سەرنووسەری گۆواری ئازیز "مامۆستای کورد"
لە تەنیشت زرێبار، نقێمی دەشتی سەرسەوز و بەرینی مەریوان، جوانترین سڵاو و ڕێزی تایبەتی و پڕ لە خۆشەویستیتان پێشکەش ئەکەین.
جار و بار و ناو بە ناو لە ڕێگەی دۆست و برادەرەوە هەندێ ژمارەی "مامۆستای کورد"مان دەگاتە دەست و لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەریواندا لەسەر ئەوەی کێ زووتر بیخوێنێتەوە ئەبێ بە هەرا و پشک هەڵخستن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە مامۆستای کورد لە دنیای ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا ڕێبازێکی تایبەتی و نوێی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، کە هیوامان هەیە درێژەی پێ بدات. ڕۆشنبیری کوردیش پێویستی بە هەبوونی ئاوەها گۆوارێ هەیە. ئەنجومەنی ئەدەبیی مەریوان سەرەڕای گوتنی پیرۆزبایی بە سەرنووسەری چالاک و وریای ئەو گۆوارە جوانە، ماندوو نەبوونیش دەکات لە دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەرانی. هەروەها داوا دەکات ببێ بە ئابوونەی ئەو گۆوارە و تێکرای ژمارەکانی بە ڕێکوپێکی بگاتێ.
لە کۆتاییدا دیسانەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەین و هیواداریین سەرکەوتووانە درێژە بدەن بەو ئەرکە پیرۆزەتان و ئەنجومەنی ئەدەبیی مەریوانیش لە دیتنی مامۆستای کورد بێبەش مەکەن.
بە سپاسەوە،

جێگری بەرپرسی
ئەنجومەنی ئەدەبیی مەریوان
ئەنوەر ڕەوشەن

.... سەڵاو و ڕێز و خۆشەویستیی بێپایان و هەواڵپرسینی گەرم و گوڕ، هیوادارم شادمان بن و هەردەم دوور بن لە تەپ و تۆز و مێش و مەگەز و قەزا و بەڵای "نیشتمان .. گەل.. شۆڕش.. حیزب" و شتی تری لەو بابەتانەوە.
ئەو ژمارانەی مامۆستای کورد کە دەگاتە دەستمان بە زۆربەی شوێنگە ڕۆشنبیرییەکاندا بڵاوی دەکەینەوە و تەنانەت هەندێ شتیشمان لێ کۆپی کردووە و بۆ هاوڕێیانی سلێمانی و هەولێر ڕەوانەمان کردوون.... لەو حاڵەدا سەرکەوتوون کە هێجگار تەحریضی نین ... زۆر کەمی لێ دەگاتە سلێمانی .. ئەگەریش بگات، ناگاتە دەستی زۆر کەس، خەڵکێکی زۆر هەن بە پەرۆشەوەن بیبینن و شتی بۆ بنێرن... هەروەهاش کفری، هەولێر، دهۆک...

چیا ، صموود ١٩٩٤/٨/٥

... ئەو ساڵانەی کە قوتابی بووم لە زانکۆی بەغدا، لە ڕێگای زۆر قوتابی و ڕووناکبیری کوردەوە (مامۆستای کورد)مان چنگ ئەکەوت و ژمارەیەکی زۆرمان لێ فۆتۆ ئەکرد... ئەو دەمانە ترس و ڕەقابەیەکی زۆر لەسەر ئەو مەسەلانە هەبوون، بەڵام ئێستا زۆر جار ژمارەکانی ئەم گۆڤارە شیرینەم لای دۆستان دەست دەکەون و دەخوێنمەوە.
... ئەمڕۆ لە کوردستاندا مەسەلەی بڵاوکرنەوە هەر هەمووی بۆتە تەمەلوق کردن و حیزب و حیزبکاری. پیاو ئەگەر دەستی بە کڵاوەکەی خۆشیەوە نەبێ ئەوا هەر زوو با ئەیبا. ئێمەمانانیش تا شتێکمان بۆ بڵاو ئەکەنەوە ئەبێ بە چەند کەسدا (توصیە) بکەی و دواییش چەندین نامە بە دوای بابەتەکەتا بنێری، ئەوسا ئەگەر بە کلک و گوێ کراوی بۆتی بڵاو بکەنەوە. جا ڕەنگە ئەمە سەبارەت بە نووسەران و ئەدیبانی شارە گەورەکان تۆزێک ئەهوەنتر بێ. کەچی بۆ کەسان و ئەو جێگایانەی ئێمەی لێ ئەژین، وەک پەراوێز سەیر ئەکرێن، چونکە خەڵکی شارەکان، وەک هەولێر بە تایبەتی، لە سەرچاوەکانی ڕاگەیاندنەوە نزیکن (هەرچەندە هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە کوردستانا هەر هەمووی زمانی حاڵی حیزبەکانە و بەس). ئەوان ئەتوانن بە ئاسانی بابەتەکانیان بگەیێننە ڕۆژنامەکان، بەڵام ئێمەمانانێکی گەرمیان ڕەنگە تا بچینە هەولێر و بگەڕێینەوە و سکی خۆمان بگوشین، ئەگەر سەرچیخ نەچووبم، پێویستمان بە (٤٠٠) دیناری ئەسڵیی عێراقییە، چونکە ئێمە خوا نەیبڕێ پارەی ئەسڵی و عادیشمان هەیە. سەرەڕای ئەوەش پیاو لە بڵاوکردنەوەی نووسینێکیدا تەنانەت پارەی کاغەزەکانیشی دەست ناکەوێتەوە.
... خۆ ئەگەر لە بابەتی تر ئەپرسن ئەوا هەر هەموو بۆتە عاجباتیی هەشتەمی دنیا. ئەم پشتی بە ئەو حیزب و ئەو پشتی بە ئەم عەشیرەت قایمە. هەروا دۆست و برادەرە بە دەستی ڕاست تەوقەت لەگەڵ ئەکا و شتێکی لە دەستی چەپی ناوە. ڕوو بە ڕوو ستایشت ئەکا و لە پاشملە لەسەرت ئەخوێنێ و ڕاپۆرتت لەسەر ئەنووسێ. جا ئیتر نازانم پیاو چۆن بژی و چۆن بتوانێ داهێنان بکا. چۆن بنووسێ و چۆن تەعبیر لە حاڵ و ژیواری ئەو میللەتە لات و بەدبەختە بکا. سەرەڕای ئەو هەموو بێدەرەتانی و نەگبەتی و دەردەکوردەش ئەوا شەڕی خۆ ......ی هاتە پاڵ ....

ئەلف. بێ
کەلار، کوردستانی باشوور ١٩٩٤/٦/٢١

لێره نزیکەی پەنجا- شەست چاپکراوی ساڵانە و مانگانە و هەفتانە و ڕۆژانە هەیە ... بەڵام سەرجەمیان بێکەڵک و لەڕ و بوودەڵەن و لە ئاستی پێویستدا نین ... کار و حاڵ وا بڕوات ئاستی ڕۆشنبیری دێتە سەر سفر. زۆربەی ئەوانەی لە بواری ڕاگەیاندنی حیزبەکاندا کار دەکەن لە ئاستی پێویستدا نین، بە هۆی خزمایەتی و کلکەلەقێ کردن و مامەحەمەیی و ماستاوچێتییەوە چوونەتە ئەو شوێنانە.
دروشمی هەندێ کەس لێرە ئەوەیە: مامەحەمەیی بکە ... مامەحەمەیی بکە ... مامەحەمەیی بکە ... تا پێ دەگەیت و دەوڵەمەند دەبی.
دروشمی من ئەوەیە: قەحبە لەو مەسئوول و بەرپرسیارانە شەریفترە کە بە ئۆتۆمبیلی جوان و چەک و چەتەوە بەناو بازاڕ و کۆڵانەکاندا گوزەر دەکەن و خۆیان دەنوێنن.

ب. ئەحمەد ، سلێمانی
تەمووزی ١٩٩٤

به ڕای من پەرلەمانی کوردستان شەرعییەتی نەماوە چونکە هەندێ لە ئەندامانی سەوز و زەرد سەرکردایەتیی لەشکر و چەکداریان کرد بۆ وێران کردنی دێهاتەکانی کوردستان و کوشتنی هاووڵاتییان و ئەتک کردنی ئافرەتی کورد و بێباوک کردنی منداڵانی کوردستان و تاڵان کردنی ئەو هاووڵاتییانەی کە لە کاتی خۆیدا ئەو هەندە کەسەیان بە ئەندام هەڵبژاردووە .. بە شێوەیەکی شەرعی و قانوونی دەبێ پەرلەمان هەڵوەشێتەوە و دووبارە هەڵبژاردن بکرێ و ئەو کەسانەی تیا نەبێ کە دەنگیان بۆ قڕکردنی P.K.K. داوە و سەرکردایەتیی شەڕی براکوژیی ناو کوردستانی ئازادکراو و کوردستانەکانی تریان کردووە.

زۆراب ، هەولێر ٣٠-٧-١٩٩٤

... زۆر مەمنوونی ئەو برە گۆڤارەم. دڵیشم بە خوێندنەوەی مامۆستای کورد زۆر خۆش دەبێ. بە تایبەتی ئەو باس و یادداشت و سەرگوزەشتانەی کە بۆ یەکەمجار لەوێ خوێندوومنەتەوە. ئەو ئازادیی ڕا دەربرینەش زۆر بەتامە. کێشێکی تایبەتی بە گۆڤارەکە داوە و خەڵکێکی زۆر منەی دەکەن و هەواڵی دەپرسن.
لێرە، لەم وڵاتەی ئێمە و لەم ڕۆژگارەی کە تیایداین وا باشە ڕووناکبیران یان سیاسی بن یان تاجیر. گەر وا نەکەن، مەگەر بۆ عانەی ئەحمەر لەم دەرگا و لەو دەرگا بپاڕێنەوە. چونکە وڵاتەکە ئەگەر تەعمیر بکرێ بەو دووانە دەکرێ و ئەگەر خوا نە خواستە کاول - یش بکرێ هەر بەو دووانە دەکرێ. کەناڵەکانی تر لە خزمەتدان و دەبێ لە خزمەتدا بن.

بێ. هێ
صموود ٥/ ئاب/ ١٩٩٤

... بار و دۆخی وڵات جارێ هێمن بۆتەوە، بەڵام تا کەی ؟ لەم ڕۆژانەدا هەندێ خواردەمەنی لەلایەن خێرخوازانەوە هات، تا گەیشتە دەستی خەڵک بەشی زۆری دزرا. بەردەوامیش لێرە و لەوێ دزی و ڕاووڕووت بەردەوامە و تاوانبارانیش بە بێ سزادان دەرئەچن.

بێ. نوون، کەلار ٦/٨/١٩٩٤

... زۆربەی ژمارەکانی مامۆستای کوردم بینیوە. خۆشحاڵم کە لەو دووەرەوە خەمی فەرهەنگی کوردیتان هەڵگرتووە.
ئەو ژمارانەی بینیومە بابەتی هونەریی کەمی تێدایە، بە تایبەت هونەری شانۆ. پێویستە لەسەرتان بابەتی گرنگ و تازەمان بۆ وەرگێرن، چونکە ئێمە لێرە زۆر بە کەمی ئاگاداری ئەزموون و بابەتی تازەی شانۆین لە ئەورووپا. هیوادارین ژمارەیەکی تایبەت بە شانۆ بخەنە بەر دەست خوێنەرانتان.
لێرە لە باشووری کوردستان، شانۆ لە سەرەمەرگدایە. مەحاڵە بەم زووانە هەڵسێتەوە. هەر لە ڕێگەی ئەم گۆڤارەوە داوا لە هەموو ئەو گۆڤارە کوردییانەی ئەورووپا دەکەم کە هەر یەکە لە لای خۆیەوە ژمارەیەک بۆ شانۆ تەرخان بکات.

مەجید ساڵح عەزیز
کەرکووک - کەلار
١٩٩٤/٧/٣٠

... لە شەڕی کوردکوژیدا ناوچەی گەرمیان هێمنتر بوو لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان ...

بورهان، سلێمانی ٣٠-٧- ١٩٩٤

لە کاتی شەڕی براکوژییەکەدا، کە ئێستاش هەر بەردەوامە، هەندێ کەر و گوێدرێژ دەیانگوت ئەمە شەڕی براکوژی نییە، شەڕی پاکژکردنەوەی کوردستانە ... ئەوانە ڕۆشنبیریش بوون ، ماشەڵڵا لە ڕۆشنبیری ئاخرزەمان.

ل. مەحموود ، سلێمانی

دەمانبیست کە هێزەکانی دەوڵەتی بەعسی عیراق دەتانکوژێ، دەتانگرێ، زیندەبەچاڵتان دەکات، دەتانسووتێنێ، ئەشکەنجەتان دەکا، چاوتان دەردێنێ و لووت و گوێتان دەبڕێ. دەمانبیست ژن و کچتان بە شەو لە ماڵان دەکێشنە دەرەوە و دەستیان بۆ درێژ دەکەن. دەمانبیست تاڵانتان دەکەن و بە هەزاران کەستان لە شار و گوندەکانەوە بۆ بیابانەکانی باشوور ڕادەگوێزن و گەلێکیش ژن و کچتان وەکوو دیلی شەڕی ئایینی ئەفرۆشن بە دەوڵەتە عەرەبەکان. دەمانبیست و دەماندی کە شەشهەزار گوند و شارۆچکەتان چۆڵ و کاول کرا، تەنانەت کانییەکانیشتان کوێرکرایەوەو ناوی (محرمە)یان لەسەر دانرا. دەماندی کە بە هەزاران کەستان لە شارەکانی وڵاتانی هەندەران ئاوارە بوون و ژیانێکی تاڵیان دەبردە سەر.

دیمان کە لە بۆمبارانی هەڵەبجە چیتان بەسەر هات و چۆنتان لێ قەوما. دیمان کە لە ڕەوە مێژوویی‌یەکەتانا چیتان بەسەر هات. باوک سەر فرزەند و برا سەر برا و ژن سەر ڕۆڵەی نەدەپەرژا. دیمان کە چۆن بە پێخاوسی دوای شەش شەو و شەش ڕۆژ لەژێر لێزمەی بارانا ڕووتان کردە سنوورەکان و پەناتان بۆ دۆست و دوژمن برد. دیمان کە ژنەکانتان منداڵە ساواکانیان بۆ هەڵنەگیرابوو، ناچار لە گوێ جادە و ڕێگاکان دایانپۆشیبوون و بە جێیان هێشتبوون.
کاتێک هاتنە ناو سنووری ئێرانەوە، هەموو دەتگوت مردوون و لە قەبر دەریانهێناون، چونکە هەر بە زمان خۆشە کەسێک شەش شەو و شەش ڕۆژ ڕێ ببڕێ و خەو و خۆراکی نەبێ و سەرما هەڵیچۆقێنێ.

لە ئەحمەد سالاری هونەرمەندم پرسی ئەرێ کاکە بۆ وا بێمشوور هاتوون، تەنانەت بەتانییەکتان بۆ دەرنەدەچوو لە منداڵەکانتانەوە بپێچن؟ وتی پێمان بوو، بەسەر خۆمانەوە گرتبوو، بەڵام ئەوەندەی لێ باریبوو و ئەوەندە قورس ببوو، بۆمان هەڵنەدەگیرا، ناچار فرێمان دا. پرسیم ئەی بۆ پێخاوسن؟ وتی؛ ئەوەندە بەسەر دار و بەرد و چەقڵا ڕۆیشتووین پێڵاوەکانمان دڕا و هیچمان بە پێوە نەما. ئێمە هەرچەندە هەواڵی زوڵم لێکراویی ئێوەمان دەبیست، دڵمان وەک مەنجەڵ قوڵتی دەدا و فرمێسکمان دادەڕشت و هەناسەی گەرممان هەڵدەکێشا و تف و نەحلەت و دوعای شەڕمان ئاراستەی بەعس و هەموو زۆرکار و خوێنڕێژێک دەکرد.

ڕەنگە لە بیرتان مابێ کە چۆن ئێمە لەمدیو بە پیرتانەوە هاتین و لەگەڵ ماڵ و منداڵی خۆمان تێکەڵمان کردن و نانی خۆمان لەگەڵتان دەکردە دوو لەتەوە. سەرەڕای ئەوانە لە هەندەران سواڵمان بۆ دەکردن و دەممان لە خەڵک بۆ خواردەکردنەوە. زۆرجار فارسەکان دەیانگوت مەگەر ئەم عیراقییانە نەبوون کە لە شەڕی هەشت ساڵەدا کوڕەکانیان دەکوشتین، ئاخر چۆن دڵمان بڕوایی دەدا چاکەیان لەگەڵ بکەین. بەڵام کاتێک بۆمان ڕوون دەکردنەوە کە ئەمانە لەگەڵ عەرەب و بەعس جیاوازن، ئەمانە ئارياييێن و لە خۆتانن و وەکوو ئێوە ڕۆڵەکانیان بە دەستی بەعس قڕ کراون، بەوپەڕی جوانمێرییەوە خواردەمەنی و جلوبەرگیان بە باوەش دێنا و دەیاندایێ بۆتانی بە ڕێ بکەین. لە بیرمە منداڵێکی فارس کاپشنەکەی لەبەر خۆی داکەند، گوتی بیدەن بەو منداڵە لێقەوماوانە. دایکی وتی: ڕۆڵە سەرمات دەبێ، تۆ هەر ئەوەت هەیە. وتی نا دایە، ئەوان لە من زیاتر سەرمایانە. من خۆم لە تاران خێوەتێکم لە هیلال ئەحمەر وەرگرتبوو و لەگەڵ هاوڕێیەکم یارمەتیم کۆدەکردەوە، کابرایەک بەستەیەک پارەی فڕێ دا خێوەتەکە و ڕۆیی. بانگم کرد ئاغا مەڕۆ ڕەسیدت بدەمێ، وتی: بۆ خوا داومە و ڕەسیدەکە لە ئەو داوا دەکەم. ئێمە لەمدیو بە ئەندازەی تەوژمی ئاگری بۆمباکانی عیراق هەناسەی گەرممان لە سنگەوە بۆ ئێوە دەهاتە دەر. هەروەها بە قەدەر دڵۆپی ئەو هەموو بارانەی لەو چەند ڕۆژەدا بەسەرتانا باری فرمێسکی ئاگرینمان بۆ داڕشتن. لێقەوماوی و نەداریتان ئەوەندە زۆر بوو کە یارمەتی بەشی نەدەکرد. ئەوە بوو بەداخەوە گەلێک ژن و منداڵتان دەستیان دابووە سواڵ. ڕۆژێک ئافرەتێکی گەنجی ڕووبازاڕیتانم لە بانە دی سواڵی دەکرد. ئەوەندەی بۆمان لوا، یارمەتیمان دا. وتم خوایە فریای ئەم لێقەوماوانە کەوە، ئەترسم ئەم ژنە داوا لە نامەردێکیش بکا و ئەویش چاوی تەماعی تێ بڕێ.

بەڵام وەکوو پێشوونیان گوتوویانە: تەنگانە بەری کورتە. باش بوو هەلێکی وا ڕەخسا گەڕانەوە بۆ ئەودیو و هەر کام چوونەوە شوێنی خۆتان و لە بەرەوە دێکانیش ئاوەدان بووەوە و ئێمەیش لەمدیو سنوور ئاهێکمان هاتێ و هیوادار بووین کە ئیتر لەمە زیاتر تووشی کوێرەوەری و سەرلێشێواوی نەبن. ئەوە بوو، وەکوو پیاوان دەستتان کرد بە هەڵبژاردنی ئەندام بۆ پارلەمان و ڕێبەرایەتییەکی قانوونیتان بۆ خۆتان دیاری کرد. بەبێ ئەوەی ئەمن و تۆی تیا بێ و تەقە لە تفەنگێکەوە بێت. دەمانگوت وا دیارە ئەوان لە ئەفغانییەکان ژیرترن، سەیری کەن چەندە ژیرانە پێک هاتن و دوژمنایەتیی کۆنیان فەرامۆش کرد. کەچی دەرکەوت وا نییە، ئێوە لە ئەفغانی دواترن. سەرۆکەکانی ئەوان لەسەر حکوومەت شەڕ دەکەن، خۆ ئێوە حکوومەتێکی ناسراویشتان نییە تا شەڕی لەسەر بکەن.

جا من ڕووی دەمتان تێ دەکەم و ئەڵێم توخوا بە شوورەیی‌ی نازانن دەمتان لە خوێنی یەکتر ژاندووە، سەرەڕای ئەوە کە تەواوی کەلوپەلی دایرەکان و ڕێگاوبان و کارخانەکانی کوردستانتان بە تاڵان فرۆشت. ماڵی یەکترتان تاڵان کرد، کەچی خەریکی کوشتن و بڕینی یەکترن، وەکوو شاعیر فەرموویەتی:

خوێنی یەکتر دەخۆن لە مەیدانان
وەک پیاڵەی شەرابی مەیخانان

وا دیارە لە بەعسەوە فێر بوون، پێشمەرگەی هاوسەنگەری خۆتان ئەکوژن، ئەیرفێنن، جەزرەبەی دەدەنێ و تەرمەکەی فڕێ دەدەن. ڕادیۆکانتان بۆتە بنکەی تیر و تانە و تاوانبارکردنی یەکتری. ئەوەی دڵسۆزتانە لێتان دەپارێتەوە، دەست لە کوشتوکوشتار هەڵگرن و کۆتاییی پێ بێنن. چونکا لە هەر لایەک دەکوژرێ کوردە و لە خۆتانە. حکوومەتی بەعس پاڵی لێ داوەتەوە و پێتان پێ دەکەنێ، تا تەواو لاواز دەبن. ئەمجا هەڵدەکوتێتە سەرتان و کارێکتان پێ دەکا با بە دەواری شڕی نەکردبێ. جگە لەوە خەریکن ئاوتان ژێر دەکەن و وەک تەختەی سەرئاوتان لێ دەکەن و جێگەیەک نامێنێ تا لێی وەگیرسێن.

بۆ دەتانەوێ بە چەک بیروباوەڕی حیزبایەتیی خۆتان بەسەر خەڵق داسەپێنن؟ واز لە خەڵک بێنن با ڕێگای خۆیان دیاری بکەن! پیاوی چاک بن لە کەری شەیتان بێنە خوارەوە و لەمە زیاتر شەڕ بە کۆنەقین مەکەن! ڕێز بۆ ڕای گەلەکەتان دانێن! بە کوشتن و کاول کردنی ماڵی یەکتری کار جێبەجێ ناکرێ.

دەردەدڵم زۆرە، گلەییی زۆرم لێتان هەیە، داخی زیاترم ئەوەیە کارگێڕانی حیزبەکان هەموو خوێندەوار و کەسایەتیی سیاسین و قسە لە سیاسەتی جیهانی دەکەن، کەچی ناتوانن و نایانەوێ لەمە زیاتر چارەنووسی میللەت و نەتەوەیەک نەخەنە مەترسییەوە. دەترسم ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو خەڵکەی چۆن بەبێ یارمەتیی ئەوان هەڵیانکوتایە سەر دامودەزگای بەعسییەکان و تەفر و توونایان کرد، پەلاماری ڕێکخراوە سیاسییەکانیش بدەن و داریان بەسەر پەردووەوە نەهێڵن و تۆڵەی ئەو خوێنانەیان لێ بستێننەوە کە بە ناهەق ڕشتوویانە و ئەیرێژن. خوا بکا کارەساتێکی وەها ڕوو نەدا و حیزبەکان بە دەست کێشانەوە لە خوێنڕشتن بەرگری لەو کارەساتە سامناکە بکەن.

ڕێبەرانی حیزبەکان سکاڵایان لە دابەش بوونی کوردستان هەیە، جا ئەگەر درۆ ناکەن بۆچی بۆ خۆیان کوردستانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان ئەکەنە دوو لەتەوە. من ئەزانم تازە جارێکی تر هەلی وا هەڵناکەوێتەوە، کە سەددام خۆی لێ کەر کا و پەلاماری کوەیت بدا و بکەوێتە ژێر شاڵاوی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیانەوە و بێدەسەڵاتی بکەن. لەوانەیە ئەوانیش لێتان پەشیمان ببنەوە و سەدداماتان بۆ بەرەڵا کەن کونی مشکتان لێ بکاتە قەیسەری. ئەمجا کاڵەک بە ئەژنۆی خۆتان بشکێنن. دیارە پەشیمانی سوودی نابێ. ئەوەندەتان بۆ دەمێنێ بڵێن: ئەی بە دەستی خۆمان بە خۆمان کرد. ئەمە لەلایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە قسەی دوژمنان ئەسەلمێنن کە دەڵێن: "کورد کورتە" و "کورد بێفەرهەنگە".

م. ڕ. کوردستانی
تاران ، ئاخری گەلاوێژی ١٣٧٣

ئێمە هەر ماوین و زۆریش بێ(زارین). ئەوەندە ئیتیجاهـ و تەیار دروست بوون لە کوردستان و بە هۆی زۆربوونی تەلەفزیۆن و ئەجهیزەی ساتیلایت و داماوی و بێفەرهەنگیی کورد و نەفامیی لایەن و هەست نەکردن بە خوتوورەتی ڕاگەیاندن، دەوری سیحری وشە لە سەر مێشکی مرۆڤ و بەتایبەتی لاوان و زۆریی تیپ و تینی وەرزش و تێکەڵبوونی گەنجەکان، غەسلی دەماغیان بۆ ئەکەن. هەر لە هەولێر هەشت قەناتی تەلەفزیۆن هەیە و هەندێ حیزب جێگایان نییە تەلەفزیۆن دانێن. بۆ نموونە پارتی دوو قەنات و یەکێتی و شیووعی و زەحمەتکێش و پارێزگاران و تورکمان، شەبابی بەغدا و کوردی بەغدا و دوو ئیزگەی تورکیا و سووریاش، ئەمە جگە لە ساتیلایت و ڕادیۆش بە هەمان شێوە.
شەڕ نەماوە، جارجار لە چمکێکەوە پەلاماری یەک دەدەن و لە ناوچەیەکی بچووک کۆتاییی دێت. دەعوەتی گەورە دەکرێت و بەیەکەوە دادەنیشن و بەیەکەوە زەردەخەنەی زەهراوی نیشانی خەڵک دەدەن . بەڵام لەگەڵ سیمفۆنیای دەنگی قاپ و کەوچک و چەتاڵ باسیش لەوە دەکەن کە فلانە دەعوەت سەتهەزار دیناری تێ چووە. ئەم تەق و تووقە هارمۆنییەکی زۆر ناخۆشە بە گوێی هەژاران و جەرگبراوان. بە هەموو حاڵ ئەوەی پێت سەیرە لەم وڵاتەدا ئەکرێ، ئەوەی بەعسیش نەیکرد کرا و پلەی ئیمتیازیشمان تیدا وەرگرت. موستەحیلیشمان نەهێشت.

ل . سلێمانی ١٦-٧- ١٩٩٤

بەڕاستی وەزعی ناوچەکە ناخۆش بووە و لە حاڵەتێکی (لا حرب و لا سلم)دا دەژین، کەس نازانێ چی دەبێ و چۆن دەبێ. خەڵک هەمووی ڕادەکات و ماڵی دەفرۆشێ و دەڕوات، چونکە هیچ خۆشییەک نەماوە. خەڵک برسیی بوو، بەڵام مورتاح بوو، ئێستا خەڵک برسیشە و ئەشترسێ، ئامانی نەماوە ، نازانێ چی بکات. ڕۆژ بە ڕۆژ ناخۆشتر و باری ژیان سەختتر دەبێ. هەرچی دوکتۆر و مامۆستای جامیعەیە هەمووی ڕۆشت و دەڕوات، کەس نازانێ بۆ کوێ دەچن، بەڵام هەر دەچن.

ئاڤان ٢٧-٧-١٩٩٤

# وەرامی دۆستان

بۆ خاوەنی ئەم بەرهەمانە :

- مام هێمن (شیعر)
- شەوێکی نامۆ (شیعر، بۆ چلەی ماتەمینی مەدهۆش)
- کورتەباسێکی مێژووی هەڵەبجەی شەهید
- اثر نظرية بافلوف على انتفاضة كردستان الجنوبية ( وتارێکی سایکۆلۆجی - سیاسییە بە زمانی عەرەبی)
- یادێک لە ئەدیبی نەمر مامۆستا مەلا کەریم هونەرمەند (فیدایی)
- بووکی ئازادی (وتاری ئەدەبی)
- ئادەمیزاد، لە سنووری فریشتەوە تا ئەهریمەن دروستکەری واقیعە (وتار)
- (عەریف عۆدە) لە بۆتەی شۆڤێنێتیی عارەبیدا (وتار)
- لەگەڵ کۆچی خێڵدا بەرەو هەوارگەی دۆستان ( وەرامی وتارێکە لە ژمارەیەکی پێشتری مامۆستای کوردا بڵاوکراوەتەوە)
- جینزانی (وتارێکی زانستی)
- ترێی تاڵ (شیعر)
- کاتێک کە پاداشتی مامۆستا دەدرێتەوە (نامەی مامۆستایەکی قوتابخانەی ناوەندی)
- بەر شەوارە کەوتن لە ئاوێنەی ڕووداوەکاندا (شیعر)
- کورد لە بەڵگەنامەی قاجاری و عوسمانیدا(وتار و بەڵگەنامە)
- نەخشەی وڵاتێکی بێ گوند (شیعر)
- فڕۆکە و چی وەک یەک دەچن؟ (کورتەچیرۆکی تەنز)
- ئەوان (شیعر)
- لە نێوان دوو کەناردا (شیعر)
- من ئێستایش تۆم لە بەرچاوە، تاڵ و شیرین، مەڵێ تەنیام ( سێ پارچە شیعر)
- رسالة مفتوحة للاساتذة ...

- بەیانیت باش، سێ هۆنراوە، خولیا (سێ پارچە شیعر)
- کەبابی قاز ( کورتە چیرۆکێکی سەیید محەممەد عەلی جەمالزادەیە کراوەتە کوردی)
- ئەوەڵین کۆبوونەوەی کوردناسی لەسەر کرماشان ( ڕیپۆرتاژی ئەدەبی)
-شەوی شیعری خوێندکارانی کوردی زانستگاکانی ئێران لە زانستگای شەهید بەهەشتی
لە تاران ( ڕیپۆرتاژی ئەدەبی)
- ئەوەڵین کۆبوونەوەی ساڵانەی لێکۆڵینەوەی کوردستانناسی (ڕیپۆرتاژی ئەدەبی)
- کێ بەرپرسیارە لە کپ کردنی دەنگی ئەم شاعیرە ( لێکۆڵینەوەی ئەدەبی)
- دوو بیرەوەریی زیندانی ئەبووغرێب و دیلستانی تاران (بیرەوەری)
- تێرامان و وردبوونەوە لە وێنەکانی چیرۆکی شێر (وتارێکی ڕەخنەیی)
- دوو هۆنراوەی توورە: بەهاری براکوژی، ڤایرۆسی ئەقڵ
- پەنجاوپێنج ڕۆژ شەڕی براکوژی کوردستانی هەژاند ( ڕیپۆرتاژ)
- بیرکردنەوەیەک (وتارێکە لەمەڕ فەرهەنگ و سیاسەت)
- تەعبیری خەونێکی ئاڵۆز ( شیعر)
- ئەزمەی شیعری کوردی (وتار)
- شەڕی ئاوباریک و ستراتیجییەتی بەریتانیای گەورە لە کوردستان دا ( وتاری مێژوویی)
- شیعرێتی دەقە کوردی‌یەکان ( وتاری ئەدەبی)
- پاش حەفتا ساڵ ... ئاوڕێکی خێرا لە شانۆی کوردستان (وتار)
- شێعری ژیان ( کورتەچیرۆکێکی دۆمۆپاسانە لە فارسییەوە کراوەتە کوردی)
- چاوپێکەوتنێکی کورت لەگەڵ سکرتێری شۆڕشی درێژخایەندا (ساتیر)
- هەڵەبجەی سووتاو، هێرۆشیمای کوردستان (وتار)
- ئاسکێکی حەز لە پرسیار ( چیرۆکی منداڵان ، لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی)
- گومان (کورتەچیرۆک)

ببوورن کە نەمانتوانی بەرهەمەکانتان بڵاوبکەینەوە

مامۆستا جەلال تەقی نووسەر و وەرگێڕی پایەبەرز لە ٥/٩/١٩٩٣دا بە نەخۆشیی دڵ سەری نایەوە و، لە کوردستانی ئازادی فرە حیزب و فرە ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆدا لایەک نەبوو بۆ ساتێکیش بێت خەمەکانی ئەم مرۆڤە مەزنە ڕاژەنێ و ئاورێکی وەفا و پێزانین لە ئەرک و ماندووبوونی ٣٠ ساڵی تەمەنی کورتی پەنجا و ئەوەندە ساڵی بداتەوە کە پڕ بوون لە چالاکی و نەسرەوتن لە پێناوی خزمەتکردنی ئەدەب و هونەر و مێژوو و کەلەپووری میللەتەکەیدا و، شایەتی حاڵیش دوانزە کتێبی چاپکراو و پانزە دەسنووسن کە زۆربەیان وەرگێڕانی شاکاری نووسەرە بەناوبانگەکانی وەک دۆستۆیێڤسکی و چیخۆف و مەکسیم گۆرگی و گۆگۆڵ و چەندینی تر لە زمانی ڕووسییەوە و بە کوردییەکی ڕەوانی وا کەم نووسەر و زمانزانی کورد بگاتە ئاستی. ئەم پیاوە، بێجگە لەو نووسین و وەرگێڕانە بەپێزانەی لە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە، (١٨٥٠) لاپەڕەی چاپکراوی ئەنجام داوە لەگەڵ (٢٩٠٦) لاپەڕەی دەسنووسدا.

# جەلال تەقی...

# ئەو پرۆژەیەی کە تەواو نەبوو

١٩٣٩-١٩٩٣

محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

کورتەیەکی ژیان و چالاکیی ئەم نووسەر و وەرگێڕە مەزنە:

* ساڵی ١٩٣٩ لە سلێمانی لە دایک بووە و هەر لەم شارە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی خوێندنی تەواو کردووە.

* ساڵی ١٩٦٠ لەبەر زیرەکی و سەرکەوتنی لە خوێندنی ئامادەییدا و بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا نێردراوە بۆ مۆسکۆ.

* ساڵی ١٩٦٧ کۆلێجی ئەندازەی بیناسازی (الهندسة المعمارية)ی لە مۆسکۆ تەواو کردووە.

* ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووە لە ئەورووپا.


* لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستدا کچەڕووسێکی مۆسکۆیی بە ناوی (نینا) دەبێتە

هاوسەری و لەگەڵیدا دێتەوە بۆ وڵات، بەڵام لە سەرەتای ساڵانی حەفتادا ئەم ژنە بە نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی دەکات و کچێکی بە ناوی (ئاڵا) لێ بەجێ دەمێنێ.

* ساڵی ١٩٦٧ دەگەڕێتەوە بۆ عێراق و لە وەزارەتی کاروباری باکوور دادەمەزرێ و پاشان دەگوێزرێتەوە بۆ فەرمانگەی ئەشغال لە سلێمانی و وەک ئەندازیارێکی بیناسازی و پاشانیش تا دوا ماڵئاوایی وەک لێپرسراوی بەشی تەکنیکی ئەو فەرمانگەیە کار دەکات.

* ساڵی ١٩٧٤ خاتوو نیعمەتی حاجی ئەحمەدی مەڵکەندی لە سلێمانی دەبێ بە هاوسەری دووەمی، لەمیش تەنها کچێکی هەیە بە ناوی (لانە). نیعمەت خان ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە پیت و برشتیی کاری وەرگێڕانی کاک جەلالدا و بەردەوام بەرهەمەکانی بۆ پاکنووس کردووە و زەمینەی کارکردنی بۆ خۆش کردووە.

* هەر بە منداڵی باوکی دەمرێ و دەکەوێتە لای (ئەحمەد تەقی)ی پوورزای کە هەموو جار بە ڕێزەوە یادی دەکردەوە و دەیوت: "لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا بووم کە باوکم کۆچی دوایی کرد، دوای ئەو خاڵە (ئەحمەد تەقی) پەروەردەی کردم، بە ڕاستی من بەرهەمی ئەوم". ئەم پیاوە کە کۆنەئەفسەرێکی سەردەمی عوسمانلی دەبێت، ڕۆڵێکی گەورەی بووە لە پێگەیاندنی کاک جەلالدا و بایەخێکی باشی داوە بە کتێب و خوێندنەوە. کاک جەلال و خوشکەکانی لە ڕێز و خۆشەویستیدا بە (کاکە فەنی) بانگیان کردووە، تەنانەت کە ئەحمەد تەقی لە ساڵی ١٩٦٠دا کۆچی دوایی دەکا، کاک جەلال، کە پێشتر بە ناوی (جەلال پەرێشان)ەوە، نووسینی خۆی لە ژین و هیوا و شەفەقدا بڵاو دەکردەوە، بۆ ڕێزلێنان و ئەمەک دەربڕین و پێزانینی ڕۆڵی ئەحمەد تەقی لە ژیانیدا نازناوی خۆی لە (پەرێشان)ەوە گۆڕی بۆ (تەقی) و ئیدی لێرە بە دواوە (جەلال صالح مەحموود)، یان جەلال پەرێشان بە (جەلال تەقی) ناسرا.



* کاک جەلال هەر لە تەمەنی لاوێتییەکی زووەوە دەستی کردووە بە نووسین و بەتایبەتی لە بواری چیرۆکدا، بەڵام پاشتر لە بواری وەرگێڕان لە ڕووسییەوە پتر ناوی دەرکرد و خزمەتی گەورەی خۆی گەیاند.

* ئەم پیاوە لە پاڵ زمانێکی کوردیی پاراو و بێگرێ و گۆتاڵدا ڕووسیزانێکی زۆر کارامە بووە و تەنانەت هەندێ شیعر و چیرۆکیشی بە ڕووسی داناوە و، هەر کاتێ دەستی دابێتە وەرگێڕانی بەرهەمێک بەتەواوی خۆی بۆ تەرخان کردووە و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئەنجامی داوە.

لە هەڵبژاردنی بابەتەکانیدا زۆر زیرەک و سەرکەوتوو بووە کە چی پێویستە بکرێ بە کوردی و، زۆری بایەخ بەو نووسینە رووسییانە داوە لەسەر مێژووی کورد و گۆرینی بەرهەمە ناوازەکانی کەڵەنووسەرانی رووس، هەروەها لە وەرگێراندا هێجگار کارامە و ورد بووە و داهێنانی لە بنەماکانی ئەو هونەرەدا کردووە و، هەر بە وەرگێرانی دەقەکەوە نەوەستاوە و بەڵکە چەندین پەراوێزی روونکردنەوەی ناو و جێگا و کەسانی تێ دەخست بۆ ئەوەی خوێنەری کورد تەواو ئاشنا بکات لەگەڵ کەش و هەوا و ناوەرۆکی ئەو بەرهەمەدا کە وەریدەگێرا و، بۆ ئەم مەبەستەش گەلێ سەرچاوەی جۆراوجۆری دەپشکنی.

* کاک جەلال لە پاڵ ئەوەدا کە خۆی تەرخان کردبوو بۆ وەرگێران، دەیپەرژایە سەر گەلێ بواری تر، لە وێنەکێشاندا دەسترەنگین بوو و گەلێ لە نیگار و هێڵکاریی ناوەوەی کتێبەکانی خۆی ئەنجام داوە. هەروەها وەستایەکی چاک بوو لە دارتاشی و ئاسنگەری و بەرگدرووندا و کەرەستە و تفاقی ئەم کارانەشی گشت هەبوو.

* خاوەنی کتێبخانەیەکی زۆر دەوڵەمەند بوو و زۆربەی کتێب و سەرچاوەی رووسیی لەلا دەست دەکەوت، هەموو کتێب و چاپکراوە کوردییەکانی هەبوو، هەر کتێب و سەرچاوەیەکت بویستایە دەیخستە بەردەست، بەڵام هەر دۆستێکی یان ناسیاوێکی گەڕاندنەوەی کتێبی دوابخستایە ببڕای ببڕ جارێکی تر کتێبی نەدەدایە. هەر لە منداڵییەوە و لەژێر کارتێکردنی ئەحمەد تەقیی خزمیدا ئەو کتێبخانەیەی بنیات نابوو و لە ماوەی خوێندنی ئەندازەشدا لە مۆسکۆ لە هەر سەردانەوەیەکیدا بۆ وڵات لە جیاتی دیاری و ئەنتیکە جانتاکەی پڕ لە کتێب دەکرد و دەیهێنایەوە. جارێکیان ئەنسکلۆپیدیایەکی سەردەمی رووسیای قەیسەریی دەست کەوتبوو کە لە ساڵی ۱۹۰۲دا چاپ کراوە، لە ناردنەوەی بە پۆستەدا زەحمەتی زۆری کێشابوو، تەنانەت خۆی گەیاندبووە وەزارەتی رۆشنبیریی سۆڤیەت و دوای بێنەوبەرەیەکی زۆر ئەوجا رێگەیان دابوو رەوانەی بکاتەوە و پێیان وتبوو: ئەمە هی گەل و دەوڵەتی سۆڤیەتە و نابێ ببرێتە دەرەوە."

* کاک جەلال ئەگەرچی پابەندی هیچ لایەنێکی سیاسی نەبووە، بەڵام کوردپەروەرێکی بێگەرد و پێشکەوتنخواز بووە و، لە هەر بوارێکدا توانای بووبێ خزمەتی نەتەوەکەی بکا درێغی نەکردووە و بۆ نموونە جارێکیان گێڕایەوە: "کە قوتابی بووم لە مۆسکۆ، لە سەردەمی برێجنێڤدا، برووسکەیەکم نارد بۆ رۆژنامەی پراڤدا، هێرشم کردبووە سەر رژێمی عێراق و داواشم کردبوو کە بریجنێڤ پشتگیریی گەلی کورد بکات و دژی رژێم بوەستێ!" کاتێکم زانی بانگ کرام بۆ لای سەرنووسەری رۆژنامەی ناوبراو، دوای تێرامانێکی زۆر وتی: "لەبەر ئەوەی کورێکی گەنجی ئەمجارەیان قەی ناکا، بەڵام دووبارەی نەکەیتەوە، چونکە بەپێی یاسا کارێکی زۆر خراپت کردووە." منیش پێم وت: "لە پێناوی بەرژەوەندیی گەلەکەمدا لە هەموو دەرگایەک دەدەم!"

* ئەم پیاوە هەر چەندە ئەندازیارێکی بیناسازیی زیرەک بوو، بەڵام قەت ئەو ئیشەی بەکارنەهێناوە بۆ پارە پەیداکردن و دەوڵەمەند بوون، بەڵکە کاری ئەدەبی و پرۆژەی وەرگێرانی پێ پیرۆزتر بوو لە خزمەتکردنی گەلەکەیدا. ئەوەندەی بەس بوو وەک وەزیفە ئەندازیار و پاشان بەرپرسی بەشی هونەری بێت لە دائیرەی ئەشغالی سلێمانی. لە دوای راپەرینی بەهاری ۱۹۹۱ رۆڵێکی بەرچاوی بوو لە چەند پرۆژەیەکی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستاندا و بەش بە حاڵی توانا و دەسەڵاتی خۆی نەیدەهێشت فلسێک بە فیرۆ بچێت لەو بوارەی کە خۆی دەستی بەسەردا دەگەیشت.

بەڵام بەداخەوە دەردەسەریی زۆری تووش بوو. وەک خۆی دەیگێڕایەوە فەرمجار تەماع دەکرایە سەر کارگە و کەرەسە و ئامێری دائیرەکەی بۆ تالان و ئاودیوکردنیان و ئەمیش وەک بەرپرسی تەکنیکیی ئەو دەزگایە هەرگیز ڕێی پێ نەدەدان و لەبەردەم فرت و فێڵ و هەڕەشە و گوڕەشەی کەسانی مفتخۆر و چڵێس و کوردستان وێرانکەردا وەک بەردی ڕەق دەوەستا و لووتی دەشکاندن و، ئەمانیش گەلێ گێچەڵ و سەرئێشەیان تووش دەکرد، قسەی خۆشمان بێ هۆی سەرەکیی نەخۆشیی دڵەکەی و پاشانیش تیاچوونی بەو نەخۆشییە ئەو جۆرە ڕەفتارانە بوو! دەنا ئەو لە ژیانی ناو خێزانیدا زۆر سەرئاسوودە بوو و لە هیچی کەم نەبوو.

پرۆژەی ئەو فەرهەنگەی تەواو نەبوو

کاک جەلال لە وشەی کوردیی ڕەسەن کۆکردنەوە و کاری فەرهەنگسازیدا چەپی لە وەرگێڕان و بوارەکانی دیکەی چالاکیی ئەدەبی، کەم نەبوو. دەمێک بوو سەرقاڵی ئەم بوارە بوو و کەرەسەی خۆیشی تێدا خستبوو. سەرەتایساڵی ١٩٩٢ لە سلێمانی لەگەڵ سێ برادەری تردا، مامۆستایان عوسمان هەورامی و عبدالله حسن قادر و فارووق محەمەد ڕەمزی، کە هەر چواریان بێجگە لە دۆستایەتی و خەمخواردنی ئەم لایەنە، کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد کۆی کردبوونەوە بڕیاریان دا کارێکی بەکۆمەڵ بکەن بۆ ئەنجامدانی قاموسێکی کوردی-کوردی کە لە قامووسەکانی تری ئەم بوارە بەرفراوانتر بێت، بەتایبەت کە هیچ کام لە فەرهەنگەکانی تر تەواوی وشەکانی زمانی کوردییان نەگرتووەتە خۆ.

کاک جەلال ماڵەکەی خۆی بۆ تەرخان کردن و ڕۆژانە هەر چواریان ماوەی سێ و چوار سەعات کاریان لەسەر دەکرد و ڕۆڵ و چالاکیی کاک جەلالی تێدا زۆر کاریگەر بوو. پاش نزیکەی ساڵ و نیوێک کارکردن توانییان دەوری ١٣ هەزار (سیانزە هەزار) وشە تەنها لە پیتی (ئەلف)دا کۆبکەنەوە و تاووتوێیان بکەن و مانایان لێک بدەنەوە، کە هیچ فەرهەنگێکی پێش ئەمان لەم پیتەدا نەیگەیاندووەتە سێ هەزار وشە. بەڵام پاش کۆچی دوایی کاک جەلال کارەکە وەستا و لەوە زیاتری لێ ئەنجام نەدرا، چەند هەزار وشەیەکی پیتی (بێ) نەبێت کە لە کاتی کاردا لەسەر پیتی (ئەلف) خستویانەتە سەر کارتی جیاواز. ئێستا ئەم بەرهەمە ناوازەیە لە بەرگێکدا ئامادە کراوە و لە فرە دەرگا دراوە بۆ چاپکردنی بەڵام لەبەر خەرجی گەورە و گرانی چاپ و کاغەز نەتوانراوە هیچ بکرێت.

جەلال تەقی و کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد و، هەندێ یادگاری شیرین

پاییزی ساڵی ١٩٩١ ئەم کۆمەڵەیە لە لایەن چەند ڕۆشنبیر و نووسەرێکی وێڵ و شەیدای بواری کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی سامانی کەلەپووری میللیمانەوە دامەزرا و وەک کۆمەڵەیەکی سەربەخۆ پابەند نەبوو بە هیچ حیزب و لایەنێکەوە بەرنامەی خۆی دارشت. مامۆستا جەلال تەقی زۆری پێ خۆش بوو بێتە کۆمەڵەیەکی ئاوهاوە و ڕەنج و کۆششێکی بەرچاویشی هەبوو لەم ڕووەشەوە، هەر لە هەردوو بەرگی شەوانی گوێ ئاگردانەوە (کۆمەڵە حیکایەتێکی فۆلکلۆری و ئەفسانەی کوردەوارین و بەرگی یەکەم چاپکراوە و دووەم دەستنووسە) تا دەگاتە کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر داب و نەریتی ژیانی کوردەواری بەتایبەتی لای کوردەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و بەردەوام گۆڤاری (کەلەپووری کورد) بە بابەتی بەپێزی فۆلکلۆری دەوڵەمەند دەکرد.

کاک جەلال هێند ڕۆحسووک و بێهەوا بوو بەو گشت توانا و بەهرەیەوە هەر زوو دەبوو بە دۆستی گیان بە

گیانی ئەو کەسانەی بە ڕۆح و دەروونی ئاشنا دەبوون و، هەرگیز تێرت نەدەخوارد لە هاودەمی و قسەی خۆشی و جیاوازیی تەمەن لەو پەیوەندییەدا دەتوایەوە و بەمەش پتر لە چاوی ئێمەدا گەورە دەبوو. ڕۆژانی چوارشەممە ئەو و برادەرانی پرۆژەی فەرهەنگ ئێشکگربوون لە بارەگای کۆمەڵە، کە تاقەژوورێکە لە بینای تۆفیق قەزازدا بەکرێمان گرتووە.

کاک جەلال بە سەری سپی و تەمەنی سەروو پەنجایەوە، دەکەوتە گسکدان و پاککردنەوە و ڕێکخستنی ژوورەکە و نەیدەهێشت کەس پیسی بکات و، لەم ڕۆژەدا و بە خۆشی ڕۆحسووکی و قسە بەتامەکانی ئەوەوە بارەگای کۆمەڵە جمەی دەهات لە ئەندامان و خەڵکی میوان.

ئێمە هەر زوو قەدری ئەم زاتەمان زانی و هیوای زۆرمان پێ بوو لە پێشخستنی کاروباری کۆمەڵەدا و، تەنانەت کە لە ٢٠-١٩٩٢/٦/٢٥ پێشانگایەکی میهرەجان ئامێزی گەورەی فۆلکلۆریمان کردەوە لە شاری سلێمانی، کەسمان لەو بەرزتر نەزانی بۆ کردنەوەی ئەو پێشانگایە. لە ڕێ و ڕەسمی بە خاک سپاردن و پرسەکەشیدا ئەندامانمان دەستەونەزەر لە حوزووری گیانی پاکیدا وەستابوون. بە هاوکاریی لقی سلێمانیی هەردوو یەکێتیی نووسەران و ئەندازیاران چلەیەکی ماتەمینی پڕ شکۆمان بۆ ساز دا و ژمارە سێی گۆڤاری (کەلەپووری کورد)مان بە یادی ئەو پیاوە مەزنەوە دەرکرد، بەڵام داخم ناچێ، لەبەر ئەوەی ئەم پیاوە بەهێمنی و دوور لە خۆدەرخستن کاری ئەدەبی و ڕۆشنبیریی دەکرد و خزمەتی گەورەی خۆی ئەنجام دەدا و، ماڵی هیچ حیزب و لایەنێک نەبوو لە کورد و ئامانجە پیرۆزەکانی بەولاوە و، مامەحەمەیی و مەرایی بۆ کەس نەدەکرد، دەزگای ڕاگەیاندنی هیچ حیزبێکی ئەمڕۆی کوردستان مەرگی پڕ لە تراژیدیا و سەرنانەوەی نەوەکامی ئەم نووسەر و وەرگێڕە قەڵەم بەبرشتەی بەسەرنەکردەوە و، هەر چۆن لە ژیانیدا کپ و هێمن بوو ئاوهاش بەکپی و بێدەنگی ڕۆژی ١٩٩٣/٩/٥ بە دەردی دڵ بەجێی هێشتین و فرە ئاواتی بەدینەهاتوو و ژانی سەختی گەلە کڵۆڵ و گرفتارەکەی بردە گردی سەیوان. خوا هەقە پارێزگاری ئەو دەمەی سلێمانی، مامۆستا جەمال عەبدول، بەگەرمی شینی ئەم پیاوەی کرد، ئەویش نەک وەک وەزیفەی پارێزگار، بەڵکە وەک دۆستێکی نزیک و بەوەفای کاک جەلال.

جەلال تەقیی نەمر...
خەرمان بەرەکەت لە بەرهەمی چاپ و دەستنووست

مرۆڤ لە ئاست گەورەیی ئەو کارەی ئەم پیاوە کردوویەتی ناتوانێ بە قسە هەق بەو ڕەنجە بدات و گەشتێکی کورت بەنێو بەرهەمە چاپکراو و دەسنووسەکانیدا ڕادەی ئەو خزمەتە دەردەخا کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی مێژوو و ئەدەب و فەرهەنگی گەلەکەیدا کردوویەتی:

ئا: کتێبە چاپکراوەکانی:

١- خەباتی گەلی کورد لە یادداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا (لاپەڕەیەک لە شۆڕشەکانی شێخ محمود و سمکۆ و هەستانەکەی ڕەواندوز) مامۆستا جەلال تەقی ئامادەی کردووە بۆ چاپ و پێشەکیی بۆ نووسیوە و هێناوێتێ سەر ڕێنووسی کوردی و پەراوێزی بۆ نووسیوە. ساڵی ١٩٧٠ چاپی کردووە و، کتێبەکە ٩٢ لاپەڕەی قەوارە ناوەنجییە و، لە چاپخانەی (سلمان الاعظمی)ی بەغدا چاپ کراوە.

ئەم یادداشتەی ئەحمەد تەقی، لاپەڕەیەکە لە مێژووی کورد لە سەروەخت و زەمانێکی زۆر ناسکدا. ئەحمەد تەقی، ئەفسەر بووە لە سوپای عوسمانلیدا و لە بەرەکانی

شەڕی یەکەمی جیهانیدا (١٩١٤-١٩١٨) بەشداریی کردووە و پاش تێکشکانی ئیمپراتۆریتی عوسمانی، گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و لە شارەکەی خۆیدا، سلێمانی، نیشتەجێ بووەتەوە. بەڵام لەو سەردەمەدا دەورێکی باڵای گێڕاوە لە بزووتنەوەی شێخ مەحموود و سمکۆ و ڕووداوی ڕەواندوزدا کە ئۆزدەمیری تورک بە سوپاکەیەوە هاتووەتە ئەوێ و ئەمیش پاڵپشتی تەواوی کردوون. ئەم یادداشتە گێڕانەوەیەکی باشی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەیە و ئەحمەد تەقی خۆی کەسێکی کاریگەر بووە تێیاندا.

٢- ن. ئە. خەڵفین (خەبات لەڕێی کوردستاندا)، لە ڕووسیەوە کردوویەتی بە کوردی و لە ساڵی ١٩٧١دا لە چاپی داوە. کتێبەکە ٢٣٢ لاپەڕەی قەبارە گەورەیە و، لە چاپخانەی ڕاپەڕین لە سلێمانی چاپ کراوە. ئەم کتێبە کارێکی مێژوویی گەورەیە کە خەڵفین لەسەر کورد ئەنجامی داوە و، پشتی بە زیاد لە ٩٠ سەرچاوە بەستووە و زۆربەی ڕا و بیر و بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسە ڕووس و ئەورووپاییەکانی تاووتوێ کردووە. بە دوور و درێژی لە بار و دۆخی کوردستان لە سەدەی نۆزدەدا و کەرتبوونی لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریتی تورک و فارسدا دەکۆڵێتەوە و هەروەها ڕۆڵی ڕووسیاری قەیسەری و بەریتانیا و وڵاتانی ئەورووپای دیکە لە کێشەکانی کوردی ئەو سەردەمەدا و دێتە سەر ڕاپەڕینەکان و بەوردی باسیان دەکات و لە هۆکاری بەرپابوون و نوشوست هێنانیان دەدوێت.

بەکورتی ئەم کارەی خەڵفین باسێکی زانستیی سەرکەوتووی مێژووی چەکەرەکردنی بیری نەتەوەییی کورد و خەباتی سەختێتی لە پێناوی وەدەستهێنانی مافی خۆراویدا لە سەرانسەری سەدەی نۆزدە و سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە ڕوانگەی بیر و بۆچوونی مێژوونووسانی ئەو دەمەی سۆڤیێتەوە. وەرگێڕانی کاری ئاوهاش لە لایەن جەلال تەقییەوە و بە زمانێکی کوردیی پاراو خزمەتێکی هێجگار گەورەیە بە مێژووی گەلەکەمان.

٣- بیلینسکی، دەربارەی ڕەخنە. لە ڕووسیەوە وەریگێڕاوە، ساڵی ١٩٧٢ لە چاپخانەی ڕاپەڕین لە سلێمانی بە چاپی گەیاندووە و ٩٦ لاپەڕەی قەوارە گەورەیە. وەرگێڕانی ئەم شاکارەی (بیلینسکی)یش هەڵبژاردنێکی پێویست و زیرەکانەی کاک جەلالە و لە ڕۆژگارێکدا کردوویەتی کە لە مەیدانی ئەدەب و نووسینی کوردیدا و بەتایبەتی بواری ڕەخنە شتێکی ئەوتۆ بەدی نەکراوە و کاری ڕەخنە لە مەدح و ستایشی بێسەروبەر یان سەروپۆتەڵاک کوتاندنەوە بەولاوە هیچ نەبووە و پێوەندیی شەخسیی ڕەخنەگر و نووسەر بابەتی ڕەخنەکەی دیاری کردووە نەک ناوەڕۆکی نووسینەکە. کاک جەلال لەم کارەیدا تەنها بە وەرگێڕانی دەقەکە دڵی ئاو ناخواتەوە و هاتووە حەفتا و پێنج پەراوێزی درێژی خستووەتە سەر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو کەس و نووسەر و تێرمانەی بیلینسکی دەربارەی نووسیون و گەلێ سەرچاوەی پشکنیوە تا ئەو زانیارییانەی بۆ خوێنەری کورد بە دەست هێناوە و بەمەش شاکارەکەی بیلینسکی هێندەی تر دەوڵەمەند و پڕپێز کردووە. جەلال تەقی لە پێشەکیی ئەو کتێبەیدا دەربارەی بیلینسکیی نووسیویەتی: "بیلینسکی یەکێکە لەو فەیلەسووفە ڕەخنەگرە بیر دەوڵەمەندانەی کە هیچ هەلێکی لە دەست خۆی نەداوە و یەکسەر دەربارەی نووسیوە."

٤- کورامێسن: ئەو پیاوەی وێرای بپرسێ،

کاک جەلال تەنها ئەم بەرهەمەی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوە دەنا ئەوانی تری گشت لە ڕووسییەوە کردووە بە کوردی. کتێبەکە ١٩٨ لاپەڕەی قەبارە گەورەیە و، ساڵی ١٩٧٣ لە چاپخانەی ڕاپەڕین لە سلێمانی چاپ کراوە. وەرگێڕ وەک خۆی لە پێشەکیی ئەو کتێبەدا دەڵێ:

ساڵی ١٩٦٠ وەریگێڕاوە و ئەو دەمە لاوێکی تازەهەڵچوو بووە و کەش و هەوای فەلسەفەی یۆنانی زۆری کارتێکردووە و بۆیە بە پێویستی زانیوە بکرێتە کوردی و لە هەمان پێشەکیدا دەڵێ: "ئەم پەڕاوەی کە پێشکەشتی ئەکەم، هەر چەندە نووسراوێکی تازەیە، لەگەڵ ئەوەشدا باسێکی زۆر کۆنە و زۆر شتمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە." دوکتۆرە کوڕامێسنی ئەمریکایی بە شێوەیەکی ئاسان و نزیک لە چیرۆکەوە ژیانی پێش بیستو چوار سەدەمان بۆ ئەگێڕێتەوە. لەم پەڕاوەدا زۆربەی بیر و ڕا و نووسینەکانی (ئەفلاتوون) و (زینۆفۆن)مان بۆ ڕوون ئەکاتەوە بێ ئەوەی شێوە وشک و برنگەکەی ئیفلاتونمان بەسەردا بسەپێنێ..." لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێ: "بەراوردێکی ئێستای هەر شارێکی کوردەواری بکە لەگەڵ ژیانی پێش بیستو چوار سەدەی (ئەسینا)ی یۆنانیدا، پاش تەواوبوونی شەڕی نێوان ئەسپارتییەکان و ئەسینییەکان بە چوار ساڵ، ئایا زۆر لەوە ناچێ کە باسێکی ئێستای شارەکانی ئێمە بکرێ. لە ڕاستیدا وا بەئاسانی شەڕی ناوخۆیی لە مێشکی خەڵکدا دەرنەئەچوو و، هەموو شتێک نەگەڕابووەوە دۆخی پێش جەنگ. زۆر خێزان پەرش و بڵاو بووبوونەوە، زۆر کەس داوای وەرگرتنەوەی زەوی و زار و سامانی خۆیان ئەکردەوە. کەسوکاری کوژراو داوای تۆڵەیان ئەکرد و خەڵک ناسۆر و پەستی دایگرتبوون..."

٥- پلوتارک: شەڕەکانی ئەسکەندەری مەکەدۆنی: لە رووسییەوە وەریگێڕاوە. لە ساڵی ١٩٧٣دا لە چاپخانەی ڕاپەڕین لە سلێمانی بە چاپی گەیاندووە. ٩٤ لاپەڕەی قەبارە ناوەنجییە.

پلوتارک نووسەرێکی یۆنانیی پایەبەرز بووە لە ساڵانی ٤٦-١٢٠پ.ز ژیاوە و لە دەرباری دەوڵەتی ڕۆمادا پلەوپایەی گەورەی هەبووە. گرنگیی ئەم بەرهەمە و وەرگێڕانی ئەو دوورە پەیوەندییەی نێوان مێژووی کورد و ئەسکەندەر و شەڕ و شۆڕەکانێتی لە قەڵای هەولێر و ئەکباتانی پایتەختی میدیا و وڵاتی بابلدا.

٦- چیخۆف: خانم و سەگەکەی (چەند کورتەچیرۆکێک و چەند شانۆگەرییەک) لە ڕووسییەوە وەریگێڕاوە. ساڵی ١٩٧٩ لە چاپخانەی ڕاپەڕین لە سلێمانی بە چاپی گەیاندووە، ١٥٠ لاپەڕەی قەبارە ناوەنجییە.

چیخۆڤ و بەرهەمی ئەدەبیی شاکار و بەهاداری باوەڕ ناکەم لە لای تەواوی خوێنەرانی دنیا بە کوردیشەوە ئاشنا نەبێت. وەرگێڕانەکە ئەم چیرۆکە شانۆیی‌یانەی لە خۆ گرتووە: خانم و سەگەکەی، مردنی مووچەخۆرێک، منداڵێکی چەقاوەسوو، لاواز و قەڵەو، ناوێکی ئێستری، کچە ئینگلیز، بیرەوەری، ورچ.

٧- ئەلیکساندەر گەربۆڤسکی: نهێنیی کۆنترین مێژوو: لە ڕووسییەوە وەریگێڕاوە. ساڵی ١٩٨٠ لە چاپخانەی ڕاپەڕین لە سلێمانی بە چاپی گەیاندووە، ١٩٢ لاپەڕەی قەبارە ناوەنجییە.

ئەم کتێبە لە مێژووی زۆر کۆنی مرۆڤایەتی دەدوێ و، لە ڕێگای زانستی ئارکیۆلۆجی و ئەتنۆگرافییەوە شوێنەواری هەندێ شارستانێتیی دێرین هەڵدەداتەوە و مامۆستا جەلالی وەرگێڕ لە (چەند وتەیەکی پێشەکی)دا دەڵێ: "ئەم پەڕاوەی ئە. گەربۆڤسکی بە شێوەیەکی زانیاریی سادە باسەی ئەو شارستانیەتە بەرزە کۆنە ئەکات کە پێش نزیکەی چواردە هەزار ساڵ بە هۆی کارەساتێکی جیهانییەوە لەناوچووە. ئەو کارەساتەی ڕووی زەوی و باری هەموو مرۆڤایەتیی گۆڕیوە و جیهانی بۆ ماوەی چەند سەدەیەک گێڕاوەتەوە بۆ ژیانی تاریکی و نەزانی..." هەروەها "...لە دەسنووس و شوێنەواری گەلانی هەموو سەرزەوی ئەکۆڵێتەوە و لە چوارچێوەی ئەفسانە و چیرۆکی کۆنی تیرە (دڕندەکان)دا تروسکایی ئەقۆزێتەوە بۆ ئاشکراکردنی ڕووداو و سەلماندنی

شارستانیەتێکی پێشکەوتوو..."

٨- شەوانی گوێ ئاگردان (هەبوو نەبوو) بەرگی یەکەم: کۆکردنەوە و ئامادەکردن. ساڵی ١٩٨٤ لە چاپخانەی زانکۆی صلاح‌الدین لە چاپ دراوە، ٢٣٠ لاپەڕەی قەبارە گەورەیە. کۆمەڵە ئەفسانە و چیرۆکێکی فۆلکلۆریی کوردەوارییە، نووسەر وەک هەستێکی کوردانەی بەم لایەنە فەرامۆش کراوە هەر لە منداڵی و لاوێتییەوە خولیای کۆکردنەوەی ئەم حەکایەت و ئەفسانە و چیرۆکە میللییانەی کەتووەتە سەر و شەیدای کەش و هەوای ڕۆمانسییانەی بووە و لە زاری گەلێ پیرەژن و پیرەپیاوی بەسەلیقە و دنیادیدەی وەرگرتوون و تۆماری کردوون. تێکرا چیرۆکەکانی ئەم بەرگە (یەکێکیان نەبێ) لە باجی ئامینەیەکی وەرگرتووە لە سلێمانی و بۆ خۆشەویستی پێیان وتووە (ئامە قولە) کە ئەمانەی خوارەوەن: ڕاوی گردی ڕەش، زەنگی شەقلەباز، تیخ شوناس، کوڕە کەچەڵە، چل برا، عەزە ترسنۆک، هەپووش، پاشا کوێرە و مەلی هەزار، مام مزرۆک و تربیجۆک، مەلای قنگ نەشۆر، تەلی هەزار (ئەمەیان چیرۆکێکی ئەفسانەیی کوردەکانی سۆڤێتی ئەوسایە و مارگرێت ڕۆدینکۆ کردوویەتی بە ڕووسی و ئەمیش دووبارە کردویەتیەوە بە کوردی.)

٩- پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوری (ناوەڕۆکی فیکری و ئەدەبی): ئەم کتێبە نامەی دکتۆراکەی خاتوو ڕەسووڵە کە ساڵی ١٩٧٧ پێشکەشی بەشی ئەدەبیاتی زانستگای ڕۆژهەڵاتی کردووە. هەردووکیان لە ڕووسیەوە کردوویانە بە کوردی. ساڵی ١٩٨٤ لە (شرکة مطبعة الادیب البغدادیة) لە بەغدا چاپ کراوە، ١٥٤ لاپەڕەی قەبارە گەورەیە.

کورتەیەکی ناوەڕۆکەکەی بەم شێوەیەیە: ١- مێژووی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی. ٢- بەشەکانی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی (مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕامیاری و کارگوزاری) ٣- ڕەوانبێژیی زمانی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، (واتای ڕەمزی یان ترۆپ و جۆرەکانی.)

١٠- ف. دۆستۆیێڤسکی: شەوە سپییەکان (چیرۆک)؛ ساڵی ١٩٨٨ لە چاپخانەی خوێندنی باڵا لە هەولێر چاپ کراوە. ٩٠ لاپەڕی قەبارە گەورەیە. یەکێکە لە چیرۆکە شاکارەکانی نووسەری ڕووسی بەناوبانگ دۆستۆیێڤسکی. دوکتۆر کەمال مەظهەر ئەحمەد لە هەڵسەنگاندنی وەرگێڕانی ئەم چیرۆکەدا وەک خەبیرێک کە پرس و ڕای پێ کراوە بە عەرەبی نووسیویەتی: "إن مجرد التصدی لترجمة إحدی الروائع العالمیة الی اللغة الکردیة لأمر جدیر بالإحترام والتقدیر. ولکن الأمر لم یقتصر علی الإختیار الموفق للموضوع، بل تعداه بعیدا لیستکمل جوانبه الأخری الضروریة. فقد جاء ت الترجمة واضحة وأمینة وسلسة، إذ راعی صاحبها کل مقاییس فن الترجمة ومستلزماته فلم یتمسک بحرفیتها إلا فی حالات نادرة جدا لم تؤثر علی جمالیة القصة فی صیغتها الکردیة التی إستمتعت بها الی درجە تکاد تتطابق مع إستمتاعی الأول حینما قرأتها قبل سنوات فی نصها الأصلی. ومن حسنات المترجم أنه استهل ترجمته بمقدمة مرکزة رائعة عن الروائی العالمی دستوییفسکی ومن افضال المترجم أنه أغنی ترجمته بسلسلة من الهوامش التوضیحیة الجیدة والضروریة..."

١١- مەکسیم گۆرکی: زانکۆکانی ژیانم. (ڕۆمان) لە ڕووسییەوە وەریگێڕاوە، ساڵی ١٩٨٩ لە چاپخانەی (التعلیم العالی) لە هەولێر چاپی کردووە، ١٩٢ لاپەڕەی قەبارە گەورەیە. وا بزانم مەکسیم گۆرکی و بەرهەمی بەرز و شاکاری پێویست بە ناساندن ناکات.

١٢- چیخۆڤ: سێ خوشک (درامایەکە لە چوار رووداودا): لە رووسییەوە وەریگێڕاوە، ساڵی ١٩٩١ لە چاپخانەی تاقگە لە سلێمانی چاپی کردووە، ١٣٠ لاپەڕەی قەبارە گەورەیە. مامۆستای کۆچکردوو لە پێشەکییەکەیدا بۆ ئەم وەرگێڕانەی نووسیویەتی: "ئەنتۆن پاڤلۆڤیچ چیخۆڤ ١٨٦٠-١٩٠٤ یەکێکە لەو نووسەرە مەزنانەی لە خەفەت بزەو لە پێکەنین پەژارە دروست ئەکا... هەر چەندە زیاد لە هەشتا ساڵ بەسەر مردنی چیخۆڤدا تێپەڕیوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەک بەرهەمەکانی نرخیان کەمی نەکردووە، بەڵکە رۆژ لە دوای رۆژ پتر بڵاو ئەبنەوە و بایەخیان زیاتر ئەبێ."

لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێ: "ئەم شانۆگەرییەی چیخۆڤ یەکێکە لە هەرە سەرکەوتووترین بەرهەمەکانی و ساڵەهای ساڵە لەسەر شانۆ بەناوبانگەکانی مۆسکۆ و لێنینگراد و کییڤ و شارەکانی تری یەکێتیی سۆڤییەت پێشان ئەدرێ و شوێنێکی دیار و تایبەتی هەیە لە جیهانی شانۆدا.)

سەرجەم لاپەڕەکانی ئەم چاپکراوانە (١٨٥٠) لاپەڕەن بێجگە لەو نووسینانەی لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە.

بێ: بەرهەمە دەسنووسەکانی مامۆستا جەلال تەقی

ئەم بەرهەمانەش پانزەن و خوالیخۆشبوو لەگەڵ نیعمەت خانی خێزانی پاکنووسیان کردووە و ئامادە کراون بۆ چاپ. هەندێکیشیان مۆڵەتی دائیرەی سانسۆری عێراقیان وەرگرتووە، بەڵام تا ئێستا چاپ نەکراون.

نیعمەت خان ئەم دەسنووسانەی زۆر بە جوانی هەڵگرتووە و وەک رێزلێنان و وەفایەک بۆ یادی کاک جەلالی هاوسەری زۆر کۆشش و پەلەقاژە دەکا بۆ چاپ کردنیان و بە تەمایە ئەگەر لایەک یارمەتی نەدا، ماڵ و خانووەکەی بۆ بفرۆشێت. خاتوو نیعمەت بۆ ئەم نووسینە، دەسنووسەکانی خستە بەر دەستم و وای پێ چاک بوو باسی ناوەڕۆکیان نەکەم، منیش لەبەر دڵی ئەو تەنیا ناوی بەرهەمەکە و ساڵی تەواکردنی وەرگێڕانی و ژمارەی لاپەڕەکانی کە کاغەزی خورشیدیی گەورەن دەخەمە روو:

١- لێرمەنتۆڤ: دوو برا (شانۆگەری) لە رووسییەوە وەریگێڕاوە، ٨٠ لاپەڕەی فولسکاپ، لە ساڵی ١٩٩٠ تەواوی کردووە.

٢- م. ئە. گیساروڤ و ئە. ئە. رەگووشین: کوردی تورکیا، (مێژوو و کۆمەلایەتی)، لە رووسییەوە وەریگێڕاوە، ١٤١ لاپەڕەی فولسکاب، ١٩٩١/٢/٢ لە سلێمانی تەواوی کردووە.

٣- سەرەتایەک لە فەلسەفەی یۆنانی کۆن. نووسینی: ئە. س. ئەخماتۆڤ، ن. ی. کرابەرباسیک و ف. ئە. پیترۆڤسکی. لە رووسییەوە وەریگێڕاوە، ١٨٢ لاپەڕەی فولسکاب. تشرینی دووەم ١٩٩٠ لە سلێمانی تەواو بووە.

٤- گۆگۆڵ: یادداشتەکانی شێتێک، ٨٠ لاپەڕەی فولسکاب.

٥- پوشکین: گەشتێک بە ئەرزەڕۆمدا، ١٥٠ لاپەڕەی فولسکاب.

٦- کیژۆڵە بەفرینە (کۆمەڵەچیرۆکێکە بۆ منداڵان): نووسینی لیف تۆلستۆی، ئەلیکسی تۆلستۆی، ڤلادیمیر دال، یێرینا پیڤەڤارۆڤا، ن. نۆبیۆڤ، یوری دیمتریڤ، سۆکۆلۆڤا میکیتوڤا، و. کاپیتا. ١٤٢ لاپەڕەی فولسکاب، لە رووسییەوە وەریگێڕاوە، ساڵی ١٩٨٥ لە سلێمانی تەواو بووە.

٧- شەوانی گوێ ئاگردان، کۆمەڵەچیرۆکێکی فۆلکلۆریی کوردییە، بەرگی دووەم، ٢٠٢ لاپەڕەی

فۆلسكاب، ساڵی ١٩٧٨ له سلێمانی تەواو بووە.

٨- بیرەوەرییەكانی ئەحمەد تەقی، دەربارەی شۆڕشەكانی شێخ مەحموود و سمكۆ. (بەرگی دووەم) جەلال تەقی پێشەكی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، ١٢٤ لاپەڕەی فولسكاب.

٩- چوار بلیمەت (زینوفۆن، ژان دارك، گۆگۆڵ، دۆستۆیێڤسكی) لە ڕووسییەوە وەریگێڕاوە، ١٥٢ لاپەڕەی فولسكاب.

١٠- خاڵە ساڤا و چەند كورتە چیرۆكێكی تر: نووسینی: چیخۆڤ و كۆمەڵێك چیرۆكنووسی تر. لە ڕووسییەوە وەریگێڕاوە، ٢١٥ لاپەڕەی فولسكاب، ساڵی ١٩٨٣ لە سلێمانی تەواو بووە.

١١- بۆچی هاتی، ڕۆمان، نووسینی جەلال تەقی: (بەسەرهاتی ژیانی خۆی لە بەرگێكی ئەدەبیدا) ٢٠٩ لاپەڕەی فولسكاب، ١٩٨٥/١١/١٤ لە سلێمانی تەواو بووە.

١٢- تۆماری ڕۆژانە، ١٩٩١، جەلال تەقی: سەربڕشتی ڕووداوەكانی ساڵی ١٩٩١،١ /١/١٩٩١تا ١٩٩١/١٢/٣١. یادداشتی خۆی لە بارەی ڕووداوەكانی ئەو ساڵەی كوردستانەوە، ٤٤٩ لاپەڕەی فولسكاب.

١٣- كۆمەڵێك شیعر و پەخشانی خۆی، لە ماوەی جیاجیای ژیانیدا، ١٨٠ لاپەڕەی فولسكاب.

١٤- گەردوونی تەلیسماوی (زانیاری)، ١٠٠ لاپەڕەی فولسكاب.

١٥- فەرهەنگی كوردی-كوردی (بەرگی یەكەم) پیتی (ئە)، ١٣هەزار وشە. بە هاوكاری لەگەڵ مامۆستایان عوسمان هەورامی، عبداللە حەسەن قادر، فاروق محەمەد ڕەمزی، ٥٠٠ لاپەڕەی فولسكاب. تێكڕای لاپەڕەی بەرهەمە دەسنووسەكان خۆی لە (٢٩٠٠) لاپەڕە دەدا.

* تێبینی: بۆ ئەم نووسینە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

١- بەرهەمە چاپكراو و دەسنووسەكانی مامۆستای كۆچكردوو جەلال تەقی.

٢- گۆڤاری (كەلەپووری كورد)، ژمارە -٣- ساڵی ١٩٩٣.


٣- زانیاری و ئاگادارییەكانی خاتوو نیعمەتی حاجی ئەحمەدی مەڵكەندی، خێزانی خوالێخۆشبوو.

٤- یادگاری دۆستایەتیی خۆم لەگەڵ خوالێخۆشبوو مامۆستا جەلال تەقیدا.


سلێمانی

١٩٩٤/٧/٢٥


# هونەرمەند مەریوان جەلال



* ساڵی ١٩٦٦ لە سلێمانی لە دایک بووە.
* ساڵی ١٩٨٦ تا ١٩٨٩ بەشداریی فێستیڤاڵی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی کردووە.
* ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی لەم پێشانگایانەدا کردووە: پۆستەری هەڵەبجە، پۆستەری منداڵان (هەروەها لە ئەمریکا و سوێدیش)، یەکەمین فێستیڤاڵی هونەری شێوەکاریی لاوان، پێشانگەی فریاکەوتن و ئاوەدان کردنەوەی کوردستان.
* ساڵی ١٩٩٣ بەشداریی ئەم پێشانگایانەی کردووە: پێشانگەی هاوبەشی تایبەت بە برسێتی و سەرما، پێشانگای تایبەت بە لوغم، لە سلێمانی و هەولێر، یەکەمین فێستیڤاڵی شێوەکاریی سلێمانی (بڕوانامەی کارە سەرکەوتووەکانی وەرگرتووە).
* ساڵی ١٩٩٤ بەشداریی کردووە لە زۆربەی پێشانگا هونەرییەکاندا.







# هەرزەکار و هەرزەکاری
# لە کۆمەڵگەی کورددا

مەهاباد قەرەداغی

بەپێی بۆچوونی دەروونناسی، هەرزەکاری قۆناغێکە پڕ لە گۆڕانکاریی فیزیۆلۆجیی گرنگ، تاک بەرەو گەیینی بیۆلۆجی و تەنی نزیک دەکاتەوە.

هەرزەکاری ئەو تەمەنەیە کە تاک تا ئەو کاتە قۆناغێکی تریشی بڕیوە کە ئەویش قۆناغی منداڵییە، دەکرێ لە قۆناغی منداڵیش لقێکی چکۆلە بکەینەوە کە ئەویش ساوایەتییە. ساوایەتی ماوەیەکی کورتخایەنە و لەو ماوەیەدا هۆشی منداڵ دابەش دەبێتە سەر دوو بەش کە یەکەمیان: "هەست"ە و پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی کە لە دەوروبەریدا ڕوو دەدەن و دەتوانێ پێیان قایل بێ. بەشی دووەمیان: "نەست"ە ئەو بەشەی کە توانای قبووڵکردنی ئەو پاڵەپەستۆ نائاساییەی نییە و لەگەڵ ئارەزوویدا ناگونجێ و ناچارە کاریان پێ بکات و ئارەزووەکانی بچەپێنێ، ئەو ئارەزووە چەپاوانە لە نەستدا دەپارێزرێن و کار دەکەنە سەر کەسایەتیی تاکەکەس لە قۆناغەکانی تری تەمەنیدا.

ئەگەر بمانەوێ باسی قۆناغی هەرزەکاری لە کۆمەڵگەی کورددا بکەین، سەرەتا دەبێ باس لە باوەڕی مرۆڤی کورد بکەین بۆ ئەم قۆناغە. ئەوەی لەم بارەیەوە بەر گوێ کەوتووە لە دایک و باوکانی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ -جگە لە ڕیزپەڕێکی پەنجەئەژمێر- قۆناغی هەرزەکاری بە شێوەیەکی ترسناک دەناسرێ و دایک و باوک و سەرپەشتکاران ئەوپەڕی توانای خۆیان بۆ بەرگریکردن لە ڕوودانی هەر خەتەرێک دەخەنە کار کە -پێیان وایە- دەشێ لە لایەن کوڕ و کچە هەرزەکارەکانیانەوە ڕووبدا.

ئەوان بێ تێگەیشتن لە سیفەتەکانی ئەم قۆناغە خۆیانی بۆ لە سەنگەر دەنێن و گشت توانستیان بۆ چەپاندنی ئارەزووی لاوەکان دەخەنە کار بە تایبەتی لە بواری پەیوەندییاندا لەگەڵ کچانی لاو. لەم قۆناغەدا دیوارەکانی نێوان کچ و کوڕ ئەستوورتر و بەرزتر دەکرێنەوە و بە بۆچوونی ئەوان کوڕ و کچ وەک ئاگر و بەنزین وان و بە پێویستی دەزانن بۆ ئەوەی کڵپە نەستێنن لێک دوور خرێنەوە. ئەم دوورخستنەوە و دیوار دروستکردن و دابڕینەش تەنها لە پێناوی ئەو -ڕەوشت-ەدایە کە تەنها لە ئەندامی زایەندی ژن و پیاودا ئابلۆقە دراوە و تەنها بە بەکارهێنانی ئەو ئەندامە زایەندییانە بێ پەیڕەویی شەرع و یاسا ڕەوشت لە بیری مرۆڤی کورد و نەتەوە ئاینپەروەرەکانی تریشدا دەخاتە خانەی عەدەم و سەرشۆڕی دێنێتە ئاراوە. ئەم پاڵەپەستۆی لە پێناوی ڕەوشتە وای کردووە کۆمەڵگە بە گشتی، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، ببنە هۆی خوڵقاندنی کێشەی جۆربەجۆر و دەروونهەژێن بۆ هەرزەکاری کورد.

هەر لە دوای بەسەرچوونی قۆناغی ساوایەتی، کاتێ دایک و باوک بە واژەی "مەکە و بڤە و عەیبە" ئابلۆقەی بیری منداڵ دەدەن و زۆر جار لەبەر دەست بردنی بۆ ناوگەڵی خۆی، بە توندی سزای دەدەن، هۆشی منداڵ دابەش دەبێ و گشت ئەو ئابلۆقەدانە نائاسایی‌یانە لە نەستیدا دەپارێزێ و ڕۆژ بە ڕۆژ خەزێنەی ئەو ئارەزووە چەپێنراوانە لە نەستی گەورەتر دەبێتەوە، تا ڕادەیەک کە ئەو بەشە لە بەشی "هەست" گەورەتر بێت، چونکە زۆربەی هەڵسوکەوتی دایک و باوکانی کورد لەگەڵ نەوەکانیاندا کە دەتوانم بڵێم ٨٠٪ی ڕەفتاریان نائاسایی‌یە و کۆنەپەرستانەیە و لەگەڵ ئارەزووی سروشتی تاکەکەسی بێگرێ خوڵقاودا ناگونجێ و هەموو دەچەپێ و لە نەستدا کۆ دەبێتەوە، بەم پێیەش دەتوانم بڵێم تەنها ٢٠٪ی هۆشی مرۆڤی کورد هەستە.

بێگومان دایک و باوکیشمان بە هەمان پەروەردەی نازانستی و هەڵە پەروەردەکراون و بەڵکە خراپتریش، بۆیە ئۆباڵ ناخرێتە ئەستۆی ئەوان و ئەوان خۆشیان قوربانیی کۆنەپەرستی و پەروەردەی نازانستی و پەیڕەویی ئایینەکان و باری نالەباری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگین و کۆمەڵگەی کورد لەبەر ئەم هۆیانەی کە لە خوارەوە هێمایان بۆ دەکەم درێژەیان بە ئابلۆقەدانی دەروون و بیری لاوان داوە و لە بواری پەروەردەییدا هیچ تازەبوونەوەیەک بە خۆیەوە نابینێ:

١- کورد نەتەوەیەکی ئایینداره و مەلا و کۆلکەمەلا و پیاوانی

ئایینی پەیڕەوی ڕەوشتی خێزانیان بۆ دادەنێن. وەک :

ئا- ژن و ژنخوازی.

ب- تەلاقدان و جیابوونەوە.

پ- دابەشکردنی میرات.

ج- (لە هەندێ خێڵدا) ناونانی منداڵ....هتد.

٢- نەتەوەی کورد قەوارەیەکی سەربەخۆی سیاسیی نەبووە و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بە درێژایی مێژوو یەخەی گرتووە و بوونی کورد لە بوونی نەتەوە چەوسێنەرەکانیدا تواوەتەوە و زۆر ڕەفتاری دژواری لەوانەوە وەرگرتووە.

٣- نەخوێندەواری زاڵ بووە کە ئەمەش هۆی نەزانی و گەشەنەسەندن و دواکەوتنی بووە.

٤- هەژاری هۆیەکی تری گەشەنەسەندنی بووە. ئەم هەژارییەش بە هۆی کۆلۆنیبوونی و دزینی سامان و ئابووریی وڵاتەکەیەوە بووە لە لایەن وڵاتە کۆلۆنیالیستەکانەوە.

٥- تایفەگەریتی و مانەوەی لە قۆناغی دەرەبەگایەتی. هەرچەندە بە ڕواڵەت ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە، بەڵام پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەوە دەردەخەن هێشتا ئەو قۆناغەی بەجێ نەهێشتووە.

٦- پاشاگەردانیی فەرهەنگی، کە ئەمەش بە هۆی لاوازیی هەستی نەتەوایەتییەوەیە لای مرۆڤی کورد، ئەمەش وای کردووە زۆر بە تەنگ پاراستنی فەرهەنگ و گەشەپێدانیەوە نەبن.

لاوی کورد، بە کوڕ و کچەوە، دەخرێنە ژێر چاودێریی کەسوکارەوە. بێگومان کچان لە ژێر چاوەدێرییەکی توندان، چونکە کچ بە بۆچوونی کۆمەڵگە هەڵگری نامووسی خێزان و بەڵکە-عەشیرەتیشە- و لە ترسی لەدەستچوونی پەردەی کچێنی، کچ ئابڵووقەیەکی زیاتری دەدرێ.

لەبەر ئەوەی کوڕ و کچ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا -هەروەک چۆن لە کۆمەڵگەکانی تری دنیادا- وەک دوو بوونەوەری زۆر جیاواز ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێ و کوڕ چەندان پلە لە سەرووی کچەوە دانراوە، کێشەکانیشیان لە شێوەی جیاوازدا خۆ دەنوێنن، بەڵام هەندێ کێشەی هاوبەشیشیان هەیە کە پەیوەستە بە ئارەزووی زایەندی و ڕەمەکی زایەندی لای هەردووکیان و ئەو حەزەی کە پێکەوەیان گرێ دەدا و ئەو شیری نەریتەی لێکیان دادەبڕێ کە من لێرەدا بە جیاجیا باسیان دەکەم.

ئابڵۆقەکانی کچی کورد:

تێگەیشتنی کۆمەڵگەی کورد بۆ ڕەوشت لە ئەندامی زایەندی کوڕ و کچدا کۆ دەبێتەوە و وەک وتمان لە ئەندامی زایەندی ئافرەتدا زیاتر شەقڵی گرتووە و پەردەی کچێنی لە سیابەختی کچدا ئەو گرنگییە بێمانایەی پێ دراوە کە زۆرجار شەڕی گەورەی لەسەر هەڵدەگیرسێ و یاخود دەبێتە هۆی کوژاندنەوەی خۆری چارەنووسی کچی بێپەردە ئەگەر هات و لەبەر هۆیەکی سروشتی و بیۆلۆجیش ئەو پەردەیە لە ئارادا نەبێ، ڕووسووریی کچی پەردەدار بۆ خودی کچەکە نییە، بەڵکە بۆ خێزان و کەسوکار و خزم و عەشیرەتیشە. لەبەر ئەم هۆیە خێزان و کەسوکار و عەشیرەتیش بەرپرسیارن لە هەڵسوکەوتی کچ و هەموویان ئابڵووقەی دەدەن لە پێناوی پاراستنی پەردەکەیدا.

ئابڵۆقەکە لە تەمەنی کچدا ئەو کاتە دەست پێ دەکات کە بە هەواڵی لەدایکبوونی لۆچییەکی تووڕەییئامێز نێوچەوانی دایک و باوک دەگرێتەوە و دایک هەست بە کزی و سەرنەکەوتن دەکات و باوکیش شەپۆلێکی نارەزایی لە شێوەی هەستی شەرمەزاری و سەرنزمی دەیگرێتەوە، بەڵام ناچار دەبن بە خێوی کەن هەر لەو ڕۆژەوە خۆیان بۆ ئابڵۆقەدانی ئامادە دەکەن، کاتێ ساوایەکی کچ گرگاڵ دەکات و هەست بە دایک و باوکی دەکات بۆیان پێدەکەنێ و دەتریقێتەوە -بۆ ئەوەی ڕووی بدەنێ و خۆشیان بوێ. دایکانی کورد بە تاقیکردنەوە بۆیان دەرکەوتووە کە کچ لە کوڕ زووتر پێدەکەنێ، بەو سیفەتەش ئەو ساوا چلەدارە بەوە تاوانبار دەکەن کە -سووکە-، سووک بە مانای کێش نا، بەڵکە بە مانای -بێڕەوشتی-. ئەمەش یەکەم نیشانەی ئابڵۆقەدانی ئەو ساوا چلەدارەیە. تەمەنی ساوایەتیی کچ کەمترە لە هی کوڕ چونکە هەر زوو پاڵەپەستۆکان و ڕەفتارە نائاساییە دژوارەکان هۆشی دابەش دەکەن، گشت ڕەفتارێکی خێزان و کۆمەڵ بەرامبەر بە کچ نائاسایین. لەبەر ئەوە من پێم وایە بەشی -نەست- لە هۆشی کچدا ڕووبەرێکی زۆر فراوانتری هەیە لە بەشی هەست... چونکە کچ گشت ئارەزووەکانی دەچەپێنرێ و لە نەستیدا تۆمار دەبن.

قۆناغی منداڵێتیی کچ پڕە لە تێخوڕی و یاساغکردن و بکە و مەکە، نائازادی لە بواری یاریکردندا، سەپاندنی شەرم و ئەدەب بەسەریدا، نائازادی لە جل لەبەرکردندا، لە وتار و گفتاردا، لە چوونە دەرەوەیدا، بەکورتی نائازادی لە هەموو شتێکی منداڵی کچدا کۆمەڵ گرێ و گۆل لە دەروونیدا بەجێ دێڵێ و مرۆڤێکی سەیری لێ دروست دەکات کە بەئاسانی نەتوانرێت ڕاڤەی بکرێ.

کچێکی منداڵ بێبەش دەکرێ لە ئازادیی بزووتنەوە و بازدان و یاریکردن لە ترسی ئەو پەردەیەی کە لەناو زێیدایە و شەرەفی خێزانی پێوە بەندە، ئەو ترسە بە جۆرێ لە دەروونی منداڵی کچدا جێگیر دەکرێ و پەروەردە دەکرێ کە نیگەرانییەکی بەردەوامی بۆ دروست دەکات کە تا کاتی شووکردن و "شەوی پەردە" ئەو ترسە هاودەمێتی، ترسێکی نائاسایی لەوەی ئاخۆ پەردەی هەیە یان نا،

کچی کورد بەگشتی ئەو ترس و نیگەرانییە دەروونییەی هەیە و تاکە ساتێ هەست بە دڵنیایی ناکات.

ئەو جیاواز ڕەفتارکردنەی خێزانی کورد لە نێوان کوڕ و کچدا و بایەخ پێ نەدانی کچ و بە سووک تەماشاکردنی دەبێتە هۆی چاندنی تۆوی ڕقێک لە نێوان کچ و جەستەیدا. کچ کە دەرک بەوە دەکات ئەو جیاوازییەی کە لە جەستەیدایە "بەتایبەتی" لە ئەندامی زایەندی دەبێتە هۆی ئەو جیاوازییە ناسروشتییەی نێوان خۆی و کوڕ و ڕقی لە مێیەتیی خۆی هەڵدەستێ. کچی کورد بەگشتی بە منداڵی و بە هەرزەکاری و جاری وا هەیە بە پیریش خۆزگەی ئەوەیان خواستووە و دەخوازن کوڕ بوونایە. بەتایبەتی لە قۆناغی هەرزەکاریدا کاتێ کچ هەست بە گۆڕانەکانی لەشی خۆی دەکات و سیمای ئەو جیاوازییە ناسروشتییە زیاتر دەردەکەوێت و هەست دەکات خێزان چاوەدێریی زیاتری دەکات و ڕێگەی چوونەدەرەوە و یاریکردنی لێ دەگیرێ و دیوارێ لە نێوان ئەو و کوڕدا دروست دەکرێ کە ئەو لەو قۆناغەدا ئارەزووی دەکا و پێی خۆشە زیاتر لە بەردەمی ئەودا خۆی بنوێنێ. ئەو کاتە ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ گۆڕانەکاندا ترسی زیاتر و زیاتر دەبێت، ئەو ترسە بەردەوام لە دەروونیدایە و ئەو ئارەزووەشی بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کوڕدا دەچەپێ و وەک سەدان ئارەزووی تری چەپاوی شوێنێک بۆ خۆی لە "هۆشی ناوەکی" دەکاتەوە کە لە شێوەی جۆراوجۆردا لە قۆناغەکانی تەمەنیدا خۆ دەنوێنێ.

لە کۆمەڵگەی کورددا کچ گشت مافەکانی لێ زەوت دەکرێت، ئەم کێشانەی باسیان دەکەم لە ئەنجامی ئەو بێمافییە سەرهەڵدەدەن کە پاڵەپەستۆیەکی دەروونیی خستۆتە سەر کچی کورد.

١- مافی دیاریکردنی چارەنووسی کچ هەتا ئەمڕۆش لە دەست خێزاندایە، لە خێزانیشدا تەنها باوک و برا، واتە "نێرینەکان" بڕیار دەدەن، ئەمەش مانای ئەوەیە کچی کورد شوو ناکات، بەڵکە دەدرێ بە شوو، واتە پیاوەکانی خێزان پیاوێکی تری بە ناوی "مێرد"ی بەسەردا دەسەپێنن، کە ئەم سەپاندنەش لە حەز و ئارەزووی خۆی بەدوورە و دەچەپێنرێ.

٢- کچی کورد ڕێگەی نادرێ هیچ دەرامەتێکی ماددیی هەبێ و لە ڕووی ئابوورییەوە وابەستەیە بە خێزان، خێزانیش بۆ لە کۆڵ خۆ کردنەوەی لە تەمەنێکی پێنەگەیشتوودا یان لە یەکەم هەلدا دەیدا بە پیاوێکی تر و ئەمجا وابەستە دەبێ بەو پیاوەی تر کە بە "بەڵێننامەیەک" کراوە بە مێردی. ئەم وابەستەییە بۆ کچ و ژنی کورد بێ ئەرکی دەکاتەوە و کۆمەڵێک سیفەتی ناسروشتی لە ئەنجامی ئەوەوە لە سروشتی ئافرەتەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، بۆ نموونە: دزیکردن لە مێرد، درۆکردن لەگەڵ مێرد "لەترساندا"، نیگەرانی، ترسنۆکی...هتد.

٣- کچی کورد بواری نادرێ لە ئەرکە نیشتمانییەکاندا بەشداری بکا و گشت دەرگاکانی لەو مەیدانەدا بە ڕوودا دادەخرێت. بە هۆی باری نائاسایی کوردستانیش ئەم حاڵەتە لەگەڵ سروشتی خودی مرۆڤی کورددا ناگونجێ و لە دژایەتیدایە. زۆرجار ئافرەتانی کورد بە هۆی کوڕ و برا و مێردەوە دەکرێنە زیندان و بەندیخانە، بێ ئەوەی هیچ لە بارەی سیاسەتی ناوخۆیی و دەولی بزانن، یان بە هۆی پەیوەندی برا و باوک و مێردەوە لەگەڵ پارت و ڕێکخراوەکاندا ئەمانیش ئاوارەی وڵاتان دەبن، یان بەناچاری شوێنیان دەکەون بۆ ناو شاخ و لە دێکاندا نیشتەجێ دەبن، بەڵام لە تێگەیشتن و زانین و بواری سیاسەت دوور دەخرێنەوە و هیچ بوارێک نادرێن ئەوانیش ڕۆڵی خۆیان لەناو ئەو سیاسەتەدا ببینن. ژنی کورد هەمیشە نیگەرانی چارەنووسی خێزانە، لە ژێر ڕەحمەتی سیاسەتی فاشییانەی دوژمنەکانی و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی کوڕ و برا و باوک، بەڵام خۆیان ڕۆڵێکی بێئەرکیان پێ بەخشراوە کە بریتییە لە ڕۆڵی کڕووزانەوە و گریان و خەمخواردن و نیگەرانی و دوورەپەرێزی و...هتد.

٤- کچی ئابلۆقەدراوی کورد دەکرێتە دوو دەستەوە، دەستەیەکیان بە هۆی کۆنەپەرستیی باوک و براوە بێبەش دەکرێن لە خوێندن و بە نەخوێندەوار و چاونەکراوەیی دەمێننەوە. دەستەکەی تریان ڕێگەیان دەدرێ لە ژێر چاوەدێریی خێزاندا درێژە بە فێربوون و خوێندن بدەن. ئەو دەستەیەی کە بێبەش کراون لە خوێندن لە زۆر بواری تریی ژیانیش بێبەشن و چەوساوەترن و ڕێژەی ئابلۆقەدانیان زۆرترە. ئەم جۆرە کچانە دەکرێنە کارەکەری ماڵ و بەنانەزگ خزمەتی نێرینەکانی ماڵەوە دەکەن. لەگەڵ هەر سەرپێچییەکیشدا لە لایەن برا و باوکەوە لێ دەدرێن و سزا دەدرێن. لە یەکەم فرسەتیشدا دەدرێن بە شوو. کچی نەخوێندەوار هەر لە منداڵییەوە فێری ئەوە دەکرێ چارەنووسی شووکردن و خزمەتی ماڵ و مێردە و ئەویش ئاسۆی بیری ئاراستەی ئەو هێڵی ڕێگایە دەکات کە بۆیان کێشاوە، لە کچی نەخوێندەوار کەمتر سەرپێچی و یاخیبوون بەدی دەکرێ، چونکە چاونەکراوەن و لە چوار دیواری ماڵ بەولاوە شوێنی دیکەیان نەبینیوە و ئەزموونی ژیانیان تەنها لە بواری ئاشپەزخانەدایە و عەقڵیان بە داوای مافی خۆ کردن ناشکێ، بەڵکە زۆر بە سروشتیی دەزانن کە ئەوان ئەو ئەرکەیان پێ سپێردراوە و بەگوێڕایەڵییەوە جێبەجێی دەکەن. دەستەی دووەمی کچی کورد کە دەخرێنە قوتابخانە و بەردەوامی بە فێربوون دەدەن، هەرچەندە ئەوانیش بە داب و نەریتی خێزان و کۆمەڵ ئابلۆقە دەدرێن بەڵام بوارێکی فراوانتریان هەیە و بە هۆی چوونە دەرەوە و هاتوچۆی قوتابخانە و شارەکانی تر ئەزموونێکی باشتریان دەبێ و زیاتر بەرگری لە مافی خۆیان دەکەن. هەرچەندە

پەروەردەی نازانستی خێزانی کورد هەمان چارەنووسی شووکردنی خستۆتە مێشکی ئەوانیشەوە، بەڵام بواری هەڵبژاردنی هاوسەر بۆ کچی خوێندەوار و قوتابیش تەسکە و هەرچەندە بواری گفتوگۆی لەگەڵ کوڕدا زۆرترە، بەڵام گوێڕایەڵی داب و نەریتە بەسەرداسەپێنراوەکانی خێزان و کۆمەڵە بۆیە سوود لەو بوارە وەرناگرێ و کچی خوێندەواری کورد لە باشترین و چاوکراوەترین شێوەیدا تەنانەت ئەوەشی کە هاوسەری بۆ خۆی هەڵبژاردووە باوک و برا و کەسوکار بۆیان هەیە نەیدەن بەو خۆشەویستەی و قایل نەبن بەو هەڵبژاردنەی. ژمارەیەکی کەمی کچان نەبێ زۆربەیان سەر بۆ یاسای خێزان و کۆمەڵ دادەنەوێنن و دەست لە هاوسەرە هەڵبژاردەکەیان هەڵدەگرن و چارەنووسێکی بەسەردا سەپێنراو قبووڵ دەکەن.

٥- بە هۆی تێگەیشتنی هەڵەی کۆمەڵگەی کوردەوە لە وشەی "ژنهێنان و شووکردن و پێکەوەنانی خێزان" ئەرکی سەرەکیی ئافرەت دەکرێتە منداڵبوون و ئەرکی ماڵ، لای پیاوی کورد منداڵ زۆری نیشانەی ئازایەتی و پیاوەتییە و زۆرجار شانازی بەوەوە دەکات کە ئەوەندە منداڵی بەرهەم هێناوە. ئەم دیاردەیە "منداڵزۆری" هەمیشە بووەتە هۆی چەوساندنەوەی زیاتری ئافرەتی کورد و زیادبوونی ئەرکەکانی و کەمبوونەوەی مافەکانی.

٦- ئافرەتی کورد لە بواری زایەندییشدا بەتەواوی دەچەوسێنرێتەوە. کچێکی هەرزەکار گشت ئارەزووەکانی دەچەپێندرێ و باری دەروونیی ئاڵۆز دەکرێ بەوەی ئەو وزە زایەندییەی کە لە جەستەیدایە کۆ دەبێتەوە و ڕەها نابێ. کچی کورد بە هیچ شێوەیەکی نە ئاشکرا و نە نیوەئاشکراش بۆی نییە وزە زایەندییەکەی لە ڕێگا سروشتییەکەوە خەرج بکات، بەڵکە ئەو وزەیە لە لاڕێدا خەرج دەکات، ئەمەش کێشەی زایەندیی بۆ دەخوڵقێنێ و لە کاتی ژیانی هاوسەرایەتیدا و لە کاتی جووتبوون لەگەڵ مێردەکەیدا. زۆربەی ئافرەتی کورد هەست بەو ساردییە زایەندییە دەکەن کە بە هۆی چەپاندن و وروژاندنی خود و خەون و خەیاڵی زایەندییەوە تووشیان بووە. پیاوی کورد بێئاگایە لە هۆ و هۆکاری ساردیی ژنەکەی و هەمیشە ناڕازیبوونی خۆی دەردەبڕێ. زۆرجار لە کۆمەڵگەی کورددا دیاردەی بەستنی بووک و زاوا ڕەچاو دەکرێت. ئەم بەستنە ئەگەر لایەنی بێتوانایییە زایەندییە کە لە بووکەوە بێ یان لە زاوا، هۆی ئەو ترس و گومانەیە کە هەر لە منداڵییەوە خراوەتە نەستی مرۆڤی کوردەوە. کچ لە ترسی نەبوونی پەردەی کچێنی، ئەم ترسەش بە هۆی ئەوەوە سەر هەڵدەدات کە لە قۆناغی هەرزەکاریدا لەبەر نەبوونی بواری ڕەهاکردنی وزەی زایەندیی لە ڕێگا سروشتییەکەوە پەنا بۆ خۆوروژاندن و خەون و خەیاڵی سێکسی بردووە و بە هۆی چێژوەرگرتن لە ڕەهاکردنی ئەو وزەیە ئەو حاڵەتەی دووبارە و سێبارە کردۆتەوە تا ڕادەی زیادەڕۆیی. ئەو زیادەڕۆییە تووشی نیگەرانی و ترسی کردووە لە نەمانی یان دڕانی پەردەی کچێنی. ئەو ترسەش وای لێ دەکات لە شەوی پەردەدا نەتوانێ بەئاسانی خۆی بە دەستەوە بدا و خۆی بۆ ئەو پرۆسەیە ئامادە بکات. بۆ کوڕیش هەمان شێوەیە، لەبەر ئەوەی وشەی پیاوەتی و نێرایەتی لە نەستی پیاوی کورددا شێوازێکی زلهێزانەی دراوەتێ و وا گەورە کراوەتەوە کە نێرێتی بووەتە ترسێکی گەورە و هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە ترسی ڕەپنەبوون لە شەوی زاوایەتیدا دەچێتە دەروونییەوە و ئەو ترس و گومانە تووشی بێتوانایی‌ی زایەندیی‌ی دەکات و تووشی ڕەقبوونی دەماریی دەکات، کاتێ یەکەمجار لەگەڵ ژنەکەیدا دەبێ، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە چەند کەسێ لەبەر دەرگا ڕادەوەستن و چاوەڕێی ئەنجامدانی ئەو کارە دەکەن و پەلەی زاوابوونی لێ دەکەن.

ساردیی زایەندی بۆ ئافرەتی کورد ئەگەرچی بنەمایەکی دەروونیی هەیە و چەپاندنی ئارەزووە زایەندییەکان هۆکارین، بەڵام نەزانی و ناشارەزایی‌ی پیاویش هۆیەکی تری ئەو ساردییەیە. پیاوان بەگشتی لەززەتی زایەندییان هەر بۆ خۆیان دەوێ و گوێ نادەنە ئەوەی ژنەکانیان هەست بەو لەززەتە دەکەن یان نا. ئافرەت لەبار بێ یان لەبار نەبێ لە کاتی وروژانی ئارەزووی پیاودا دەبێ ئامادەی پرۆسەی زایەندی بێت. لەو کاتانەشدا ئافرەت لە باری دەروونییەوە ئەو ئامادەیی‌یەی نییە و بەسەریدا دەسەپێنرێ. لەو پرۆسە زایەندییانەدا ئافرەت دەگاتە حاڵەتی کپبوون و بە وروژاوی و کپنەبوویی دەمێنێتەوە و ئەو ئارەزووەی کە لە ماوەی ئەو پرۆسەیەدا دروست دەبێت دەچەپێ. پیاوی کورد پێی وایە ئافرەتی بەڕەوشت ئەوانەن کە شەهوەتی زایەندییان نییە و دەستپێشخەری لە پرۆسەی زایەندیدا ناکەن، شەهوەت و ئارەزووی زایەندی تەنها بۆ "سۆزانی"یەک بە ڕەوا دەزانن.

بەو جۆرە لە قۆناغی ژن و مێردایەتیشدا ئارەزووی زایەندیی ژن دەچەپێندرێ و کەسایەتیی ژن بە پێنەگەیشتوویی دەمێنێتەوە و توانا و هەوڵی داهێنانی لا سەرهەڵ نادات. "بردییف" لە کتێبی "چارەنووسی مرۆڤ"دا دەڵێت: "جووتبوونی ژن و پیاو مانای ئەوە نییە کە بە هۆی پاراستن و بەردەوامیی جۆرەوە دەکرێ، بەڵکە بە هۆی پێگەیشتنی کەسایەتیی مرۆڤ و ئارەزووەکانێتی لە پێناوی گەیشتن بە تەواوی -التکامل-."

بێبەشیی ئافرەتی کورد لە تەواوی مافەکانی -مافە ئابووری و زایەندی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی- هۆکاری ڕووخانی کەسایەتیی ژنی کوردە. کەسایەتیی مرۆڤ بەپێی شیکردنەوەی دەروونی بریتییە لە "منی باڵا"، "من"، نزمە من".

" من " بەشێکە لە کەسایەتی کە جڵەوی " ئەو" ڕادەگرێ لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی واقیعی ڕاستەقینە، واتە ئەو کەرتەیە لە

کەسایەتی کە پەیوەندیی یەکسەری هەیە لەگەڵ واقیعی دەرەوەی بەئاگا.

"منی باڵا" یاخود بەرزە من بوونی ئەو شتەیە کە لە هۆشی ناوەکی بە ئەرکی ویژدان هەڵدەستێ بە نیسبەت "من"ی بەئاگا، لەگەڵ هەڵگیراوەکانی پاڵنەران و ئارەزووە خەراپەکانی "ئەو" کە زۆربەیان سروشتی زایەندییان هەیە " لیبیدو ".

"نزمە من"یش ئەو رەمەکە سروشتییانەی کە بریتییە لە رەمەکی مردن و ژیان و رەمەکە ئاژەڵییەکان کە باوەڕی بە سەرەتاگەی لەززەت و تێربوون هەیە، بێ گوێدانە کۆمەڵگەی دەرەوە.

بۆ شیکردنەوەی کەسایەتیی ئافرەتی کورد -ئەو کەسایەتییە لە ژێر پاڵەپەستۆدا شێوێنراوەی- دەتوانم بڵێم ململانێی "من"ی ئافرەتی کورد لەگەڵ دوو بەشەکەی تری کەسایەتیدا کە "بەرزە من" و "نزمە من"ن، ململانێیەکی بەئاکام نەگەیشتووە. "منی باڵا"ی ژنی کورد کەسایەتییەکی چەپێنراو و تێکشکاوە. هۆشی ناوەکیی ئافرەتی کورد پڕە لەو ئارەزووە بە ئاکام نەگەیشتووانەی کە لە ژیانی رۆژانەیدا رووبەرووی دەبێتەوە، "نزمە من"ی ژنی کورد کەسایەتییەکی تەسلیم بە " من "ە، چونکە ئافرەتی کۆمەڵگەی ئێمە ناتوانێ گوێ نەداتە قسەی ئەم و ئەو، بەڵکە گشت جموجۆڵێکی ئەو لەسەر خواستی داب و نەریت و فەرهەنگی شەقڵگرتووی کۆنەپەرستانەی کۆمەڵە.

"منی بەرگریکەر" لە ئافرەتی کورددا زۆر لاوازە و لە هەندێ ئافرەتدا دەگاتە رادەی نەبوون، "منی بەرگریکەر" بریتییە لە بەرگریکردنی "من" لە خۆ، لە کاتی هەڕەشەلێکردن و رووبەڕووبوونەوە، بەڵام پاڵەپەستۆی دەمارگیرانەی پیاوی کۆمەڵگەی ئێمە بۆ سەر ئافرەت تا رادەی لێدان و ئەشکەنجەدانێتی، بۆیە "منی بەرگریکەر"ی ژنی کورد بە دەستی پیاو بە کوشت چووە.

بە باوەڕی "فرۆید" "من" مرۆڤەکە خۆیەتی و کارتێکراوی بەرزە من هەوڵ دەدا نزمە من بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە و زاڵ بێ بەسەریدا. کەسایەتیی مرۆڤ لە کۆتاییدا لەسەر ململانێی نێوان "بەزرە من" و "نزمە من" دەوەستێ لە رێگەی "من"ەوە. لە کەسایەتیی ژنی کورددا "بەرزە من" و "نزمە من" یەکتریان رووخاندووە و "من"ێکی چەپێنراو و گوێڕایەڵ ماوەتەوە کە فرمانی نائاسایی و بێدادگەرییانەی کۆمەڵ ئەنجام دەدا کە پێچەوانەی ویست و ئارەزووەکانی خۆیەتی.

"داڤید کوپر" لە بارەی پەروەردەی هەڵەی خێزانەوە باوەڕی وایە بەو جۆرە پەروەردەیە منداڵ فێری گوێڕایەڵی و بەئەدەبی دەبێ، بەڵام دەروون و کەسایەتی لە دەست دەدا. کچی کوردیش گوێڕایەڵ و رەوشتپارێزە -رەوشت بە مانا پێناسە بۆ کراوەکەی لە کۆمەڵگەی ئایینپەروەردا- شەرمن و بێدەنگە، بەڵام کەسایەتی خۆی لە دەست داوە.

د. نەوال سەعداوی دەڵێ: "لووتکەی پێگەیشتنی کەسایەتی ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی بێت." ژنی کورد هیچ کاتێ نەیتوانیوە خۆی بێت، بەڵکە کەسێکی ترە کە پیاوان و داب و نەریت و پێوەندگە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان دروستیان کردووە. پیاوی کورد نەک هەر لە جەستە و ئارەزوو ئەرکی فیزیۆلۆجی زایەند ناگەن، بەڵکە لەوەش ناگەن کە ژن مرۆڤێکە رێک وەکو پیاو... تەنانەت بۆ پیاوە رۆشنبیرەکانیش سەختە باوەڕ بکەن بەوەی ژن دەبێ لە مافدا یەکسان بێ بە خۆیان.

د. حوسێنی خەلیقی لە کتێبی "کۆمەڵناسی کوردەواریی-بەشی دووەم-"دا دەڵێ: "لە کوردستان هەڵسوکەوتی ژنان لە ژێر چاودێریی پیاوندایە." هەروەها دەڵێ: "هەم ئایین و هەم داب و نەریتی کۆمەڵایەتیی کۆن پێشیان بەوە گرتووە کە ئافرەت لە کۆبوونەوەی پیاواندا بەشداری بکا و فێر بێ و فێر بکا و لە رووداوەکاندا رای خۆی دەربڕێ." لە شوێنێکی تریشدا دەڵێ: "لە بارەی چالاکیی هونەرییەوە ئافرەت کەمتر ئەو مافەی هەیە کە لە مۆسیقا و شانۆگەری و هونەرە گەلییەکانی تردا بەشداری بکا." "لە گۆرانیشدا ستەم لە ژن کراوە، چونکە پیاوی کورد سەربەستە سەدان گۆرانی بە بەژن و باڵای ژندا بڵێ، بەڵام ئەگەر کچ خۆی لەو گۆرانییانە بدات و بە بەژن و باڵای کوردا بڵێ لێی لە چەپڵە دەدەن و ئەیکەنە پەن و لێرە و لەوێ باسی خراپەی دەکرێ." هەروەها د. خەلیقی پێی وایە: "ژن بە ژنە، گەورە و چووکە، چەند ژن هێنان، زاوارە، لەسەر لانک مارەکردن، لەبەرچاونەگرتنی قەڵافەت و ئاکاری زاوا، لەبەرچاوگرتنی هەژاری و دەوڵەمەندی، رەدووکەوتن، خوێن خۆشکردن بەژن، شیرواییی زۆر وەرگرتن، زێڕ و خشڵ بە زاوا کڕین، تەڵاقدان، تەڵاق بە تەڵاق لە باری ژن بە ژنیشدا، کە یەکێکیان ژنەکەی تەڵاق دا دەستبەجێ ئەوی تریان لەسەریەتی ژنەکەی تەڵاق بدا، و دەیان داب و نەریتی تری کۆیلەداری، هەموویان هۆی سەرەکیی بێمافکردنی ژن لە سەربەستین و لە کۆمەڵگەی پاشکەوتووی ئێمەدا لەمپەری پێشکەوتن و ناهێڵن بەشێک لە کۆمەڵ سەربەستانە بێنە گۆڕەپانی ژیانەوە و، باری سەرشانی پیاو لە بەرهەمهێنان و هەڵسووڕاندنی کاروباری دیکەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا سووکتر بکەن."

لەم بارەیەوە د. خەلیقی باشی بۆچووە کە هاتنە گۆڕەپانی ئافرەتانی کورد باری سەرشانی پیاو سووکتر دەکات، ئەگەر بەپێی یاسای ئەرک و ماف لە کۆمەڵگەی کورد وردبینەوە، دەبینین بەشێکی زۆری ژنان بێ ئەرک کراون و بێ مافیش. لەم حاڵەتەدا ئەگەرچی یاسای ئەرک و ماف ئەوە بە رەوا دەزانێ، بەڵام پێویستە ئافرەتی کوردی هاوچەرخ هەڵوێست بەرامبەر ئەمە

وەرگرێ، چونکە ئافرەتان خۆیان ئەو بێئەرکییەیان هەڵنەبژاردووە و (بەزۆر) بێ ئەرک کراون. بەشێکی تری ئافرەتان ئەمڕۆ لە بازاڕی کاردان و ئەرکیان لەسەر شانە، بەڵام ئەوانیش هەمان شێوە بێمافن و هەمان ڕەفتاری ژنێکی بێئەرکیان لەگەڵ دەکرێ کە ئەمەیان زۆر لەوی دیش نارەواترە و پێویستە ئێمەی نەوەی ئەم سەردەمە نوێیە هەڵوێست وەربگرین و لێی یاخی بین و ئەم بێمافییە ڕەت کەینەوە.

## ئابلۆقەکانی کوڕی هەرزەکاری کورد

کوڕ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بێ کێشە نییە، بەڵکە تەنها لە چاو کچدا هەست دەکرێ کوڕ ئازاد و خاوەن کەسایەتی و جوامێرە. کوڕی کوردیش هەمان ئابلۆقەی کۆمەلایەتی دروە و تووشی سەدەها لادان و ونبوون و تێکشکانی کەسایەتیی کردووە، بەڵام بە جۆرێکی جیاواز لە هی کچ.

کوڕی کورد هەر لە تەمەنی منداڵییەوە کەسایەتیی لێ دەستێنرێتەوە و نێرایەتی پێ دەبەخشرێت، وا فێر دەکرێت کە نێر نابێ لە مەرگ بترسێ و دەبێ بە ڕووی ئاو و ئاگردا بچێ و سڵ نەکاتەوە. هەروەک چۆن پەندێکی کوردیش بۆ ئەم سیفەتە داتاشراوە و دەڵێ: "بەرخی نێر بۆ سەربرینە." ئەم بەرخە نێرە ئەگەرچی لە دەروونەوە سڵ لەو مردن و سەربرینە دەکاتەوە -کە ئەمەش حاڵەتێکی ئاسایی دەروونییە- بەڵام بۆ ئەوەی نازناوی پیاو و پیاوەتیی لێ نەسێنرێتەوە ڕووبەڕووی ئەو چارەنووسە دەبێتەوە. ئەو فێر دەکرێ بەغیرەت بێ و ئاگاداری شەرەفی بێ، شەرەفیشی بریتییە لە "ئەندامی زایەندیی خوشک و دایک و هاوسەر و کچەکەی"، شەرەفی پیاو لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەو وەهمەیە کە لە جەستەی کەسانێکی تردایە نەک خۆی، بۆیە بۆ پاراستنی ئەو شەرەفە وەهمییە دەبێ پاڵەپەستۆی دەسەڵاتی بخاتە سەر جەستەی کەسانێکی تر و زۆرجار لە پێناوی پاراستنی ئەو شەرەفەدا ئازاری جەستەیی دەگەیەنێتە ئەو کەسانەی شەرەفەکەیان بۆ هەڵگرتووە، بەم شێوەیەش سیفەتێکی سادی دەنوێنێ.

نەستی کوڕیش ڕووبەرێکی فراوانی لە هۆشی داگیرکردووە و پڕە لە ئازاری ئارەزووی چەپێنراو. کوڕی هەرزەکاری کورد ئەگەرچی بواری ئازادی لەبەردەمیدا ئاوەڵاترە لە هی کچ، بەڵام ئەوە هیچ سوودێکی بۆی نەبووە، چونکە ناتوانێ پەیوەندی بەو ڕەگەزەوە بکا کە ئارەزووی دەکا و لە بواری زایەند ناچار دەبێ وزەی لە لارێدا خەرج بکات. هەرزەکاری چەپێنراوی کورد بە هۆی باری ئاڵۆزی کوردستانەوە بواری ئەوەیان هەبووە وزەی چەپێنراویان بە کارکردن لە بواری سیاسەت و پارت و ڕێکخراوەکاندا بەکار بەن و ئەڵتەرناتیڤ وەربگرن، چونکە نائومێد دەبن لەوەی بتوانن لەگەڵ ڕەگەزی مێدا پەیوەندی بکەن و پەنا دەبەنە بەر سیاسەت. ئەگەر سەرنج بدرێتە ئەندامانی زۆر و بۆری پارت و ڕێکخراوەکان هەست بەوە دەکرێ کە ئەوانە -ژمارەیەکی زۆریان- ئارەزوویەکی قووڵی شۆڕشگێڕانە و هەستێکی پاکی نەتەوایەتی هانی نەداون بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشدا، بەڵکوو شۆڕشیان وەک ئەڵتەرناتیڤێک وەرگرتووە بۆ گوزەراندنی کات و خەرجکردنی ئەو وزە بەندەی جەستەیان بە هەرچی چەشنێک بێت؛ بۆیە هەر ئەو لاوانەی کە دەچنە ناو سەنگەری شۆڕشی ئازادیخوازی، ڕۆژێکی تر لە سەنگەری دژ بە نەتەوەکەی خۆیاندا دەبینرێنەوە.

ئەو نێرایەتییەی کە لە مێشکی کوڕدا تۆمار کراوە، زۆرجار تووشی گومانی کردوون. دیاردەی دەرخستن و پێشاندانی ئەندامی نێرینەیان بە هۆی ئەو گومانەوە دروست دەبێ کە لە پیاوەتیی خۆیان هەیانە، ئەو کوڕانە یاخود ئەو پیاوانە بەو کارە فەرمانی هۆشی ناوەکییان ئەنجام دەدەن بۆ سەلماندنی ئەو نێرێتییەی کە هۆشیان گومانی لێ دەکات. بۆ نموونە دیاردەی میزکردنی پیاوان لەسەر جادە و نێو کۆڵان و شوێنە گشتییەکان -کە ڕۆژی دەیان جار دەبینرێ- تەنها پێشاندانی پیاوەتییان مەبەستە کە لای ئەو جۆرە پیاوانە پیاوەتی بریتییە لە -چووک-یان.

فرۆید دەڵێ: "ئەوەی کە فەرمانی هەڵسوکەوتی بەئاگاییمان دەکا، پاڵپێوەنانی هۆشی ناوەوەیە."

کوڕی هەرزەکار کە هەست بە گۆڕانەکانی لەشی خۆی دەکا و ئەو ئارەزووە زایەندییە دەدۆزێتەوە کە مەیلی بەرەو لای کچێک دەجووڵێنێ و هەوڵ دەدا پەیوەندی بەو کەسەوە بکات کە حەزی لێ کردووە، بەڵام هەوڵەکانی سەرناگرن و تەنها دەتوانێ لەدوورەوە سەرنج بداتە قەد و باڵای ئەویندارەکەی و زیاتر کڵپەی بۆ بستێنێ، ئەو ئارەزووەی تەنها لە ڕێگەی خەون و خەیاڵی زایەندییەوە ڕەها دەبێ و ورده ورده فێری خۆوروژاندن و دەستپەڕ دەبێ و ئارەزووەکانی بەو شێوەیە کپ دەکات، بەڵام کچیش و کوڕیش لە ئەنجامی ئەو پەروەردەیەی کە گۆش کراون لە کاتی خۆکپکردنەوەدا هەست بە گوناهیان لا دروست دەبێ و شەپۆلێکی نائومێدی و خاکەساریی دەروونی دایاندەپۆشێ.

ئەگەر بمانەوێ کەسایەتیی کوڕی کورد لەبەر تیشکی دەروونناسی نوێدا شی بکەینەوە دەتوانین بڵێین هەرچەندە "من"ی کەسایەتیی کوڕ بە شێوەیەکی ئاسایی دەبینرێ، بەڵام ناوەڕۆکێکی ئاڵۆزی هەیە. ئەو ئاڵۆزییەش بە هۆی ئەو ئەرکی قورسی نێرایەتییەوەیە کە داب و نەریت و کۆمەڵگە بەسەریدا سەپاندووە، "منی باڵا"ی پیاوی کورد کە لە شێوەی ویژداندا خۆی دەنوێنێ

کەسایەتییەکی دووفاقییە و لە ڕوویەکەوە وەکوو کەسێکی دڵسۆز و میهرەبان و بەویژدان پێشانی دەدا، کاتێ کە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی پیاودا دەکات، لە ڕوویەکی ترەوە زۆر سادیستانە و بێویژدانانە پێشانی دەدا لە کاتێکدا کە ئەو ڕووە پەیوەندیی بە هەڵسوکەوتیەوە هەیە لەگەڵ ئافرەتدا.

"منی بەرگریکەر"ی پیاوی کورد بە ڕواڵەت وا دەردەکەوێت کە کەسایەتییەکی یەکجار ئازا و جوامێرانەی هەیە و وا ناسروە، بەڵام بەشێکی نەبێ کە ئەو کەسایەتییە بهێزە بەرگریکەرەی تیایە زۆربەیان ترسنۆکن و خۆ لە هەڵوێست دەدزنەوە "لە کۆچ و ڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١دا بەرەو سنوورەکانی تورکیا و ئێران، کەسایەتیی ڕاستەقینەی پیاوی کورد دەرکەوت، من خۆم گوێم لە سەدان پیاو بووە کە بە جۆرێ لە جۆرەکان ئەو ترسنۆکییەیان دەربڕیوە و بۆ ڕاکردن هەوڵیان داوە تەنانەت بکەونە پێش منداڵەکانیشیانەوە. ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگە و خەڵک نەبێ "منی بەرگیریکەر"ی پیاوی کورد ئەو بێهێزییەی دەنواند.

خێزانی کورد لە ترسی ڕوودانی خەتەرێکی زایەندی هەر کە هەست بە باڵقبوونی کوڕەکەیان دەکەن هەوڵ دەدەن ژنی بۆ بهێنن و دایمرکێننەوە، بەم کارە ئەگەرچی کێشەی زایەندیی بۆ چارەسەر دەکەن، بەڵام چەندان کێشەی تری بۆ دەخوڵقێنن کە ئەو خۆی توانای نییە چارەسەریان بکات، چونکە شێوەی پەروەردەکردنی منداڵ بەو جۆرە نییە کە منداڵ فێری هەست بە بەرپرسیارێتی بکرێت بەڵکە بە جۆرێکە هەمیشە منداڵ وابەستە دەکرێت بە دایک و باوکەوە.

کوڕی هەرزەکاری ژنهێناو هەر زوو لە لایەن دایک و باوک و کۆمەڵگەوە داوای لێ دەکرێ پیاوەتی بنوێنێ و ببێ بە باوک، هەر دوای چەند ساڵێک دەبێ بە باوکی چەند منداڵێک و لە باری ئابووریشەوە تا ئەو کاتەش پشت بە باوک دەبەستێ. زۆربەی هەرزەکارەکان کە ژنیان بۆ دەهێنرێ لە ماڵی باوکدا دەژین و لە تەنها ژوورێکدا، کە ساڵ بە ساڵ زۆر دەبنەوە و هەر لە هەمان ژووردان، ئەم پێکەوە ژیانەش ژمارەیەکی زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی دەخوڵقێنێ و ئاژاوە هەڵدەگیرسێنێ. بێتوانایی هەرزەکار لە بەدەستهێنانی دەرامەتی ئابووری بۆ خێزان وابەستەی دەکات بە باوکیەوە، ئەو وابەستەییشە ناچاری دەکا لە فەرمانی باوکی دەرنەچێت، ئەگەرچی بیر و بۆچوونی باوکیشی پەسەند نەکات. ئەم ناچارییە دەیکاتە دوو بەشەوە، کەسێکی گوێڕایەڵی بەئەدەب و کەسێکی دژ و ناقایل. ئەو دوو کەسە هەمیشە لە ململانێدا دەبن، زۆرجاریش کەسە گوێڕایەڵەکە کەسە دژ و ناقایلەکە دەکوژێ.

ئەو خێزانە نەدارانەش کە ناتوانن ژن بۆ کوڕەکانیان بێنن و دایانمرکێننەوە -لەبەر داب و نەریتی ژن بە پارە فرۆشتن- ناچارن ئابلۆقەی کوڕەکانیان بدەن و بە ئامۆژگاری و بە چاودێری ئارەزووەکانیان بچەپێنن؛ نموونەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە ژمارەیەکی یەکجار زۆری هێزی پێشمەرگە -لە شۆڕشدا- کوڕی هەژارەکانی کورد بوون؛ هەموو پێشمەرگایەتی و سیاسەتیان کردبووە ئەلتەرناتیڤی ئەو ئارەزووە چەپێنراوانەیان.

لەبەر نەبوونی سەرژمێری ئازاد لە بواری مەسەلە زایەندییەکاندا، نازانرێ لە سەدا چەندی ئەو لاوە چەپێنراوانە تووشی لادان و شزووزی زایەندی دەبن، بەڵام ئەو دیاردانەش کەم نین کە لە شار و لادێکاندا ڕوو دەدەن و ئەو شزووزە دەخەنە ڕوو. کوڕ جگە لە خۆ ورووژاندن و خەون و خەیاڵی زایەندی، بەرەو هەتیوبازی و لەگەڵ ئاژەڵدا ڕابواردن هەنگاویان ناوە. کۆمەڵگە ئەگەر بە ڕێکەوت بۆی دەرکەوێ کوڕێک ئەو جۆرە ڕەفتارەی ئەنجام داوە دوورەپەرێزی دەکاتەوە و بە هیچ شێوەیەک بایەخی ناداتێ و گشت دەرگاکانی بە ڕوودا دادەخا، نازانن ئەو جۆرە ڕەفتارانە کۆمەڵگە و داب و نەریت و ئایین خۆیان بوونەتە هۆی پەیدابوون و سەرهەڵدانیان.

پەروەردەی نازانستیی خێزان دەروون و کەسایەتیی ژنیشی شێواندووە و پیاو و ژنی کورد ئەگەرچی ئەم وەک بەهێزێک و ئەو وەک لاوازێک، ئەم وەک دەسەڵاتدار و ئەو وەک بێدەسەڵات دەنوێنێ، بەڵام کەسایەتیی ژن وەک لاواز و بێدەسەڵات نائاساییە و، هی پیاویش وەک دەسەڵاتدارێکی بەهێز نائاساییە، لە ئەنجامیشدا هەردووکیان کەسایەتییەکی تێکشکاویان بۆ دروست بووە.

مێرد ئەگەرچی هێزێکی گەورەی نێرانە لەبەردەمی ژنەکەیدا دەنوێنێ و وەک پاڵەوانێک خۆی دەخاتە ڕوو، بەڵام لە ناوەوەی خۆیدا هەست بە گومانێکی لە پیاوبوونی خۆی تیادا حەشارە، ئەوەش لە شێوەی جیاجیادا دەردەکەوێت. لای ئەو پیاوانەی کە بۆ جەختکردن لەسەر نێرایەتیی خۆیان ژنێکی تر دەهێنن، یان ئەو پیاوانەی لە ڕێگەی خیانەتکردن لە ژنەکانیان لەگەڵ ئافرەتانی تردا ڕادەبوێرن، ئەو پیاوانەی کە کەسایەتیی (پیاو) لە ئەندامی زایدنەیاندا دەبینن، کەسەکەی ناوەوەیان هانی "پیاوکوشتن و دزیکردن و ڕاووڕووتیان دەدات"، کە ئەوانە نیشانەی ئازایەتییە و ئازایەتیش سیفەتی پیاوە، گشت ئەمانە تەنها جەختکردنە لەسەر نواندنی پیاوەتی بۆ خودی پیاو کە لە نێربوونی خۆی بەگومانە.

نێرایەتی بارێکی قورسە و خراوەتە سەر شانی پیاو. پیاوی کورد لە پیاوی زۆربەی کۆمەڵگەکانی تر زیاتر بە تەنگ پاراستنی ئەو بارەوەن، بەڵام بە هۆی نائاسایی بوونی ناوچەکە و کۆلۆنیالی بوونی نیشتمانەکەی زۆرجار نەیتوانیوە ئەو پیاوەتییە بپارێزێ و نێرایەتییەکەی کەوتۆتە بەر شەپۆلی سووکایەتی پێکردن لە لایەن دوژمنەکانی نەتەوەکەوە. زۆرجار ڕێزی پیاوانی ئازای وڵاتپارێزی بەجێ هێشتوە و بووە بە پیاوی دوژمنەکەی (جاش). جاشایەتی بۆ

پیاوی کورد دەستهەڵگرتنی بووە لە پیاوەتیی خۆی، بەڵام لە هەلێکی تردا (کەسە بەسەرداسەپێنراوەکەی ناوەوەی) پاڵی پێوە ناوە دووبارە پیاوەتی بنوێنێتەوە، ئەو ڕاڕاییەی کە لە کەسایەتیی پیاوی کوردا هەیە بەرەنجامی ناکۆکییە بێ ئەنجامەکەی نێوان (بەرزە من) و (نزمە من)یەتی.

ئایینەکان دەستێکی بەهێزیان هەبووە لە سەپاندنی پیاوەتی بەسەر پیاودا و بەوەش ناسنامەی پیاویان بەخشیوە و لە بەها مرۆڤایەتییەکان دووریان خستۆتەوە؛ بۆ نموونە دیاردەی شەڕ هەر لە پیاوەوە بۆ پیاوە و دیاردەیەکی دژ بە مرۆڤ و مرۆڤایەتییە.

منداڵ هەر کە لە دایک دەبێ، بێ ئەوەی خۆی ویستبێتی و بڕیاری بۆ دابێ، ئایینێکی بەسەردا دەسەپێنرێ و پەیڕەوەکانی ئەو ئایینەش جۆری ڕەفتاری دیاری دەکات.

سەرەنجام:

بۆ ئەوەی بنیادی کۆمەڵگەیەکی نوێ بنێین، دەبێ دەست بە دروستکردنەوەی کەسایەتییە تێکشاوەکانی پیاو و ژنی کورد بکەین. ڕەهاکردنی ئەو ئارەزووە چەپێنراوانەی کە هۆشی ناوەکیی مرۆڤی کۆمەڵگەی ئێمەی پڕ کردۆتەوە هەنگاوی یەکەم بۆ بەرگریکردن لە کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکان.

مرۆڤ با خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکا و خۆی خاوەنی بیر و جەستەی خۆی بێ، مرۆڤ کە جەستەی هی خۆی نەبوو کەسایەتیشی هی خۆی نابێ. پێویستە خود لە جەستە جیا نەکرێتەوە بۆ ئەوەی سروشتی مرۆڤ نەشێوێ، بۆ ئەوەی هەست بە نامۆبوونی خۆی لە جەستەی نەکا. نامۆبوونی خۆ لە جەستە نامۆبوونێتی بە جیهانی دەرەوەی خۆی، جەستە پەیوەندیی نێوان خۆ و جیهانی دەرەوەی خۆ دروست دەکا، هەستکردن بە خاوەنێتیی جەستەی خۆ هەستکردنە بە بزواندنی ئەو جەستەیە بۆ داهێنان. هەموو شتەکانی تر سوود نابەخشن ئەگەر جەستە داگیرکراو بێ، بەڵکە تەنها کەسایەتییەکی کۆیلە دەخولقێنێ.

مرۆڤی کورد پێویستە سەربەخۆ بێ. سەربەخۆیی واتە بڕیارەکانی لە بارەی خۆیەوە خۆی بیدا نەک کەسێکی تر. دەروونی کەسێکی سەربەخۆ دەروونێکی بێخەوشە و دوورە لە گشت حاڵەتێکی نائاسایی و نەخۆشی ئامێز. مرۆڤ جەستە و دەروونە، پێوەندیی نێوان (جەستە و دەروون)ی خۆ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیە، ئەگەر جەستە هی خۆی کەسەکە بێت و سەربەخۆ بێ لە بڕیاردان لە بارەیەوە، دەروونیش بەهێز و بێگرێ و گۆڵ و کەسایەتییەکی بەسەر ڕۆژگاردا زاڵی لا دروست دەکات و پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە.

ژن و پیاوی کورد گەر خاوەنی ئەو سەربەخۆییە بن لە بڕیاردا لە بارەی خۆوە دەبنە خاوەنی ئەو کەسایەتییە بەهێزە و لەو تێکشکانە ڕزگار دەبن. بۆ ئەم مەبەستەش پیاوان دەشێ هەوڵ بدەن. دەمامکی نێرایەتی لەبەر کەسایەتییە تووڕە و چەوسێنەرەکەیان داکەنن و نەیکەنە بەر منداڵە تازە لە دایک بووە کوڕەکانیان، دایکانیش ئەو کەسایەتییە لاواز و بێئەرکەیان داماڵن و ئیدی نەیکەنە بەر منداڵە تازەلەدایکبووە کچەکانیان.

ئەمڕۆ ئیدی کاتی تێکشکانی ئەو دەمامکە بەسەرداسەپێراوانەیە، بۆ ئەوەی بەرگی مرۆڤایەتی جێگای ئەو دەمامکە شڕ و هوڕانە بگرێ، نەوەی ڕۆشنبیری ئەمڕۆ ئەرکی تێکشکاندنی ئەو دەمامکە بەسەرداسەپێنراوانەیان لە ئەستۆدایە.

سەرچاوەکان:


- د. خەلیقی، حوسەین: کۆمەڵناسیی کوردەواری، بەشی دووەم ١٩٩٢، ستۆکهۆڵم.
- د. العوا، عادل: تحديث الاسرة والزواج. دمشق ١٩٩٠.
- الدكتور برنهارت: علم النفس فى حياتنا العمليه. تعريب: الدكتور ابراهيم عبدالله محى. بغداد ١٩٨٤.
- السعداوى، نوال: الرجل والجنس. قاهره ١٩٨٥.
- السعداوى، نوال: المرأه والجنس. لبنان ١٩٧٠.
- رولان دالبير: طريقه التحليل النفسى والعقيده الفرويدية. ترجمة د. حافظ الجمالى. بيروت ١٩٨٧.

# دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

کوز

١

هەر وەکوو ئەشکم بە ڕەنگی سووری خۆی خوێنینە کوز
داستانی شاهنامەی خەسرەو و شیرینە کوز
ئینشیقاقی هەر وەکوو کاڵەک لەبەر شیرینییە
هەرکەسێ نەیچەشتبێ نازانێ چەن شیرینە کوز

٢

کەسێ بیبێ حەیا و شەرم و نامووس
ئەبەد ناکا ڕەفیقیی تاقمی لووس
ئەگەر سەد ساڵ بدەی ڕەنج و نەیانگێی
قسەی وات پێ ئەڵێن نەیگرتبێ قامووس

کێر

١

کێر کە هەستا، نە لە بێگانە دەپرسێ نە لە خوێش
گورزی خۆی هەر دەوەشێنێ، چ لە پاش و چ لە پێش
هەمە کێرێکی قەوی هێند بە کونی تەنگا چووە
سەر و چاوی هەموو زامدارە، پەراسووی هەموو ڕێش
تا ملی غەرقە لە چەرما، وەکوو سیواکی مەلا
پرچی ئەفشانە لەسەر پشتی ملی وەک دەروێش
پاڵەوانێکی قەوی و وقۆڵە لە میلبازیدا
مەحکەمە ڕیشە وو بێخی وەکو شاخی گامێش

# کتێبخانەی مامۆستای کورد

## هەر بەرهەمێک ( کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە) بە دیاری بۆ ئەم گۆڤارە نەنێردرابێ، بە ئەرکی خۆمانی نازانین لەم بەشەدا تۆماری بکەین.

### کتێب

* زەینەلابدین زنار: بالافرا ژینێ(چیرڤانۆک)، پەنجینار، وەشانخانەیا چاندا کوردی، ستۆکهۆلم ١٩٩٣، ١٣٢ڕ.

* زەینەلابدین زنار: خوەندنا مەدرەسێ، پەنجینار، وەشانخانەیا چاندا کوردی، ستۆکهۆلم ١٩٩٣، ١٠٠ڕ.

* زەینەلابدین زنار: کادینا مشکان(چیرڤانۆک)، پەنجینار، وەشانخانەیا چاندا کوردی، ستۆکهۆلم ١٩٩٣، ١٤٤ڕ.

* زەینەلابدین زنار(ئامادەکار): خوەنچە؛ کلام، مەسەلۆک، سەرپێهاتی وو چیرۆک، جلد: ٦، پەنجینار، وەشانخانەیا چاندا کوردی، ستۆکهۆلم ١٩٩٣،٢٦١ڕ.

* زەینەلابدین زنار(ئامادەکار): خوەنچە، کلام، مەسەلۆک، سەرپێهاتی وو چیرۆک، جلد: ٧، پەنجینار، وەشانخانەیا چاندا کوردی، ستۆکهۆلم ١٩٩٤، ٢٧٥ڕ.

* نەجیبە ئەحمەد ( ژووان) : بەهارەگریان ( شیعر)، چاپی یەکەم، ئینتیشاراتی ناجی، بانە ، کوردستانی ئێران ١٩٩٣(١٣٧٢ی هەتاوی)، ٨٢ ل.

* نەجیبە ئەحمەد ( ژووان) : ڕاسان ( کورتە چیرۆک)، چاپی یەکەم، ئینتیشاراتی ناجی ، بانە ، کوردستانی ئێران، ١٩٩٣( ١٣٧٢ی هەتاوی)، ٧٦ ل.

* جێمز فرێزەر : ئەفسانەی ئەدۆنیس، محەمەدی حەمەباقی لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، چاپی یەکەم ، ئینتیشاراتی ناجی ، بانە، کوردستانی ئێران ١٩٩٢( ١٣٧٢ی هەتاوی)، ١١٤ ل.

* دۆکتۆر محەمەد موکری : گۆرانیی کوردی ، گۆڕینی محەمەد حەمە باقی، چاپی یەکەم ، ئینتیشاراتی ناجی ، بانە، کوردستانی ئێران١٩٩٣( ١٣٧٢ی هەتاوی)، ٩٦ ل.

* پەشێو مەریوانی: ڕازی دڵ (شیعر)، بنکەی چاپەمەنیی سارا، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤، ٩٧ل.

* د. نەوال سەعداوی: دانپیانانێکی پیاوانە، وەرگێڕانی: مەهاباد قەرەداغی، چاپی یەکەم، سوێد ١٩٩٤، ١٧٦ل.

* مەهاباد قەرەداغی: کۆچ (چیرۆک)، چاپی یەکەم، سوێد ١٩٩٤، ١٦٣ل.

* مەهاباد قەرەداغی: شاخ کێڵگەی گەنمەشامییە (شیعر)، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ـ سوێد ١٩٩٤، ٩٠ل.

* محەمەد ئەمین حسێن: سەلیقەی کوردەواری، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد ـ کوردستان، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤، ١٤٨ ل.

* عەزیز کەیخوسرەوی: چاوپێکەوتنێکی تیشکهاوێژ، فەرهاد شاکەلی لە مەسەلەکانی فەرهەنگی کورد دەدوێت ، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد ـ کوردستان، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤، ٤٤ ل.

* فەرهاد شاکەلی: نیگاری تۆ لە دیواری زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم (شیعر)، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد ـ کوردستان، ستۆکهۆڵم ١٩٩٤، ٩٢ ل.

* پشکۆ: گۆڤەندی دارستان (ئۆپەرێت و چیرۆک بۆ مێردمنداڵان)، سوێد ١٩٩٣، ٥١ ل.

* پشکۆ: نەفرەت ( شیعر)، ئاگوستی ١٩٩٤، ٦ ل.

* سەیید کاکە: بیرەوەریی پێشمەرگەیەک (بەشی یەکەم ١٩٤٩ – ١٩٧٥، بەشی دووەم ١٩٧٥ – ١٩٨٦)، ساڵ و

شوێنی چاپی دیار نییه، ۲۷۰ ل.

* علی اکبر وقایع نگار : بدایع اللغه ، فرهنگ کردی - فارسی (به کوشش محمد رئوف توکلی)، چاپ اول، چاپخانه ارژنگ ، ۱۳٦۹، ۲۲۳ ص.

* ناسر وەحیدی: خەوەڕاو (کۆمەڵە چیرۆک)، چاپی یەکەم، چاپخانەی چهره، تەورێز. بەهاری ۱۳۷۳، ٥٥ ل.

* جەلادەت ئالی بەدرخان: بنگەهێن گرامەرا کوردمانجی، وەشانێن نوودەم، سوێد ۱۹۹٤، ۹۳ڕ.

* محمود افندی بایزیدی: اداب ورسوم کردان، بسعی و اهتمام شرق شناس مشهور روس الکساندر ژابا، با نظریات، مقدمه و موخره استاد عبدالرحمن شرفکندی "هەژار" ، ترجمه و تعلیق و ضمائم از: عزیز محمدپور داشبندی، چاپ: میعاد، ۱۳٦۹-۱۳٦۸، ۳۰٥ ص.

* شێخ ڕەزای تاڵەبانی: دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی (ئامادەکردنی ناسری ئیبراهیمی)، کتێبی هەرزان، ستۆکهۆڵم ۱۹۹۳، ٦۷ل.

* ڕەزا بەراهەنی: دەربارەی شیعر و شاعیری، حەمە کەریم عارف لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی، لە بڵاوکراوەکانی ئاڵای ئازادی، ۱۸ ل.

* عەتا قەرەداغی: فۆرمەلەنەبوونی گوتاری ڕامیاریی کوردی لە باشووری کوردستان و تراویلکەی ئاینده، لە بڵاوکراوەکانی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیریی نیشتمانیی کوردستان لە فینلاند، چاپی یەکەم، هێلسینکی ۱۹۹٤، ۳۲ل.

* علی اصغر شمیم : کردستان، چاپ دوم، انتشارات مدبر، تابستان ۱۳۷۰، ۱۰۲ ص.

* خەمگین تەمێ: پالا بێشۆپ (ڕۆمان)، وەشانخانەیا سارا، ستۆکهۆڵم ۱۹۹٤، ۷٦ڕ.

* مەریوان عەبدوڵلا عەسکەری (۱۹۷۲ تا ۷-٦-۱۹۹٤): ئازادی وڵاتی دەوێت (شانۆگەری)، ڕاوەڵ پاندی - پاکستان، هاوینی ۱۹۹٤، ٤٦ ل.

* محسن حسینی: غروب کردستان، چاپ اول، حوزه هنری سازمان تبلیغات اسلامی، تهران ۱۳۷۲، ۸۷ ص.

Stoppt den volkermord in Kurdistan, SOKSE, 1993, 46 z (Germany).

Per Linde: Det kurdiska spåret, Dokument om kommunarrest och terroriststmpel, utgiven av Kurdernas Vänner, Stockholm 1994, 288 s. (Sweden).

## گۆڤار و ڕۆژنامە

* کەلەپووری کورد: گۆڤارێکی کەلەپووری و فۆلکلۆریی وەرزییە، کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد لە سلێمانی دەری دەکات، ژمارە: ۲، نەورۆزی ۱۹۹۳، ژمارە: ٤، مایسی ۱۹۹٤(کوردستان).

* بوون: گۆڤاری بیری نوێگەری، سەرنووسەر: خەلات عومەر، سکرتێری نووسین: بەکر عەلی، بەڕێوەبەر: ئارام محەمەد، ژمارە: ۱، زستانی ۱۹۹٤(کوردستان).

* بەربانگ: ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد، ژمارە: ۹٤، ڕەشەمە (ئادار)، ژمارە: ۹٥، خاکەلێوە(ئەپریل)، ژمارە: ۹٦، گوڵان(مای) ۱۹۹٤(سوێد).

* النور: مجلة ثقافية اسلامية تصدرها الجمعية الاسلامية الكردية باللغتين العربية والسويدية، السنة الاولى، العدد: ٥، شوال ١٤١٤هـ / نيسان ١٩٩٤ (السويد).

* ڕۆژ: مجلة ثقافية تصدرها جمعية الاكراد الفيلية، العدد: ٤-٥، اذار ١٩٩٤(السويد).

* مەڵبەند: بڵاوکراوەیەکی مانگانەی مەڵبەندی

ڕۆشنبـیـریی کـورده له لەندەن، ژمـاره: ٤٦ (ئاپریل)، ژماره: ٤٧(مای)، ژماره: ٤٨(جوون)، ژماره: ٤٩(جولای)، ژمـاره: ٥٠ (ئاگوست) ١٩٩٤ ، ژماره: ٥١ (سێپتەمبەر) ١٩٩٤(لەندەن).

* نداء الحق (بانگی هەق): مـجلة اسـلامـية شـاملة، تصـدرها الرابطة الاسـلامـية الكردية، رئيس التـحـرير: الدكتور ابو توانا على القرهداغي، مدير التحرير: برهان الدين الشـيرواني، السنة الثـالثة، العـدد الحـادى عشـر ، نيسان ١٩٩٤(لندن).

* تویشـوو: بڵاوکـراوەیەکی کـولتـوریی ڕۆشنبـیـریی گشتییە، کۆمیتەی کوردەکانی هانۆڤەر ناوبەناو دەری دەکات، لێپرسراوی نووسین: فەرەیدوون قازی، ژمـاره دوو، ئازاری ١٩٩٤(ئەڵمانیا).

* هەڵەبجە: گـۆڤـارێکی ڕۆشنبیرییـه بە زمانی کوردی و عـەرەبی دەردەچێت، سـەرنووسـەر: مـوحسین جـوامـێـر، ژمـاره: ١٧، سـاڵی شـەشـەم، ئەپریلی ١٩٩٤/ شـەووالی ١٤١٤، ژمـاره ١٨-١٩، سـاڵی شـەشـەم، یۆنیـۆ ١٩٩٤/ موحەڕڕەم ١٤١٥ك (سوێد).

* گزینگ: گـۆڤـارێکی وەرزانەی ئەدەبی - فـەرهـەنگییـه، بەرکـار و بەرپرسی نووسین: س. چ. هـێـرش، ژمـاره: ١، پاییـزی ١٩٩٣، ژمـاره: ٢، زسـتـانی ١٩٩٤، ژمـاره: ٣، بەهاری ١٩٩٤، ژماره: ٤، هاوینی ١٩٩٤ ( سوێد).

* کۆمار: گۆڤارێکی گشتیی ڕۆشنبیریی - کولتوورییە، ژمـاره: ١٥، سـاڵی دووەم، خـاکەلێـوەی ١٩٩٤، ژمـاره: ١٦-١٧، گەلاڕێزان (سێپتەمبەر)ی ١٩٩٤ (سوێد).

*خوێندکاری کورد: گۆڤاری ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورده لە ئەورووپا، ژماره: ١٩، نەورۆزی ٢٦٠٦ - ١٩٩٤ (ئەڵمانیا).

* ڕووناکبـیـری: گـۆڤـارێکی کـولتـووریی گـشـتـییـه ( سـەرنووسـەر ئەنوەر قـادر مـحـەمـەد)، لە بڵاوکراوەکانی کـۆمـەڵی هونەری کـوردی لە سـوێد، ژمـاره: ٣-٤، دیسەمبەری ١٩٩٣(سوێد).

* دلانپـار: دەنگی کـۆمـیـتـەی ئاشـتی و پشـتگـیـریی نیـشـتـمـانیی کـوردسـتـان، ژمـاره: ١، خـولی چوارەم، ١٩٩٤/٣/٢٥، ژمـاره: ٢، خـولی چوارەم ١٩٩٤/٦/٢٥ (فینلاند).

* ڕۆژا نوو: کۆڤارا هونەری، چاندی وو ئەدەبی، خوەدی: کۆمکار - سوێد، هەژمار: ٣٩، هەزیران ١٩٩٤(سوێد).

* پەیامی کـوردایەتی: بنکەی پەخش و بڵاوکـردنەوەی نەتەوەیی - پاسۆک - لە دەرەوە، ژمـاره: ١، ئەپریلی ١٩٩٤ (سوێد).

* نووبهار: مەهنامەیا چاندی، هونەری، ئەدەبی، هەژمار: ٢٠، سال: ٢، گولان ١٩٩٤، هەژمار: ٢١، هەزیران ١٩٩٤، هەژمار: ٢٢. تیرمەه ١٩٩٤(ئەستەمووڵ، تورکیا).

* الاستـقـلال: نشرة سياسية، ثقافية و اخبارية شـهرية تعنى بالقـضـية الكردية، العـدد الاول، جـولاى ١٩٩٤م/ محرم ١٤١٥هـ ، العدد الثانى، اغسطس ١٩٩٤م - صفر ١٤١٥ هـ (پاكستان).

* ڕەنگین: گـۆڤـارێکی مـانگانەی سیـاسـیی گـشـتـییـه دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە وەزارەتی ڕۆشنبـیـری و ڕاگـەیاندن لە بەغـدا دەری دەکـات، ژمـاره: ٦٧ی ساڵی ١٩٩٤ز - ١٤١٤ك (بەغدا، عێراق).

* بەیان: گـۆڤـارێکی ئەدەبییـە دەزگـای ڕۆشنبـیـری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەری دەکـات، ژمـاره: ١٧٤، سـاڵی ١٩٩٤ (بەغدا، عێراق).

* کـاروان: گـۆڤـارێکی مـانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبـیـرییـه وەزارەتی ڕۆشنبـیـریی حکوومـەتی هـەرێمی کـوردسـتـان دەری دەکـات، خـولی ڕاپەڕین، ژمـاره: ١٠، سـاڵی ١٩٩٤ (هەولێر، کوردستان).

* دیدار: گۆڤاری یەکێتیی لاوانی کورد - سوێد، ژمـاره : ١٠ و ١١، حوزەیران/ پووشپەڕی ١٩٩٤(سوێد).

* سیمرغ: گۆڤارێکی فەرهەنگیی وەرزییە، یانەی هاوکار

له بەلژیک [ بە کــــوردی و فــــلامـی] دەری دەکــــات (سەرنووسەر: ئامانج شاکەلی، خاوەنی ئیمتیاز: فوئاد عەبدولڕەحمان)، ژمارە دوو، ساڵی یەکەم، هاوینی ١٩٩٤(بەلژیک).

* کوردستانی نوێ ـ چاپی دەولی: مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوو هەفتەی جارێک دەری دەکات، ژمارە (٢)، هەینی ٩ی ئەیلوولی ١٩٩٤.

* سروە : گۆڤاری فەرهەنگی ـ ئەدەبی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، ئینتیشاراتی سەلاحەددینی ئەییووبی بڵاوی دەکاتەوە، ژمارە: ٨٦، خەرمانانی ١٣٧٢، ژمارە: ٨٧، ڕەزبەری ١٣٧٢، ژمارە: ٨٨، خەزەڵوەری ١٣٧٢(کوردستانی ئێران).

* ئاوێنە : فەرهەنگی ـ ئەدەبی ـ کۆمەڵایەتی، دوو مانگ جارێک دەردەچێ، ژمارە: ١٤ – ١٥، ساڵی ١٣٧٣ (تاران).

* نوودەم: کۆڤارا هونەری، ئەدەبی وو چاندی( خودەی وو بەرپرسیارێ گشتی: فرات جەوەری)، هەژمار: ١٠، هاڤین ١٩٩٤(سوێد).

Hawkar: Newsletter of Hawkarani Kurdistan, Issue No.14/ 15 January/ February, No.16/17,March/ April 1994, Issue No. 18/19, June/July 1994 (London).

Kurdish Life:Published by the Center for Research, the Kurdish Library, Number 9, Winter1994, Number 10, Spring 1994 (New York).

Kurdistan in the media, published by Kurdish National Congress of North America, volume V, No. 1, January - May 1994.

Namah, newsletter produced three times annually by the Badlisy Center For Kurdish Studies, Volume II, Number 2, Summer 1994 (USA).

## کاسێت

* شارەکەم سنە ( شیعر و مۆسیقای کوردی) ، ئامادەکردن و سەرپەرشتی: ماجد مەردووخ ڕووحانی، هۆنراوەکان و خوێندنەوەیان : موحیەددین حەقشناس، تاکژەنی مۆسیقا: جەمشید عەندەلیبی ( گێڕانەوەی مێژووی کۆمەڵایەتیی شاری سنەی پێتەختی کوردستانی ئەردەڵانە، وێڕای کۆمەڵێ گۆرانی و ئاوازی هونەرمەندانی کوردستان)، دوو کاسێتە لە بەرگێکی جوان و ڕازاوەی هونەرمەندانەدا، لە بڵاوکراوەکانی پەخشخانەی سروش، تاران.

## ... و بەڵگەنامە

* سۆکسە ؛ ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورووپا: نابێ هەڵەب ـ شیمامان لەبیر بچێتەوە ( بە زمانی ئاڵمانی)، بەرلین ١٦/٣/١٩٩٤.

*مراقب کردی: ملاحظات حول الوضع الاقتصادی فی اقلیم کردستان العراق، ایار ١٩٩٣– نیسان ١٩٩٤.

* کۆمیتەی دژی کوردکوشتن و شەڕی براکوژی: ئەی گەلی کوردی ستەمدیدەی زۆرلێ کراو (بەیانێک لەمەڕ شەڕی براکوژی)، ٥/٥/١٩٩٤.

* مراقب کردی: اخبار مقلقة من اقلیم کردستان، مرة اخری اشتباکات بین الطرفین الرئیسیین من النخبة

السياسية، ١١/٥/١٩٩٤.

* جمعية الاكراد الفيلية: نداء من لجنة ادارة الصندوق الخيرى لدى جمعية الاكراد الفيلية.

* دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کورد لە دەرەوەی وڵات: بانگەواز ( لەمەڕ ڕووداوەکانی ڕۆژانی دوایی لە کوردستانی باشوور)، ستۆکهۆڵم ١٢/٥/١٩٩٤.

* کۆمیتەی کارگێڕی کۆمەڵەی پزیشکی کوردستان لە سوێد: بەڕێز کاک کۆسرەت سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ( لەمەڕ هەواڵی تێک هەڵچوون و شەڕی براکوژی لە کوردستانی باشوور)، ١٢/٥/١٩٩٤.

* جمعية الاكراد الفيلية ( و چەند کۆمەڵەیەکی دیکە): بیان ( الانباء الواردة من كردستان العراق)، ستوكهولم ١٥/٥/١٩٩٤.

* السيد مسعود البارزانی: نداء [حول وقف القتال والكف عن سفك دماء الكورد بايدى الكورد]، ليلة ١٩/٥/١٩٩٤.

* کۆمەڵەی کوردی فەیلی(و چەند کۆمەڵەیەکی دیکە): بۆ حوکوومەتی سوێدی، تکایەک ( بە زمانی سوێدی)، ٢٣/٥/١٩٩٤.

* کوردە ئاوارەکان: بەڕێزان ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کوردستان/یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ( نامەیەکی نارەزایی و پێشنیاز)، ئایاری ١٩٩٤.

* قوتابییە کوردەکانی قوتابخانەی نویهێم لە کاترینەهۆڵم ( ڤینۆس مەحموود، سەبری ئەلیاسی، سەفین ڕۆژبەیانی، بروسکە محەمەد، فەوزیە ئەلیاسی، پەرەستۆ ڕۆژبەیانی، ڤیان ڕۆژبەیانی، کانیاو کەریم، کاروان حەمە سەعید، بێریڤان ئەکرەم، هاوار سالار، مەرزیە حسێن، مەهاباد شێرخان، خەندە سۆفی): بۆ بەڕێزان مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی، ٢/٦/١٩٩٤.

* رئيس التحرير(خەبات): السلام الداخلى اساس للتعايش السلمى مع الشعوب المجاورة، ٢٩/٦/١٩٩٤.

* الحزب الاسلامى الكردستانى: نداء الى الراى العام العالمى حول التهجير الجماعى التركى للمدنيين الكرد، ٢٠ تموز ١٩٩٤.

---

## کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد - کوردستان

لەم ڕۆژانەدا ئەم کتێبانەی بڵاوکردۆتەوە:

١- محەمەد ئەمین حسێن : سەلیقەی کوردەواری

٢- عەزیز کەیخوسرەوی : چاوپێکەوتنێکی تیشکهاوێژ؛ فەرهاد شاکەلی لە مەسەلەکانی فەرهەنگی کورد دەدوێت

٣- فەرهاد شاکەلی : نیگاری تۆ لە دیواری زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم.

دەتوانن ئەم کتێبانە لە ڕێگەی گۆڤاری مامۆستای کوردەوە داوا بکەن. نرخی کتێبەکان ( بە پارەی پۆستیشەوە) بەم جۆرەیە:

| کتێب | سوێد | ئەوروپا | دەرەوەی ئەوروپا |
|---|---|---|---|
| سەلیقە | ٤٠ کرۆن | ٤ پۆند | ٨ دۆلار |
| چاوپێکەوتنێکی | ٢٥ کرۆن | ٢ پۆند | ٥ دۆلار |
| نیگاری تۆ | ٤٥ کرۆن | ٥ پۆند | ١٠ دۆلار |

# ڕانانی کتێب و گۆڤار

پەیامنێرتان لە سەرایێڤۆوە

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: حەمەسەعید حەسەن

مردن ئەوەندەی کراسەکەی بەرم لێمەوە نزیکە. زلاتا

هاوینی ١٩٩٣ چەند کەسێک لە (یونیسێف)ەوە سەردانی سەرایێڤۆیان کرد، لەوێ دوای پێوەندی کردن بە منداڵانەوە داوایان لێ کردن، دەفتەری بیرەوەرییەکانی ڕۆژانەی خۆیان بخوێننەوە. بیرەوەرییەکانی زلاتا، کیژۆڵەی یازدە ساڵان، سەرنجی ڕاکێشان. ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسایی بیرەوەرییەکانی زلاتای نیشانی دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی فەرەنسایی دا، دەزگاکە یەکسەر بڕیاری بڵاوکردنەوەی بیرەوەرییەکانی زلاتای دا. زلاتا لە بیرەوەرییەکاندا هەندێ جار خەو بەوەوە دەبینێ: ببێتە باڵندەیەک و بفڕێ و دۆزەخی سەرایێڤۆ بەجێ بهێڵێ. زلاتا باس لە ژیانی منداڵانی سایەی شەڕ دەکات و پێی وایە شەڕەکە، شەڕی نێوان سەرب و کروات و موسڵمان نییە، بەڵکە شەڕی نێوان پڕوپووچەکانە.

دوای وتووێژی نهێنیی نێوان پیاوێکی فەرەنسایی و دەسەڵاتدارانی سەرب، زلاتا و خێزانەکەی سەرایێڤۆیان بەجێ هێشت و گەیشتنە پاریس، یەکەم کاری زلاتا لە فەرەنسا ئەوە بوو: جووتێ پێڵاوی نوێی کڕی، چونکە پێڵاوە کۆنەکانی کە دوو ساڵ بوو لە پێی دەکردن، تەواو بە پێی بچووک بووبوونەوە. ئاخر لە سەرایێڤۆ نە پێڵاو هەیە، نە ئاو، نە کارەبا، نە خۆراک. لەوێ حەفتا هەزار منداڵ لە هەلومەرجێکی گەلێک دژواردا لە سێبەری ئەو شەڕە نەفرەتییەدا (ژیان) بەسەر دەبەن. زلاتا نوێنەری ئەو منداڵانەیە بۆ سەراپای جیهان و باس لە ژیانی منداڵی ناوچەرگەی شەڕی ناوخۆ دەکات، بەرزترین ئاواتیشی ئەوەیە: بە دیداری وڵاتەکەی شاد بێتەوە، بە مەرجێ ئاشتی سەروەر بێ نەک شەڕ.

چەند لاپەڕەیەک لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی زلاتا:

دایکم گەرچی سەرومڕ دەگری، کەچی دەیەوێ لێمی بشارێتەوە، بەڵام من هەموو شتێک دەبینم. دەزانم لێرە چ باسە. دەبینم ئاشتی کۆترێ بوو، کوژرا. شەڕ لەناکاو خۆی گەیاندە شارەکەمان، ماڵەکەمان، بیر و ژیانمان.

١٩٩٢/٤/١٨

سەلما گورچیلەیەکی لە دەست دا. نینایش مرد، پارچە تۆپێ بەر سەری کەوت. نینا کچێکی جوان و ڕووخۆش بوو، لە باخچەی منداڵانەوە پێکەوە بووین و هەمیشە پێکەوە یاریمان دەکرد. بە ڕاست ئیدی هەرگیز نایبینمەوە! نینا کچێکی بێتاوانی یازدە ساڵان بوو، بووە قوربانیی شەڕێکی کەرانە. پەستم و دەپرسم: بۆچی؟ ئەو هیچی نەکردبوو. ئای چ شەڕێکی پیسە، ژیانی منداڵانی خاپوورکردووە. نینا: هەرگیز لە بیرت ناکەم.

١٩٩٢/٥/٧

هەر مرۆڤە و دەکوژرێ، بێ ئەوەی کەسێ بتوانێ بە هاواریانەوە بچێ. خوایە ئەمە چییە ڕوو دەدا؟ ئەوەندە پەست و تووڕەم، حەز دەکەم بقیژێنم و هەرچی هەیە و نییە تێکی بشکێنم.

١٩٩٢/٥/١٣

دەسەڵاتدارانی شەڕخواز نە هیچ سەبارەت ئەوین دەزانن، نە مەبەستیشیانە هیچ ڕزگار بکەن. ئەوان تەنیا سووتاندن و تێکدان و خاپوورکردن دەزانن. (زێترا)یشیان سووتاند، ئەو گۆڕەپانە دڵگیرەی جێگەی یاریی ئۆڵۆمپی بوو. وا هەست دەکەم هیچ شتێ ڕزگاری نابێ.

١٩٩٢/٥/٢٥

نەخۆشخانەی ژنان، ئەو جێیەی منی تێدا لە دایک بووم، ئەوێشیان سووتاند. ئەو کاتەی ئاگر لە نەخۆشخانەکەوە بڵند دەبووەوە، هاوکات دوو ژن منداڵیان دەبوو. خوایە گیان خەڵکی دەکوژرێن، شتومەک دەسووتێن، منداڵ لەناو کڵپەی ئاگردا لە دایک دەبێ.

١٩٩٢/٥/٣٠

خەمناکی، تەقە، تۆپباران، ڕەشەکوژی، بێئومێدی، برسێتی، کوێرەوەری، ترس... ئەمەیە ژیانی من، ژیانی کچە قوتابییەکی بێتاوانی یازدە ساڵان. کچە قوتابییەکی بێ قوتابخانە، بێ شادی. منداڵێکی بێ یاری، بێ هەڤاڵ، بێ خۆر، بێ مەل، بێ سروشت، بێ میوە، بێ شیرینی. ئەوەی هەیە تەنیا نەختێ شیری وشکە، بە کورتییەکەی: منداڵێکی بێ منداڵێتی. منداڵێکی سەردەمی شەڕ. ئێستا دەزانم کە من لە ناوجەرگەی شەڕدا دەژیم. من بینەری شەڕێکی پۆخڵم کە خوازیاری نیم. من و هەزاران منداڵی دیکەی ئەم شارە، کە خەریکە بە تەواوی کاول دەبێ، دەگرین، هەنسک هەڵدەدەین و داوای یارمەتی دەکەین، بەڵام کەس بە دەنگمانەوە نایە. خوایە گیان: کاتێ دێت، ئەم شەڕە کۆتایی بێت؟ کاتێ دێت بچمەوە قوتابخانە؟ کاتێ دێت خۆشی لە ژیانی منداڵێتیم ببینم؟ بیستوومە منداڵی خۆشترین سەردەمی ژیانە، کەچی ئەوەتا ئەم شەڕە پۆخڵە منداڵێتیی لێ دزیوم. هەست دەکەم زۆر پەستم، دەمەوێ بگریم، دەگریم.

١٩٩٢/٦/٢٩

من لە ژێرزەمیندا ژیان بەسەر دەبەم و منداڵانی دیکەیش پشووی هاوینیانە و لە کەناری زەریا مەلە دەکەن و خۆیان دەدەنە بەر خۆر. خوایە چیم کردبوو تا شیاوی ژیانی ژێر سێبەری ئەم شەڕە نەفرەتییە بم و بە شێوەیەک بژیم کە هیچ منداڵێک نابێ وەها بژی؟

١٩٩٢/٧/٥

هەواڵێکی ناخۆشی دیکە، کوڕێک کە پێکەوە لە گرووپێکدا ئەدەبمان دەخوێند، کوژرا. ئەویش پارچەی تۆپی بەرکەوت. ئای چەند کوڕێکی دڵۆڤان بوو! خوایە گیان ئیتر بەس نییە؟

١٩٩٢/٩/١٥

بەهار هات و ڕۆیشت. هاوین هات و ڕۆیشت. ئێستا پاییزە، ئوکتۆبەر دەستی پێ کرد و شەڕ هەر بەردەوامە. خوایە گیان کەس هەیە بیر لە ئێمە بکاتەوە؟ چۆن ئەم زستانە بێ کارەبا، بێ ئاو، بێ گاز لەناو شەڕدا بەسەر بەرین؟

١٩٩٢/١٠/١

سیاسەت هیچی نوێی تێدا نییە. ئەوان وتوویژ دەکەن و بڕیار دەدەن و ئێمە دەکوژرێین، ڕەق دەبینەوە، لە برساندا

دەمرین، دەگریین، لە هاوڕێکانمان جیا دەبینەوە و هەرە خۆشەویستەکانمان بەجێ دەهێڵین.

زۆر هەوڵ دەدەم لەم سیاسەتە کەرانەیە تێبگەم، چونکە دەزانم سیاسەت بوو، کارێکی کرد شەڕ هەڵبگیرسێ و درێژەی هەبێ و ژیانمان لێ ببێتە دۆزەخ. لە نێوان هاوڕێکانمدا، لە نێوان هاوڕێکانی خێزانەکەمدا، خەڵکی سەرب و کروات و موسڵمان هەن. هاوڕێکانمان کۆمەڵێ خەڵکی تێکەڵن و هەرگیز نەمزانیوە کامیان سەربە، کرواتە، یان موسڵمان؟ نازانم بۆچی سیاسەت لەیەکترمان دادەبڕێ؟ ئێمە خۆمان دەمانزانی کێ چاکە و کێ خراپ. من بچووکم و سیاسەت کاری گەورەکانە، بەڵام وای بۆ دەچم، ئێمەی بچووک چاکتر سیاسەتمان دەکرد، بەهەرحاڵ دڵنیام هەرگیز شەڕمان هەڵنەدەبژارد.

١٩٩٢/١١/١٩

دنیا زۆر ساردە. بەڕاستی زستان هات. جاران زستانم خۆش دەویست و خۆشیم لێ دەبینی، بەڵام ئێستا زستان میوانێکی ئێسکگرانە. گوڵەکانمان لە سەرمادا سیس هەڵگەڕاون، لەو ژوورەن کە ناتوانین گەرمی بکەین. ئێستا خۆمان لە مووبەقەکە دەژیین، تەنیا لەوێ ئاگر دەکەینەوە و هەر لەوێش دەخەوین. مەپرسە لێم لەسەر پیجامەکانمەوە چەند بلووزم لەبەردایە. ئێستا مووبەقەکەمان: مووبەقە، ژووری دانیشتنە، ژووری نووستنە و سەرشۆرکیشە.

١٩٩٢/١٢/٦

دوێنێ ئاهەنگی لەدایکبوونی حارس بوو. بەڕاستی خۆش بوو. خەڵکێکی زۆر هاتبوون. گەر گەورەکان نەیانکردایە بە باسی سیاسەت، زۆر خۆشتریش دەبوو. تا سنووری مردن بە دەست سیاسەتەوە ماندووم.

١٩٩٣/٢/١٥

نە درەخت ماوە نە مەل. شەڕ ئەوانیشی لەناوبرد. بەهارە و جریوە و جووکەی مەل نابیستریێن. کۆتر کە سیمبۆلی سەرایێڤۆ بوو، قڕی تێ کەوت. نە منداڵی دەم بە پێکەنین ماوە نە یاری. منداڵ ئیدی منداڵ نین، منداڵێتییان لە دەست داوە. وا پێ دەچێ سەرایێڤۆ لەسەرەخۆ بمرێ و بزر بێ. ژیان بەرەو بزربوون هەنگاو دەنێ.

چۆن هەست بە بەهار بکەم؟ چۆن بەهار دەبێتە نیشانەی ژیان، کە ژیان خۆی بوونی نەبێ؟ لێرە لەوە دەچێ هەموو شتێ مردبێ. پەست و پەستتر دەبم. هەر کە بیر دەکەمەوە خەمباری دامدەگرێ.

١٩٩٣/٣/١٥

هەست بە پەستی و ترس دەکەم. دەپرسم: ئاخۆ دەیانەوێ ناچارم بکەن بەرەو کوێ بڕۆم؟ دەپرسم: بۆچی هێمنی و منداڵێتییان زەوت کرد؟ جاران بە زەردەخەنەوە بەرەو رووی هەموو ڕۆژێکی نوێ دەبوومەوە. هەموو ڕۆژێکم جوانیی خۆی هەبوو. جاران خۆشیم لە خۆر دەبینی، یاریم دەکرد، گۆرانیم دەگوت. بەکورتی خۆشیم لە منداڵێتیم دەبینی. تاقە شتێ کە حەز دەکەم بیڵێم: ئاشتییە، ئاشتی.

١٩٩٣/٧/١٧

ئەمڕۆ زیکا شتێکی زۆر گرنگ و دڵڕفێنی دامێ؛ پرتەقاڵێکی ڕاستەقینەی تازە. دایکم گوتی: ئا بێنە با بزانم بیرم ماوە پرتەقاڵ چۆن پاک دەکرێ؟ باش بوو لە بیری مابوو، ئای کە ئاودار و خۆش بوو!

١٩٩٣/٩/٥

ناتوانم بڕوا بکەم. ئەمڕۆیش تۆپێک کوڕێکی سێ ساڵانی کوشت و خوشک و دایکیشی بریندار کرد. پازدە هەزار کەس لە

خەڵکی سەرایێڤۆ بوونە قوربانیی گەمەی سیاسەت. لەوانە سێهەزاریان منداڵ بوون. پەنجا هەزاری تر بریندار بوون و زۆریان دەست و لاقیان پەڕی. گۆڕستانەکان جێگەی تەرمی تریان لێ نابێتەوە. دەشێ تەنیا لەبەر ئەمە، ئیتر ئەم شێتییە بەس بێ.

١٩٩٣/٩/١٧

یارییە مێژوویییەکەی نێوان شەڕ و ئاشتی ئەمجارەیش دوایی هات. هەمدیسانەوە ئاشتی دۆڕاندی. منیش فێری سیاسەت بووم.

١٩٩٣/٩/٢١

سەرایێڤۆ = سلێمانی

هاوزەمان لەگەڵ نوێبوونەوەی شەڕی ناوخۆ لە خوارووی کوردستان، خەریکی خوێندنەوەی بیرەوەرییەکانی زلاتا بووم. زلاتا تەنیا باسی خۆی ناکا، تەنیا باسی منداڵانی سەرایێڤۆ ناکا، باسی هەموو منداڵانی سایەی شەڕ، لە هەر کوێیەک بن، دەکا.

زلاتا فێری کردم زاراوەی شەڕی براکوژی ڕەت بکەمەوە و بەدوای زاراوەیەکی ڕاستتردا بگەڕێم. چونکە ئەوانەی ئێستا لە خوارووی کوردستان ئاگری شەڕ هەڵدەگیرسێنن و ئەوانەیشی سەرقاڵی بۆسە نانەوە و پەلاماردان و کوشت و بڕن، واتە: ئەوانەی بڕیاری شەڕ دەدەن و ئەوانەیشی جێبەجێی دەکەن، سەر بە هەر لایەنێ بن، برای کورد نین، دوژمنی سەرسەختی ئێستا و داهاتووی کوردن. ئەوانە بازرگانانی خوێنن، تەوروەشێنەکانی شاخ و مافیاکانی شارن. لە هەموو کۆمەڵگایەکدا کەسانی پرووپووچ هەن، ئەوانە پڕوپووچەکانی کۆمەڵگای کوردەوارین.

(ئەوە کانیاوی خوێنە بە کۆڵان و شەقامەکانی شارەکەمدا ڕێ دەکا و خوڕەی دێ، بۆیە زلهێزەکان بێدەنگن. ئەگەر نەوت بوایە لە مێژ بوو هاتبوون و ئاشتییان سەپاندبوو.)

ئەمە قسەی پیاوێکی دینداری خەڵکی سەرایێڤۆیە. زۆرم لەسەر ئەو شەڕە بەر گوێ کەوتووە و خوێندۆتەوە، هێشتا قسەیەکم لەوە ڕاستتر نەبیستووە و نەدیوە. ئەو قسەیە بۆ سلێمانی و هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان هەر جێی خۆیەتی.

سەرچاوەی ئەم نووسینە (بیرەوەرییەکانی زلاتا)یە، کە لۆیسە مۆیێل لە فەرەنسییەوە کردوویە بە سوێدی و دەزگای بڵاوکردنەوەی ڕێختەر لە مالمۆ - سوێد، لە سەرەتای ئەمساڵدا (١٩٩٤) بە چاپی گەیاندووە.

## هەڵەبجە:

## گۆڤارێکی ڕۆشنبیرییە بە زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچێت، ژمارە ١٨-١٩، حوزەیرانی ١٩٩٤، سوێد.

کە چەند ساڵێ لەمەوبەر گۆڤاری هەڵەبجە بڵاوکرایەوە و ژمارەکانی سەرەتایم بەرچاو کەوت، وام دانابوو ئەویش

یەکێک دەبێ لەو دەیان و سەدان نامیلکە و بڵاوکراوە سیاسی و دینی و ئەدەبییانەی وەک مۆدە دەردەکەون و برێ خەڵک بە خۆیانەوە خەریک دەکەن و پاشان، هەر وەک دەرکەوتنەکەیان، لەپڕیش ون دەبن و ناویان دەچێ بە گەرووی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا. بەڵام ئەمجارە وا نەبوو..!!

هەڵەبجە لە سەرەتادا هەر وەک ئۆرگانی گرۆیەکی ئیسلامیی نەریتخوازانە بوو. زۆرتر خۆی بە باس و خواسی دین و شەریعەتەوە خەریک دەکرد، ئەگەرچی ئاوڕێکی کەمیشی لە فەرهەنگی کورد دەدایەوە، بەڵام ژمارە لە دوای ژمارە رووبەرێکی زیاتر درایە فەرهەنگ و باسی سیاسیی بزووتنەوەی کوردایەتی و بەمەش سەنگ و بایەخی گۆڤارەکە پتر بوو. لە رووی تەکنیکی دەرهێنانەوە هیچ پێشکەوتنێک لە ئارادا نەبوو؛ هەر لاپەڕەی نوشتاوە و دوو دەرزییەکە بوو.

ژمارەی تازەی هەڵەبجە هەنگاوێکی باشی بۆ پێشەوە ناوە، چ لە رووی فۆرم و دەرهێنانەوە و چ لە رووی ناوەڕۆکەوە. چاکترین و بەرچاوترین بابەتی ئەم جووتژمارەیە ئەو گفتوگۆیەیە کە سەرنووسەری گۆڤارەکە لەگەڵ مامۆستا شێخ عیززەددینی حوسەینی کردوویەتی. ئەمە یەکەمین جارە هەست دەکەم مامۆستا لە بازنەی بیروباوەڕ و بۆچوون و روانگە تیۆرییەکانی "خۆی"دا قسە دەکات؛ کوردایەتی و ئیسلام. هەر بۆیەش هەست دەکەیت لە دڵەوە قسە دەکات. سەدان کەس کە تا ئێستا قسەیان لەگەڵ مامۆستادا کردووە، هەمیشە هەوڵیان داوە بۆ ناو جۆرە باسێکی رابکێشن کە خۆیان هەڵیانبژاردووە و ویستوویانە مامۆستاش بکەنە هاوبیر و پاڵپشتێک بۆ خۆیان.

ئەگەرچی لەم سێ - چوار ساڵەی دواییدا هەندێ گۆڤار و نامیلکە و چاپەمەنیی ئیسلامی دەرچوون، بەڵام دیارە بازاڕی فەرهەنگی کوردی پێویستی بە زۆری دیکەیە، زۆری وا کە نوێنەری ئیسلامێکی کوردانە و کوردایەتییەکی ئیسلامی بێت. گرۆ و هێز و پارتییە ئیسلامییەکان ئەگەر دەیانەوێ لە کۆمەڵی کوردەواریدا جێگەی شیاو و شایانی خۆیان لە پرۆسەی گەشە پێدانی بیر لە کوردستاندا و بە دوویشیدا گۆڕینی کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەبێ، دەبێ ئیسلام بە جۆرێکی دیکە پێشکەش بکەن. ئێستا ئیدی باوی ئەوە نەماوە بە خوێنەری کورد بڵێی چاکەی دەستنوێژ هەڵگرتن چییە و پێش دەست پێ کردنی نان یا گان (جووتبوون) دەبێ (بسم الله) بکەیت !!. دەبێ ئیسلامی ئەمڕۆ رێگە و وەڵام و چارەسەری پێ بێت. دەبێ لە سەردەمی کۆمپیووتەر و ئەیدز و هەندەسەی جینەکان و سەلمان روشدیدا و لە سەردەمی سیاسەتی رێکخستنی تازەی دنیا و نەمانی کۆمونیسمدا، مرۆڤی کورد تێ بگەیێنێ کە ئیسلام چیی پێیە و دەتوانێ بۆ رزگاریی ئەو و خاکەکەی چی بکات.

سەرنجێکی گرنگ کە ناکرێ لێی بێدەنگ بین زمانی گۆڤارەکەیە. بەشێکی زۆری وتارەکان بە زمانێکی لاواز نووسراون. دەبێ دەستەی نووسەران چاو بە زمانی هەموو نووسراوەکاندا بگێڕنەوە و دەستکاریی بکەن و راستی بکەنەوە.

هیوادارم ئەم هەنگاوە تازەیەی گۆڤاری هەڵەبجە هەنگاوی چاکتر و گەورەتری بە دوودا بێت و بتوانێ سەرنج و زەین و هۆشی خوێنەری کورد بە لای خۆیدا رابکێشێ.

**ف . هاوڕاز**

## دیدار: گۆڤاری یەکێتیی لاوانی کورد لە سوێد، ژمارە ١٠-١١، پووشپەڕی ١٩٩٤.

بێ ئەملاو ئەولا، لە رووی تەکنیک ورازاندنەوەوە، دیدار جوانترین و ناسکترین گۆڤارێکی کوردییە تا ئەمڕۆ من چاوم پێ کەوتبێت. وێنەی جوان و رەنگداری کچانی جوان و ئێسکسووک و کوڕانی قۆز و رووخۆش، رێکخستن و خۆشنووسیی

سەرنجڕاکێش، بەکارهێنانی ڕەنگ بۆ بەرگ و هەندێ لاپەڕەی ناوەوەش... هەموو ئەمانە گۆڤارەکەیان کردۆتە پێشانگەیەکی ڕازاوەی گەنجانە( گۆڤارێکی لاوان هەر دەبێ وا بێ ).

دیدار هەر لە سەرەتاوە خووی دایە گیروگرفتی لاوانی کورد، بە تایبەتی لە ئەوروپا. دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە هەوڵیان دەدا بە هەر شێوەیەک بێت لاوان ڕاکێشنە ناو ئەو باس و خواسانەوە کە پێوەندییان بە ژیانی خۆیانەوە هەیە و بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ ڕێنوێنی کردنی لاوان. ئەمەش وەک هونەری ڕۆژنامەگەری هەوڵێکی باش بوو. وا دیارە لە ناو هەموو گیروگرفتەکانی لاواندا مەسەلەی سێکس و پێوەندیی نێوان کچان و کوڕان مەسەلەی هەرە گەرم بوو. لە زۆربەی ژمارەکاندا لەسەر ئەم باسانە نووسراوە و قسەیان لەسەر کراوە. بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەش لە بیر نەکەین کە نووسراو و گفتوگۆیەکان ، یەک دوویەکیان لێ دەرچێت ، لە پلەیەکی یەکجار نزم و نازانستی و بێتامدا بوون. هۆیەکی ئاشکرای ئەم لاوازییە، پێم وایە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە باسەکە خۆی لە خۆیدا بۆ کورد و بە زمانی کوردی تازەیە و پێشینەیەکی ئەوتۆی نییە. بەڵام لایەنەکەی دیکەش ئەوەیە کە نووسەرانی ئەو جۆرە باسانە خۆیان ناشارەزان و دوورن لە بنەماکانی باس و لێدوانی زانستی و لێزانانەوە. ئەوان مەبەستی یەکەمیان ورووژاندنی خوێنەران بووە، نەک ڕێنوێنی کردنیان.

فەرهەنگ و بە تایبەتیش ئەدەبییات لە گۆڤارەکەدا جێگەیەکی باشی پێ نەدراوە. ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی بڵاو دەکرێنەوە، شیعر و چیرۆک، لاوازن و بە هیچ جۆرێ نابنە نموونەی بەرهەمی لاوی ئەمڕۆی کورد. دەبوو دەستەی نووسەران بایەخێکی زۆر بدەن بە ناساندنی کتێبی چاک، چ کوردی و چ زمانی دیکە، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی لاوانی کورد بەرەو خوێندنەوە و سەرخستنی پلەی زانیارییان.

ئەگەرچی گۆڤارەکە گۆڤاری لاوانە، بەڵام دەبوو چەند لاپەڕەیەکیش بۆ منداڵان تەرخان بکرێت، هەر نەبێ لەبەر ئەوەی منداڵانی کورد گۆڤارێکی ڕێکوپێک و سەربەخۆیان نییە و لەو پێویستییە گرنگەی ژیانیان بێبەشن.


شتی هەرە گرنگ و سەرنجڕاکێش لە گۆڤاری دیداردا ئەو زمانە کوردییە لاواز و بێپێزەیە کە سەرانسەری بەشەکانی داگیر کردووە. بۆچی؟ ئایا هەر لەبەر ئەوەی ئەم لاوە خۆشەویستانە لە کوردستان ناژین، ئیتر ئەمە دەبێتە بیانووی ئەوەی کە کوردی نەزانن؟ خۆ هیچ نەبێ دەتوانن بابەتەکان بدەنە زمانزانێک بۆیان دەستکاری و چاک بکات. کە دەڵێم زمان مەبەستم ڕێزمان و ڕێنووسیشە. بە گشتی بەشەکەی کوردیی باشوور(خواروو) لە بەشەکەی کوردیی باکوور(سەروو) باشترە. ئەم جووت زاراوە بەکارهێنانەش لە خۆیدا گرفتێکی دیکەیە. جاران لێرەش بنەمای ٥٠٪ بە ٥٠٪ بەکار دەهات . پێم وایە چاکترین ڕێگا ئەوە بێت کە نووسینی باش بڵاوبکرێتەوە، ئیدی بە کامە دیالێکت دەبێت با ببێت . هەروەها چاک دەبوو هەندێ جار نووسراوی کرمانجی بە ئەلفوبێی کوردیش بڵاوبکەنەوە، نەک تەنیا بە ئەلفوبێی لاتینی - تورکی، کە دەبێتە هۆی کوشتن و لەناوبردنی کۆمەڵە دەنگێک لە زمانی کوردیدا . دیارە ئەمە تەنیا گیروگرفتی دیدار نییە، بەڵکە هی بەشێکی زۆری چاپەمەنییەکانی دەرەوەی کوردستانە .

ئامانجی ئەم سەرنج و بۆچوونانەی من تەنیا ئەوەیە کە لاوانی کورد زیاتر خۆیان ماندوو بکەن، خۆیان و گۆڤارەکەیان پێش بخەن. لاوان ئەو وزەیەن کە هێشتا بە تەواوی نەکەوتۆتە کار و دەتوانن و دەبێ پاشەڕۆژی نەتەوە و نیشتمانەکەیان بەرەو بەندەری خۆشبەختی و پێشکەوتن ببەن. بۆ لاوان فێربوونی زمانەکەی خۆیان و پێشکەش کردنی بەرهەم و لێکۆڵینەوەی زانستی بە زمانی کوردی ئەرکێکی سەخت و لەکردن نەهاتوو نییە .

ف . هاوڕاز

# ئارتور لوندکڤیست Artur Lundkvist

فەرهاد شاکەلی ئامادەی کردووە



تەنیا ناوێک نەبوو. یەکێک نەبوو لەو دەیان و سەدان و هەزارانەی دەیاننووسی و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فەرهەنگی گەلی سوێدیان دەوڵەمەند و دەوڵەمەندتر دەکرد. لوندکڤیست شاعیر بوو، چیرۆکنووس بوو، ڕۆماننووس بوو، ڕەخنەگر بوو، بڵاوکەرەوەی بیر بوو، یا، وەک ژنەنووسەرێکی ناوداری سوێد نووسیویەتی "زانستگە"یەک بوو. بەڵام لەوەش گرنگتر، لوندکڤیست ڕووناکبیر بوو. تەنیا ڕووناکبیرێکی سوێدی نەبوو، تەنیا ڕووناکبیرێکی ئەورووپاییش نەبوو، بەڵکە ڕووناکبیرێکی گەورەی جیهانی بوو.

هەر لە سەرەتاوە بە گوڕ هاتە ناوەوە، هەر زوویش هەمووانی بە خۆیەوە خەریک کرد و هەر زوویش بوو بە پێشەنگ و ڕووبەرێکی گەورە و پانوپۆڕی بۆ خۆی لەسەر نەخشەی فەرهەنگی ئەم سەدەیەی وڵاتەکەی دیاری کرد.

ئارتور لوندکڤیست ساڵی ١٩٠٦ لە هاگستاد، لە خوارووی سوێد، لە دایک بووە. هەر ئەو ساڵە گواستوویانەتەوە بۆ گوندی توارپ. باوکی جووتیارێکی خوێندەوار و دایکی خانمێکی دیندار بووە. ئارتور دەڵێ هەر لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە دەستم بە نووسین کردووە. پێش ئەوەی بنرێمە بەر خوێندن و پێش ئەوەی تیپەکان بناسم، نیگاری تیپی ناو کتێبەکانم دەکێشا. لە خوێندنی قوتابخانەدا زۆر سەرکەوتوو نابێت. لە ڕاستیدا ئارتور هەرگیز خوێندنێکی ڕێکوپێکی نەخوێندووە. لە تەمەنی شانزدە ساڵیدا "کۆمەڵە

"چیرۆکێک" دەنووسێت و دەینێرێ بۆ پەخشخانەیەکی ناوداری سوێد، بەڵام دوای ماوەیەک وێرای نامەیەک و کۆمەڵێ ئامۆژگاری بۆی دەنێرنەوە. ساڵێ دواتریش دیسان کۆمەڵێک دەنێرێ و ئەویشی بۆ دەنێرنەوە. بەڵام هەر لەو ساڵانەدا دەست دەکاتە بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی ناوچەکەی خۆیاندا. ساڵی ١٩٢٤ باوکی ماڵ و زەوییەکانی دەفرۆشێ و دەگوێزنەوە بۆ شارۆچکەی تویرینگە. ئارتور وردە وردە لە ماڵی بابی جیا دەبێتەوە و بە پارەی نووسینەکانی خۆی بەخێو دەکات. ساڵی ١٩٢٥ بۆ یەکەم جار لە ناوچەکەی خۆیان دوور دەکەوێتەوە و لەگەڵ دۆستێکیدا دەچن بۆ کۆپنهاگن و ماوەیەک لەوێ دەبنە سەر، بەڵام بە هەژاری و برسێتی. ئەودەم کۆپنهاگن پایتەختێکی گرنگی فەرهەنگ بووە. ساڵێ دواتر هەر لەگەڵ ئەو دۆستەیدا دەچن بە پێیان بە ناوچەکانی خوارووی سوێددا دەگەڕێن. لە گوندەکان خواردن دەچننەوە و سواڵ دەکەن و شەوانە لە ناو پووش و خەرمان و لە ناو دارستانەکاندا دەنوون. ئەم گەڕانە کارێکی زۆری کردە سەر جۆری بیرکردنەوە و، لە پاشەڕۆژیشدا، نووسینەکانی لوندکڤیست. هاوینی ١٩٢٦ بڕیار دەدات بچێ لە ستۆکهۆڵم بژی و ببێتە نووسەر. بۆ ئەوەی بتوانێ بگوێزێتەوە بۆ ستۆکهۆڵم و لەوێ جێگیر ببێ لە خوێندنگەیەکی میللی خۆی ناونووس دەکات. پاییزی ئەو ساڵە دێتە پایتەخت و ژیانێکی ئەدەبیی چالاک و بەبەرهەم دەست پێ دەکات.



یەکەمین دیوانی لوندکڤیست، پشکۆ، ساڵی ١٩٢٨ بڵاوکرایەوە. هەر ئەو ساڵە دەچێتە خزمەتی سەربازی. بژیشکی ئۆردوگای سەربازی کە هەست دەکات قورسایی و درێژیی باڵای لوندکڤیست لەگەڵ یەکدا ناگونجێن ( ٧٠ کیلۆ، بەڵام ١٩١ سانتیمەتر!!)، بۆی دەنووسێ کە ماوەیەکی باش لە نەخۆشخانەدا بخەوێ و خواردنی چاکی بدەنێ. لوندکڤیست دەڵێ ساڵانێک بوو بە تەواوی و تێر زگی خۆم نانم نەخواردبوو. لە بەهاری ساڵی ١٩٢٩دا دیوانی دووەمی، *ژیانی ڕووت*، بڵاودەکرێتەوە.

هاوینی ساڵی ١٩٢٩ لوندکڤیست و چوار شاعیر و نووسەری دیکە ( ئێریک ئاسکلوند، جۆزێف شێلگرێن، هاری مارتینسۆن و گوستاف ساندگرێن) گرۆیەکی ئەدەبیی نوێخواز دروست دەکەن و پێکەوە کتێبێک ئامادە دەکەن بە ناوی "پێنج لاو" و گرۆیەکەش هەر ئەو ناوەی بەسەردا دادەبڕدرێت. ئەندامانی گرۆیەکە بە چەپ ناسرابوون و هەندێ کەسیش بە ئاژاوەگێریان ناو دەبردن. لوندکڤیست دەڵێ لەسەر پێشنیازی من نە پێشەکی و نە بەیاننامە و نە جاڕدانی بنەمامان بۆ کتێبەکە نەنووسی. کە "پێنج لاو" بڵاوبووەوە خەڵکێکی زۆری تووڕە کرد؛ لە لایەکەوە ناوی کتێبەکە و ناوی نووسەرەکان بە تیپی بچووک دەست پێ کرابوون، لە لایەکی دیکەشەوە شێوەی شیعرەکان بە تەواوی لە کێش و قافیە ئازاد بوون. لوندکڤیست دەڵێ: تازەگەری لە جێوڕێیەکی بەرهەڵستکارانەدا بوو، لەبەر ئەوە بۆ من سرشتی بوو ببمە تازەگەر. لاسسە سوێدەربێرگ، ئەدەبناسێکی ناسراو و دۆستێکی نزیکی لوندکڤیست، دەڵێ:" بێگومان مەسەلەکە تەنیا بەرهەڵستی کردنێکی زمانەوانی نەبوو، یا ڕاپەڕینێک لە شێوەدا، شیعری بێقافیە دژی قافیەدار، خاڵبەندی نەکراو دژی خاڵبەندیکراو، تیپی بچووک لە سەرەتاوە دژی تیپی گەورە، بەڵکە لەوە قووڵتر بوو. مەسەلە بە ئاوەژوو تێگەیشتنی مرۆڤ بوو". لەم ساڵانەدا لوندکڤیست خوو دەداتە خوێندنەوەی شیعر بە زمانی ئینگلیزی و خۆی فێری تۆزێ فرانساییش دەکات.

ساڵی ١٩٣٠ کتێبی "*پەخشانی زەوی*"و دیوانی سێیەمی، *شاری ڕەش*، بڵاو دەبێتەوە و بە دوویدا دەچێ بۆ پاریس و نزیکەی سێ مانگ لەوێ دەژی. دوای گەڕانەوەی دەست دەکاتە خوێندنەوە و تەرجەمەکردنی شیعری ئەمریکایی. ماوەیەک بیر لەوە دەکاتەوە فیلم ساز بکات، لەگەڵ سێ نووسەری دیکەدا(ستیگ ئالمکڤیست، ئاسکلوند و ئێڤیند یۆنسۆن) فیلمێکی سینەمایی دروست دەکەن بەڵام سەرکەوتوو نابن.

ساڵی ١٩٣٢ کتێبی "*بای ئەتلانتی*" و دیوانی "*پیاوی سپی*" بڵاودەکاتەوە. ئەوجار سەودای سەفەری ئەفریقا دەکەوێتە سەری. بە سواریی کەشتی دەچێ بۆ ئەفریقای باشوور. بە خەیاڵی خۆی دەیەوێ لەگەڵ ڕەشەکاندا پێوەندی دامەزرێنێ، بەڵام سیستەمی ڕەگەزپەرستانە هێندە خورت دەبێ کە ئەم ناتوانێ ئەو دیوارە ئەستوورە ببڕێت. لەوێوە دەچێ بۆ مۆزامبیق و تانجانیکا. لەو سەفەرەدا گەلێ چەرمەسەری دەبینێ. کە دەگەڕێتەوە گەشتنامەیەک دەنووسێ بە ناوی "*کەناری زەنگی*". لەم ساڵانەدا لوندکڤیست دەست دەکاتە خوێندنەوەی دەروونناسی (سایکۆلۆگی) و فرۆید و شیکردنەوەی



Med Maria Wine på Hallands Väderö 1937.

سایکۆلۆگی دەدۆزێتەوە، کە کارێکی زۆر دەکاتە سەر بەرهەمەکانیشی. هەر لەو ساڵانەدا لەگەڵ دوو نووسەری دیکەدا دەست دەکەنە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێک بە ناوی کاراڤان ( کاروان)، بەڵام زۆر بەردەوام نابێ. ساڵی ١٩٣٤ ڕۆمانی "*ڕووبارەکان ڕووەو زەریا دەچمێن*" بڵاو دەکاتەوە و ساڵی ١٩٣٥ کۆمەڵەچیرۆکی " گەشتی

ئاسمان". جارێکی دیکە هەوای سەفەر دەداتەوە لە سەری.

لە پاییزی ١٩٣٥دا سوێد بە جێ دەهێڵێ و دوای دوو



ساڵ دەگەڕێتەوە. لە پێشدا دەچێ بۆ دوورگەکانی کەناری و دوای ئەوسا بۆ سپانیا و لەوێشەوە بۆ وڵاتی مەغریب و پاشان فرانسا و لەوێوە دێتەوە بۆ کۆپنهاگن. لە کۆپنهاگن ئاشنایەتی لەگەڵ کچێکدا پەیدا دەکات ناوی کارلا پێتەرسن دەبێت. ئەم کارلایە پاشان دەبێتە هاوسەری ئارتور و دەبێتە یەکێکیش لە ژنەشاعیرە ناودارەکانی سوێد و بە مارییا ڤینە دەناسرێت. لوندکڤیست دەڵێ ئەگەرچی باوەڕم بە ژنهێنانی ڕەسمی و مارەبڕین نەبوو بەڵام لەبەر دڵی مارییا ڕازی بووم. بەڵام وەکوو تریش چەند مەرجێکی سەخت بۆ مارییا دادەنێ: دەبێ مارەبڕین و ژنهێنانەکە بە شتێکی کاتی و ڕووکەش دابنرێت، نابێ ببێتە هۆی ناچارکردن و بەستنەوەی هیچ کامیان و نابێ منداڵیان ببێت.

لە کۆتایی ساڵانی سی و سەرەتای چلەکاندا، کە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی بوون، ئارتور لەسەر سەفەرکردن و شیعرنووسین و بڵاوکردنەوە هەر بەدەوام دەبێت. لەم ساڵانەدا زیاتر دەبێتە هۆگری شیعری سوورریالی. ساڵی ١٩٣٨ لە پاریس چاوی بە هینری میلەر دەکەوێت. ساڵی ١٩٤٤ لەگەڵ چەند دۆستی نووسەردا یانەی ٤٤ دادەمەزرێنن و گەلێ چالاکیی ئەدەبی و هونەری دەنوێنن. ت. س. ئیلیۆت و هالدۆر لاکسنێس دوو لە میوانە ناودارەکانی یانەی ٤٤ دەبن.

ساڵی ١٩٤٥ بە سەفەر دەچێ بۆ ئەمریکای باشوور و ئەم جارە نۆ مانگی پێ دەچێ. سەر لە زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین دەدات. لە بوێنۆس ئایرێس چاوی بە خۆرخێ لویس بۆرخێس دەکەوێت و لە چیلێ دەبێتە دۆست و ئاشنای پابلۆ نێروودا. ئەم دۆستایەتییەی لوندکڤیست و نێروودا بوو بە دۆستایەتییەکی زۆر بەهێز و هەتا ئەو ڕۆژەی نێروودا کۆچی کرد، ساڵی ١٩٧٣، هەر بەردەوام بوو. لوندکڤیست بەشێکی زۆری لە شیعرەکانی نێروودای کردە سوێدی. کە بوو بە ئەندامی ئەکادیمیی سوێدی و کۆمیتەی خەڵاتی نۆبێلیش ڕۆڵێکی گەورەی لەوەدا هەبوو کە نێروودا خەڵاتی نۆبێل وەربگرێت. دوای مردنی نێروودا، لوندکڤیست قەسیدەیەکی درێژی بۆ شینی نێروودا نووسی کە شاکارێکی گەورەیە. دوای ئەمریکای باشوور لوندکڤیست بەسەر مەکسیکدا دەچێ بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دوو مانگ لەوێ دەمێنێتەوە. لە نیوو یۆرک چاوی بە لانگستۆن هیووزی شاعیری ڕەشپێست دەکەوێ.

لە پاییزی ١٩٤٦دا چوو بۆ ئەفریقا، لە ماوەی پێنج مانگدا گەلێ لە وڵاتانی ئەو قارەیە گەڕا و باسی سەفەرەکەی لە کتێبی "وڵاتی زەنگی"دا، کە ساڵی ١٩٤٩ بڵاوکرایەوە، کردووە. لە شوباتی ١٩٤٩دا سەفەرێکی دیکەی دەست پێ کرد. لە پاریس چاوی بە شاعیران ئاندرێ برێتۆن و پۆل ئێلوار دەکەوێ. لوندکڤیست دەڵێ برێتۆن پانتۆڵێکی لەبەر کردبوو لە دواوە کون بوو، چونکە گاڵتەی بە هەموو شتێکی ئەم دنیایە دەهات. ئەگەرچی

ساڵانی شەڕی لە ئەمریکا بەسەر بردبوو بەڵام نەیدەویست بە ئینگلیزی قسە بکات. ئێلوار پرۆلیتاریانە دەژیا، بەڵام کۆمونیستییەکەی زیاتر دڵپاکی و مرۆڤدۆستانە بوو. لوندکڤیست لە فرانساوە ڕوو دەکاتە ئیتالیا و لەوێ چاوی بە کوڕرادۆ ئالڤارۆ و ئالبێرتۆ مۆراڤیا دەکەوێ. لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٩دا دەچێ بۆ هندستان و ئەم سەفەرە کارێکی زۆر دەکاتە سەر بیروباوەڕی لوندکڤیست. سەفەرەکە حەوت مانگ دەخایێنێ و ئەنجامەکەی دەبێتە کتێبی "*ئاگری هندستان*" کە ساڵی ١٩٥٠ بڵاوکرایەوە. ساڵی ١٩٥٠ لەگەڵ مارییادا دەچێ بۆ وارشۆ و لە کۆنگرەی بزووتنەوەی ئاشتیدا بەشداری دەکات و هەر لەو کۆنگرەیەدا بە جێگری سەرۆک هەڵدەبژێردرێت. ئەمە ئەو بزووتنەوەیە بوو کە پاشان ناو نرا "ئەنجومەنی ئاشتیی جیهان". لە سەرەتای ساڵی ١٩٥١دا دەچێ بۆ پاریس و لەوێشەوە بۆ مەغریب و جەزائیر.

هاوینی ساڵی ١٩٥١ وێڕای چەند نووسەر و ڕووناکبیری دیکە، بە هۆی کۆمەڵێ وتار و نووسینەوە دەمەتەقێیەکی گەرم دەست پێ دەکەن و پاشان ئەم بۆچوونەی ئەوان ناونرا بینگە (نوختەی بینین)ی سێیەم. ئەم گرۆیە ئەگەرچی هیچ پێوەندییەکی سیاسی و فیکریی یەکگرتوویان نەبوو، بەڵام لەوەدا یەکیان دەگرتەوە کە دەبێ سوێد نەکەوێتە دووی سیاسەتی ئەمریکا یا سۆڤیەت و نەبێتە بەشێکی ئەو ناکۆکییە و هەڵوێستی بێلایەنانەی هەبێت. لەلایەن ڕاسترۆیەکانی سوێدەوە هێرشێکی زۆریان دەبرایە سەر و بە کلکایەتیی سۆڤێت و کۆمونیزم تاوانبار دەکران. سەرەتای ساڵی ١٩٥٢ ئارتور و ماریا لەلایەن کۆمەڵەی نووسەرانی سۆڤێتەوە بانگهێشتن دەکرێن بۆ ئەوەی دوو مانگ لەو وڵاتە بەنە سەر. دوای سەردانی شارەکانی لێنینگراد و مۆسکۆ ڕوو دەکەنە کۆمارەکانی باشووری سۆڤێت. ئەنجامی ئەم سەفەرە کتێبی "*خەشخاشەکانی تاشکەند*" بوو کە هەر ئەو ساڵە چاپ کرا.

لە کانوونی یەکەم (دیسەمبەر)ی ١٩٥٢دا دەچێ بۆ




ڤییەننا و لە کۆنگرەی ئاشتیدا بەشدار دەبێت. لەوێوە دەچێ بۆ ئیتالیا و لە ڤەنەدیگ و سیسیلیا دەمێنێتەوە. دیمەنە جوانەکانی ئەم جێگەیانە دەبنە ئیلهامی بەشێکی زۆری شیعرەکانی دیوانی "*ئاوێنەی شەو و ڕۆژ*". لەوێ تووشی نەخۆشی زەردوویی دەبێ و ناچار دەگەڕێتەوە بۆ سوێد و نزیکەی دوو مانگ لە جێگەدا دەکەوێ. لەو دوو مانگەدا بەشێکی زۆری شیعرەکانی دیوانی "*ژیان وەکوو گیا*" دەنووسێ.

سەرەتای ساڵی ١٩٥٤ دەچێ بۆ میسر، لەگەڵ سەرکۆماری ئەوسای میسردا، محەمەد نەجیب، ئاشنایەتی پەیدا دەکات. دوای گەڕانەوە بۆ سوێد ئەمجا خۆی و ماریا لەلایەن لاکسنێسەوە بۆ سەفەری ئیسلاند دەعوەت دەکرێن.

لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوول (سێپتەمبەر)ی ١٩٥٤دا خۆی و ماریا دەچن بۆ سەفەری چین. ئەم

سەفەرەیان سێ مانگ دەخایێنێ و بەشێکی زۆری ئەو وڵاتە دەگەڕێن. لە گەڕانەوەدا سەری مۆسکۆ دەدەن و لە کۆنفرانسێکی ئەدەبیدا بەشداری دەکەن، پاشان دێنەوە بۆ سوێد. سێ مانگی زستانی ۱۹۵۵ بە نووسینی کتێبی "*ئەژدیهای گۆڕاو*"، کە بۆ باسی سەفەرەکەی چینی تەرخان دەکات، دەباتە سەر.



مانگی نیسان (ئەپریل)ی ۱۹۵۵ لوندکڤیست دەچێ بۆ ئەسپانیا و نزیکەی سێ مانگێکیش لەوێ دەمێنێتەوە. ئەم ماوەی پشوودانەی تەرخان دەکات بۆ نووسینی دیوانی "*گوڵاڵەسوورە، ئژدەگر*". هەروەها شیعری "*ئۆکیانووسی گەورە*"ی نێروودا دەکاتە سوێدی. هاوینەکەی دێتەوە بۆ سوێد و پاییزەکەش، وەک خۆی دەڵێ، تەرخان دەکات بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کە پاییزەلافاوی کتێب لە سوێد دەست پێ دەکات. لە دوارۆژەکانی ساڵی ۱۹۵۵دا دەچێ بۆ دوورگەی کەناریای گەورە. سێ مانگ لێرە دەمێنێتەوە و لەو ماوەیەدا کتێبێکی پەخشان دەنووسێ. مانگی مارتی ۱۹۵٦ لوندکڤیست پەنجا ساڵی تەمەنی پڕ دەکاتەوە. هێشتا لە کەناریا دەبێ کە دۆست و هاوڕێیانی ڕێک لەو کاتەدا کتێبێک بۆ ڕێز لێنانی ئەو بڵاودەکەنەوە و بۆی دەنێرن بۆ ئەوێ. لوندکڤیست دەڵێ ئەمە دڵخۆشییەک بوو کە لە دوورگەیەکی دوور و غەریب پیاو هەست بکا ڕەنجی بە خەسار نەچووە. هەر لەو بارەدا دەڵێ: نووسەر دەبێ خەیاڵێکی بەهێز لە خۆیدا بپارێزێ لەبارەی گرنگیی ئەو کارەوە کە دەیکات، بۆ ئەوەی کۆڵ نەدات. هەر لە کەناریا دەست دەکاتە نووسینی کتێبێکی دیکەی کورتە پەخشان "*چیا و پەڕەسێلکەکان*"، کە دواتر لە سوێد تەواوی دەکات. لە کەناریاوە دەچێ بۆ کان، لەوێ لەگەڵ مارییادا یەک دەگرنەوە و پێکەوە لە سەرەتای نیساندا دەچن بۆ کۆرسیکا.

لە سەرەتای کانوونی یەکەم (دیسەمبەر)ی ۱۹۵٦دا دەچێ بۆ ئەمریکای باشوور. لە ماوەی شەش مانگدا هەر دە کۆمارەکەی ئەمریکای باشوور دەگەڕێ، بێجگە لە ئوروگوای کە پێشتر باش پێیدا گەڕابوو. ئەم سەفەرە بیروباوەڕەکانی لوندکڤیست زیاتر دەچەسپێنێ. لەو بارەیەوە دەڵێ: گەیشتمە ئەو قەناعەتە پتەوەی کە



بەرپرسیاریی هەرەگەورە بەرامبەر هەژاریی پەرەسەندووی ئەمریکای باشوور و نەبوونی گەشەکردن و بە دوویشیدا خۆ تەیارکردنی شۆڕشگێڕانە، لە ئەستۆی وڵاتە یەکگرتووەکانداییە. ئەنجامی گەشتەکە دیسان کتێبێک بوو، *قارەیەکی گڕکانئاسا*، کە ساڵی ١٩٥٧ بڵاوکرایەوە.

سەرەتای ساڵی ١٩٥٨ ئارتور و مارییا دەچن بۆ دوورگەکانی کەناریا. لوندکڤیست دەست دەکاتە نووسینی زنجیرە وتارێک لەمەڕ ڕۆمانی تازەی فرانسی، هەروەها ڕۆمانێکی ژیننامەئاساش دەنووسێ. لەو دەمەدا کە لە کەناریا دەبێ نامەیەکی پێ دەگات بە ئیمزای ئاراگۆن، ئێرەنبورگ و نێروودا و هەندێکی دیکەش، تێیدا دەڵێن کە ناوی ئەم بۆ خەڵاتی لێنین پێشنیاز کراوە. ئەمە تا ڕادەیەک دەبێتە هۆی نیگەرانی بۆ لوندکڤیست، چونکە دەزانێ ناحەزانی دەکەونە پلارهاوێشتن. لە پاییزی ١٩٥٨دا لە ستۆکهۆڵم خەڵاتەکەی پێ دەدرێ. لوندکڤیست هەموو پارەکە تەرخان دەکات بۆ دامەزراندنی سنووقێک بۆ تەرجەمەکردنی شیعری سوێدی بۆ زمانانی دی.

لە دێسەمبەری ١٩٥٩دا دیسان دەچێت بۆ پاریس و دوو مانگ لەوێ دەمێنێتەوە و لە سەرەتای شوباتی ١٩٦٠دا لەگەڵ مارییا دەچن بۆ ئەغادیر لە مەغریب. ڕۆژی دووشەممەی ٢٩ی شوبات بوومەلەرزە گەورەکە ڕوو دەدات کە نزیکەی پانزدەهەزار کەسی تێدا مردن و سەرتاسەری شارەکە بوو بە وێرانە. لوندکڤیست دەیگێڕێتەوە کە چەند گۆڤار و ئاژانسیی هەواڵی ناوداری جیهانی داوایان لێ کردووە لە بارەی بوومەلەرزەکەوە ڕیپۆرتاژیان بۆ بنووسێ و باسی ئەزموونی خۆی بکات و ئەوانیش ئامادەن پارەی چاکی بۆ ئەم کارە بدەنێ، بەڵام ئەم ڕەفزی کردووە و وتوویەتی نامەوێ بازرگانی بە کارەساتەوە بکەم. هەروەها باسی هەڵوێستی نامرۆڤانە و بێڕەوشتانەی هەندێ ڕۆژنامە و ڕۆژنامەوانی سوێد دەکات لەو کاتەدا. دوای گەڕانەوە لوندکڤیست دیوانێکی نووسی و ناوی نا "*ئاگادیر*"، لە یەک قەسیدەی درێژ پێک هاتووە. لە مانگی ئاب (ئاگوست)دا چوون بۆ ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات. لە کانوونی دووەمی هەر ئەو ساڵەدا دەچێ بۆ دوورگەکانی هندستانی ڕۆژاوا؛ ترینیداد، جامایکا، هاییتی و پۆرتۆریکۆ. لە گەڕانەوەدا بەسەر پۆرتوگال و ئەسپانیادا دێتەوە بۆ سوێد. هاوینی ١٩٦١ کۆمەڵەچیرۆکی "*شان بە شان*" و دیوانی "*سات و شەپۆلەکان*" دەنووسێ. لە سەرەتای ١٩٦٢دا دەچێ بۆ سێنیگال. لەبەر ئەوەی پێشتر هەندێ شیعری لیۆپۆلد

سێدار سێنگۆری شاعیری ڕەشپێستی فرانسینووس و سەرکۆماری ئەو کاتەی سێنیگالی کردبووە سوێدی، حەز دەکا چاوی پێ بکەوێ، بەڵام کە دەبینێ کۆشکی سەرکۆمار بە شێوەیەکی ترسناک بە پاسەوانی پڕچەک دەور دراوە، واز لە چاوپێکەوتن دێنێ. هاوینی ئەو ساڵە خۆی و ماریا دەچن بۆ مۆسکۆ و لە کۆنفرانسێکی ئاشتیدا بەشداری دەکەن. پابلۆ نێروودا و نازم حیکمەتیش بە خۆیان و ژنەکانیانەوە لەوێ دەبن. نێروودا جەژنی پەنجاوهەشتەمین ساڵرۆژی لەدایک بوونی خۆی لە ئۆتێل مۆسکۆ دەگێڕێ. سۆڤێتییەکان پەنگوین (بەتریق)ێکی مۆمیاکراوی بە دیاری دەدەنێ. لوندکڤیست دەڵێ: پەنگوینەکە لەسەر مێزەکە دانرابوو، نێروودا بە چاوی نیوەنووقاوەوە تەماشای دەکرد، خۆیشی لەگەڵ ئەندامێکی شەرەفی بنەماڵەی بەتریقاندا زۆری فەرق نەبوو. دەڵێ نازم حیکمەت بە جۆرێ پێدەکەنی دەتگوت بە هەموو ژیانی بەندیخانەی لە ژوورەوە نەبینیوە. لوندکڤیست دەڵێ هەر شاعیرێکی سۆڤێتیم دەبینێ دەیگوت من شیعرەکانتم کردوونە بە ڕووسی. یەک و دووان نەبوون، تا وای لێ هات باوەڕ بکەم ئەمانە هیچ کارێکیان نییە مەگەر تەرجەمەی شیعری من نەبێ. بەڵام ئەنجامیش هیچ دیار نەبوو، تا ساڵی ١٩٦٤ ئەوسا هەڵبژاردەی شیعرەکانم بە ڕووسی بڵاوکرایەوە. دوای کۆنفرانسەکە سەرێکی ئێستلاند دەدەن. سەرساڵی ١٩٦٣ دەچن بۆ ئیسرائیل و دوو مانگ لەوێ دەمێننەوە. باسی ئەم سەفەرەی دەکاتە کتێبێک بە ناوی "*دەستی پڕ لە سەراب*". لەوێوە دەچن بۆ قوبرس و پاشان بۆ تورکیا. دوای تورکیاش ڕوو دەکەنە یوگۆسلاڤیا.

لە هاوینی ١٩٦٣دا لوندکڤیست لە کۆنگرەیەکی نووسەراندا کە کۆمەڵەی نووسەرانی ئەورووپا لە لێنینگراد و مۆسکۆ ڕێکی دەخات بەشداری دەکات.

ناتالی سارۆت و ڕۆب گریێ، نوێنەرانی ڕۆمانی تازەی فرانسی، لەگەڵ نووسەرانی کۆن و ڕەسمیی سۆڤێتدا دەکەونە مشتومڕێکی سەختەوە. نیوەڕۆیەک شۆلۆخۆڤ کۆمەڵێ لە نووسەران دەعوەتی فراوین دەکات. لوندکڤیست دەڵێ سارتر لەوێش دەستبەرداری هەڵوێستی پرۆفیسۆرئاسای شێوەی بیرکردنەوە و شیکردنەوە نەدەبوو. بەڵام پەرداخ لە دوای پەرداخ ڤۆدکای فڕ دەکرد. دوایی سەرنجم دا ئەمە گزی دەکا؛ زۆربەی ڤۆدکایەکەی دەڕشتە ناو پەرداخێکی ئاوەوە. بەڵام ئاخری وای لێ هات تەنها من و ڤیگۆرێللی توانیمان لە موناقەشەکەی ئێوارەدا بەشداری بکەین !!. نووسەران بانگ دەکرێن بە فڕۆکە بچن بۆ سەر زەریای ڕەش و میوانی خروشچێڤ بن. لوندکڤیست دەڵێ من نەچووم و لە جێی ئەوە سەری ئێرەنبورگم دا. کە لە باخچەکە دانیشتبووین باسی ئەوەی کرد چ دەردێک دەکێشێ بە دەست سانسۆر و بەرهەڵستیی پارتییەوە.

بەشێکی زستانی ١٩٦٤ لە ئیتالیا دەبەنە سەر. لەوێوە سەرێکی توونس دەدەن. بەهار و هاوین و پاییزی ئەو ساڵە لە ستۆکهۆڵم دەمێننەوە. لە سەرەتای کانوونی یەکەمی ١٩٦٤دا دیسان لە کۆنگرەیەکی نووسەراندا بەشداری دەکەن لە تاوۆرمینا، لە سیسیلیا. لەوێوە دەچن بۆ ئەسپانیا و لەوێشەوە بۆ کووبا. دوو مانگ لە کووبا دەمێننەوە. کە دەگەڕێنەوە ئارتور کتێبۆڵکەی "*کووبا ئاوا دەژی*" دەنووسێت. لە تەمموزی ١٩٦٥دا بەشداریی کۆنگرەیەکی ئاشتی دەکات لە هێلسنکی. لە ناوەڕاستی ئابی ١٩٦٥دا لە نووسینی کتێبی یەکەمی بیرەوەرییەکانی دەبێتەوە، *خۆوێنەی خەونبینێکی چاوکراوە*، کە لە ساڵی ١٩٦٦دا چاپ دەکرێت.

---

بەشی دووەمی ئەم ژیننامەیەی ئارتور لوندکڤیست، خوا یار بێ، لە ژمارەکانی داهاتوودا بڵاودەکرێتەوە.

# ئارتور لوندکڤیست: چاڵاوەکە

فەرهاد شاکەلی

لە سوێدییەوە کردوویەتی بە کوردی

ئەمە دەشێ لە هەر جێیەکی ئەم دنیایە، کە مرۆڤ لە جێگەیەکی چۆڵدا بژی، ڕوو بدات. پیاوێک پارچەزەوییەکی دەست دەکەوێت و چوار دیواری سادە پێکەوە دەنێت و دەیەوێ لەو جێگایە ماڵێک دروست بکات. ئێستا لە ناوەڕاستی تەمەندایە و بەشی خۆی دنیا گەڕاوە. سەگێکی هەیە و تفەنگێکی ڕاوی. لە هەموو شتێک زیاتر پێویستی بە ژنێک و چاڵاوێکە.

لە پێشدا ژنەکە پەیدا دەکات، زۆریش ئاسان بۆی ڕێک دەکەوێت. هەر سەفەرێک دەکات بۆ نزیکترین شار، لەوێ ژنێکی پێشخزمەت دەناسێ لە قاوەخانەیەکدا کاردەکات. پێشتر تاقیی کردۆتەوە و، وەک گەلێ کەسی دیکە، لەگەڵی نووستووە. پێی خراپ نەبوو. ژنە ئەگەرچی بۆنی ئارەقی لێ دەهات، بەڵام ناخۆشیش نەبوو. دەوەنە تووکێکی چڕی هەم نەرم - هەم زبری پێوە بوو، بەسەر گردێکی یەکجار بەرزەوە، ئەمە باش دەگونجا و ئەمیش لەوەوپاش جاروبار بیری لێ دەکردەوە.

وا ئێستا هەمدیس ژنە تاقی دەکاتەوە و بە ناسینەوەی دڵخۆشە. ژنە چیی دی گەنج نییە، دەبینێ کە لاقەکانی ڕەگی شینی هەڵپەنماویان پێوەیە. ژنە ناوی ڕۆسایە، ناوێکی هەم جوانە (کە پیاو باش بیری لێ بکاتەوە) و هەم تا ڕادەیەکیش ئاسایی، ئاژەڵێکی ناوماڵەش دەکرێ ناوی ڕۆسای لێ بنرێ. پێی ناخۆش نییە وە دووی بکەوێ بۆ جێگە چۆڵەوانییەکەی و ببێتە ژنی. ئەو ئیتر لەم کارە نارەحەتەی قاوەخانە بێزار بووە ، هەروەهاش لەوەی کە لەسەر یەکە پیاوان بگۆڕێ، ئەمە بۆ کچێکی جوان و جحێڵ باشتر دەست دەدات.

کە دەست بەوە دەکەن لە ماڵە دارینە سادەکەدا پێکەوە بژین، هەر زوو تاقەتی ژنەی نامێنێ، ئەویش تاقەتی لەم دەچێ. ژنە ئەوەتا لەوێیە، جێگەکە دەکاتە ماڵێک، خواردن لێ دەنێت، ئەمە چاکە و هەموو شت ڕێکوپێکە. ئیدی پیاوە پێویست ناکا بیر لە دەوەنەتووکە خۆشەکەی بکاتەوە، هەر کاتێ بیەوێ ئەوەتا لە بەردەستدایە. کە ئێواران دێتەوە بۆ ماڵ و هەموو شت ئامادەیە ئەوەی لێی نزیک دەبێتەوە سەگەکەیە، دەست بە سەروملی سەگەکەدا دێنێ، تۆزێ بە توندوتیژی بەڵام بە خۆشەویستییەوە.

ئەوەی ماوەتەوە چاڵاوەکەیە، ئەویش دەبێ بەم زووانە لێ بدرێ. جارێ ئێستا دەچن لە جۆگەلەیەک ئاو دەهێنن، ئاوەکەی زۆر سازگار نییە و پاشتامێک لەسەر زمان بە جێ دەهێڵێ. چاڵاویش بە تەنیا هەڵناکەندرێ و ئەمیش (بیرم نەبوو، ناوی ڤیکتۆرە) بیر لەوە دەکاتەوە کە ئایا ڕۆسا بەسە بۆ یارمەتیدانی. زۆر بیر لە چاڵاوەکە دەکاتەوە، بەڵام هیچ باسی ناکات و دەستیشی پێ ناکات. جارێ چاوەڕێی دەکرد و وەک بڵێی دەیزانی لە خۆڕایی چاوەڕێ ناکات.

پیاوێک ڕێی دەکەوێتە لایان، پیاوێکی گەنجی بێماڵ و حاڵی بڕکار، خەڵکی ئەو ناوە نابێ. دەڵێ ناوی ئێمیلە و هەر زوو دەبێتە برادەری سەگەکە. ئەمە تۆزێ ڤیکتۆر تووڕە دەکات، سەگەکە دەبوو برێ خۆی ڕاگرتایە و ئاوا زوو خۆی نەدایە بە دەست بێگانەوە. بەڵام بیری لە چاڵاوەکە کردەوە. کە ئێمیل نانەکەی دەخوات، پێش ئەوەی بچێتە سەرەوە تا شەوەکەی لەوێ بباتە سەر، پێشنیازی پێ دەکات ماوەیەک لایان بمێنێتەوە و یارمەتیی بدات بیرێک هەڵکەنن.

بیرێک؟ وەک بڵێی کابرای بێگانە شتەکەی تۆزێ پێ سەیر بێ و بزەیەک دەیگرێ، لەوەیە هەرگیز بیری لەوە نەکردبێتەوە کە چاڵاو بەوە دروست دەبێ کە هەڵکەندرێ. ئەو زۆربەی جار کە گەڕاوە داوای ئاوی لە خەڵک کردووە، بەڵام وا دیارە بیری لەوە نەکردۆتەوە کە ئاو لە چاڵاو دەردەهێنرێت.

بەڵێ، ئاخر ئەو نازانێ کارێکی ئاوا چۆنە و چییە، بەڵام بێگومان شتێکی سەیر و سەمەرە نییە، حەز دەکا هەوڵ بدات. نان و جێگەی دەست دەکەوێ و کرێیەکیش کە لەسەری ڕێک دەکەون، و بە کاوەخۆ کارەکە دەکەن، بێ ئەوەی پەلە بکەن و خۆیان ماندوو بکەن. کاتەکەش زۆر لەبارە، هەوایەکی خۆش، کە زۆر گەرم نییە، ترسی ئەوەش نییە باران ببارێت. کە باران ببارێت بیر هەڵکەندن ناخۆش دەبێت، بگرە هەر ناکرێ.

بەیانیی ڕۆژی دواتر دەست بە کارەکە دەکەن. جێگەکە هەر زۆر پێشتر دیاری کراوە، کە پێ دەچێ چاکترین جێگای چاڵاو بێت، لە داوێنی سەرەولێژییەک، قەدەرێ لەولای ماڵەکەوە، کە لەوە دەچێ تووشی ڕەقەن و بەردەڵان نەبن، بەڵام تا ڕادەیەکیش ئاشکرایە کە دەگاتە ئاو.

کە بڕێک هەڵدەکەنن ئیتر زەوییەکە وشک نییە و تۆز ناکا، بەڵکە ڕەنگی تاریکترە و کە بیگری بە دەستەوە تۆزێک تەڕ و نماوییە. لەوێدا کرمیش هەن، بەملا و بەولادا دەخشێن و دەجوولێنەوە کە بە دەمەبێڵ لێیان دەدەن. کە تۆزێ قووڵتری لێ دەدەن دیسان کرم نامێنێ. دەگەنە چینێک زبرەزیخ و چەو، کە دێتە سەرەوە، بۆ بەر ڕووناکییەکە، بریسکەیەکی زێڕینی لێوە دێت. هەردوو پیاوەکە بیر لەوە دەکەنەوە کە ڕەنگە زێڕەزیخ بێت، بەڵام باوەڕ ناکەن و لەو بارەیەوە هیچیش بە یەکتر ناڵێن.

ڕۆسا لە جاران زیاتر بە خواردنەوە خەریک دەبێت، هەموو جارێ کە بە سیانە لە دەوری مێزەکە دادەنیشن بۆ نان خواردن، دەبێتە جۆرە خۆشی و بەزمێک، سەگەکەش لەسەر زەوییەکە لە نێوان ڤیکتۆر و ئێمیلدا دەکەوێ و بە چاو تەماشایان دەکات چۆن دەخۆن. لەبەر ئەوەی دەمیان بە پاروو جوینەوە خەریکە قسەیەکی ئەوتۆ ناکەن. ڕۆسا دەورییەکانیان بۆ درێژ دەکات، داوایان لێ دەکات خواردنی زیاتر ببەن. ئێمیل و ئەو دۆستانە تەماشای یەکدی دەکەن، نە زۆر بە درێژی، نە زۆر بە کورتی. ڤیکتۆر سەرنج نادات ئەوان هیچ بریسکەیەکی حەز و ئارەزوو لەگەڵ یەکدی بگۆڕنەوە. ڤیکتۆر جاروبار پاروویەک دەداتە سەگەکە و تۆزێ بە توندیش دەستێ دێنێ بە سەریدا. ئێمیلیش دەیەوێ وا بکات، بەڵام ڤیکتۆر نایەوێ و دەڵێ: گوێت لێ بێ، ئێمیل، سەگەکە من خۆم چاودێریی دەکەم!

سەیرە، کە چۆن هەستی ناوماڵەکە دەگۆڕێ لەبەر ئەوەی ئێستا لە جیاتی ئەوەی دوو کەس بن، بوون بە سێ کەس. ئاڵۆزییەک دروست دەبێت، کرژییەک دێتە ئاراوە، پێوەندیی نێوان ڤیکتۆر و ڕۆسا کەمۆکێک دەگۆڕێ، ئەگەرچی لە سەرەتادا بەئاستەم سەرنج دەدرێت. ڕۆسا هەوەسێکی تازەی لا دروست دەکات، وەک بڵێی پێشتر پێوەی ڕانەهاتووە و ئەوەی ویستوویەتی دەستی نەکەوتووە. ئێستا لە جاران پتر سەرنجی دەدات،

به دزییەوە تەماشای دەکات و هەست بە ئامادەبوونی دەکات. ئێستا لە جاران زیاتر ئارەزووی دەکات، بەڵام لێیشی توورە دەبێت. بەڕاستی ئەو ئیدی لە خۆی تێ ناگات.

بەرامبەر ئێمیل ناتوانێ هیچ بڵێ. ئەو هەموو هەڵسوکەوتێکی لە جێی خۆیدایە، ئێواران لە کاتێکی لەباردا دەچێت بۆ جێی خەوتنەکەی خۆی لە ژوورە بچووکەکەی سەرێ. بەڵام دیسانیش ئەوە کە بۆتە هۆی گۆڕانەکە، ئەگەرچی ناشکرێ بکرێتە ملی. هەر زوو کار دەگاتە ئەوەی کە ڤیکتۆر کاری بیر هەڵکەندن لە نیوەدا ناوبڕ دەکات، بە بیانووی شتێکەوە ئێمیل بە تەنیا لەو خوارەوە بە جێ دەهێڵێ و دەچێتەوە ماڵێ. بانگی ڕۆسا دەکات یا ڕاست دەچێت بۆ لای و دەستی دەگرێ، لەسەر خەوگاکە یا هەر لە ناوماڵەکە دەیدا بە زەویدا و بە پەلە و توندوتیژی و بە لەزەت لێ بینینێکی لە ئاسایی زۆرترەوە سواری دەبێ. ئەوجا زوو دەچێتەوە سەر کارەکە، بیر لەوە دەکاتەوە تۆ بڵێی ئێمیل گومانی کردبێت یا بە شێوەیەکی تایبەتی تەماشای بکات.

بەڵام کار بەوەشەوە ناوەستێ. ڤیکتۆر وای لێ دێت کە ئیدی خۆی پێ زەوت ناکرێ، ناچار دەبێ لە ڕۆسا بدا. پێشتر هەرگیز لێی نەدابوو، ئێستاش زۆر قایم لێی نادا، لێدانەکەی هەستێکی شاراوەی لە بنەوەیە. ئەمە هەست بە ئیسراحەت کردنێکی تایبەتی دەداتێ، کە ئەمیش لە گانەکان کەمتر نییە. وا پێ دەچێ ڕۆسا لەمە تێ بگات، بە جۆرە هەستێکی ڕێککەوتنەوە بەرگەی لێدانەکان دەگرێ و دەنگ ناکات. تەنانەت لەوەیە پێیشی خۆش بێت: وەک بڵێی لێدان گەواهیی نرخ پێ دانێکی نهێنی، یا حەزێکی زیاترە کە تەنیا ئەوەیە نازانێ لەمە بەولاوە شێوەدەربڕینێکی دیکە بدۆزێتەوە.

پاشان ڤیکتۆر نەک هەر پێویستی بەوە دەبێ لە بەردەم ئێمیلدا قسەی ڕەق بە ڕۆسا بڵێ و ئەمری پێ بکات، بەڵکە بە بەرچاویەوە لێیشی دەدات. ئەمە هەست بە ئیسراحەت کردنێکی گەورەتر دەداتە ڤیکتۆر، دەڵێی بەمە سنوورێکی ئاشکرا لە نێوان خۆی و ئێمیلدا دەکێشێ: ئەم دەتوانێ لە ڕۆسا بدات و ئێمیل ناتوانێ هیچ بکات مەگەر ئەوەی بە بێدەنگی تەماشا بکات. بە شێوەی شەڕفرۆشتن تەماشای ئێمیل دەکات، بەڵام ئێمیل خۆی ناکاتە خاوەنی، تەنیا نارەحەتە، بگرە پێپەستە. ئەمە بە تایبەتی ڤیکتۆر دڵخۆش دەکات. پێی وایە ئێستا هاوسەنگییەکی چاکی لە ماڵەکەدا دروست کردووە.

کاری بیرهەڵکەندنەکە باش دەچێتە پێش، ئەگەرچی ئەو جۆرەی ڤیکتۆر داینابوو بە پەلە ناکرێ. تووشی هەندێ زەحمەتی دەبن، دەگەنە چینێک بەردی گەورە گەورە کە دەبێ هەڵکەندرێن و پاشان ڕابکێشرێنە سەرەوە. لە هەندێ لاوە کەمەئاوێک پەیدا دەبێ و ناچار دەبن دیواری بیرەکە بە پارچە تەختە قایم بکەن، بەڵام ئەمە ئاوی ڕاستەقینە نییە، دەنا وای دەگەیاند کە بۆ قوڵیی بیرەکە ئەوەندە بەسە. ڤیکتۆر و ئێمیل بە نۆرە کار دەکەن، هەر جارەی یەکێکیان دەچێتە خوارەوە و چاڵ لێ دەدا و ئەوی دیکەیان لە سەرەوە ڕادەوەستێ و سەتڵە خۆڵەکان کە بە پەت و چەرخ سەریان دەخەن هەڵدەڕێژێ. بیرەکە هێندە قووڵە، ئەوەی کە لە سەرەوەیە دەبێ بە لێواری بیرەکەدا خۆی داچەمێنێتەوە و بقیڕێنێ تا دەنگی بگاتە ئەوەی لە خوارەوەیە یا گوێی لێ بێت ئەو چی دەڵێ.

ڤیکتۆر لە خۆی تێ ناگات، زۆرتر هەڵدەچێ و توورە دەبێ، بە تەواویش نازانێ لە چی: ڕۆسا، ئێمیل، سەگەکە، خۆی، هەموو ئەوانە پێکەوە. بە هیچ شتێ دڵی ئیسراحەت ناکات: نە بەوەی لەگەڵ ڕۆسا بنوێ، نە بەوەش کە لێی بدا، نە بەوەی لە سەگەکە بدات و دەری

بکات، نە بەوەی لەگەڵ ئێمیلدا ئینکاری بکات. دەبێ شتێکی تریش هەبێ، تا نیوەشەو هەر بێدارە و بیری لێ دەکاتەوە، هەوڵ دەدا تێ بگا مەسەلە چییە.

کە چارەسەر دەدۆزێتەوە و نەخشەیەک دادەنێت ئیدی ئارام دەگرێ، کەیفی ساز دەبێ، ڕۆسا و ئێمیلیش و سەگەکەش فەرقی پێ دەکەن. بە ڕۆسا دەڵێ دوو ڕۆژ پشوو بدا و بە پاس بچێ بۆ شار، خوشکێکی هەیە لەوێ سەری لێ بدات، لە هاتنەوەیشیدا هەندێ شت بکڕێ بۆ ئاهەنگی تەواوکردنی چاڵاوەکە. بەڵێ، ئەو لەو باوەڕەدایە کە بەم نزیکانە لە کاری بیرەکە دەبنەوە و ئیدی ئێمیل دەڕوا، دەبێ ئاهەنگێ، شتێکی بۆ سازکەن. پاشانیش دەبنە خاوەن چاڵاوی خۆیان و هەموو شت دەچێتەوە دۆخی جارانی.

ڕۆسا بەم سەردانە چاوەڕواننەکراوەی شار دڵخۆش دەبێ، ڤیکتۆر دەست لە کارەکە هەڵدەگرێت و لەگەڵی دەچێ تا لای وەستگەی پاسەکە، کە کەوتۆتە سەر ڕێگە گەورەکە و بە پێیان نیوسەعاتە ڕێیەکە. سەگەکەش وە دوویان دەکەوێ و بە تەنیشت ڤیکتۆرەوە دەڕوات، دیسان کەوتۆتەوە بەر ڕەحمەت و بە ئاشکرا لەزەتی لێ دەبینێ. کە ڤیکتۆر دەگەڕێتەوە هەمدیس دەست دەکەنەوە بە کاری چاڵاوەکە، ئێمیل دەچێتە خوارەوە، وەک هەموو ڕۆژانی دی سەتڵە خۆڵ یەک لە دووی یەک سەردەخرێن، ڤیکتۆر هەڵیاندەڕێژێ و سەرلەنوێ ڕەوانەی خوارەوەیان دەکات.

ئەمجار بڕیار دەدات کە ئەم سەتڵە دوا سەتڵ بێت و نایەنێرێتە خوارەوە. ڕاست دەبێتەوە و بە وردی تەماشای دەوروبەر دەکات: وەک بڵێی چاوەڕوانی کەسێک بێت یا گوێی لە شتێکی نائاسایی بووبێت. بەڵام هیچ نییە، هەموو شت بێدەنگ و ئارامە، تەنیا سەگەکەیە بەو ناوەدا دێت و دەچێ و بۆن بەم شت و بەو شتەوە دەکات. ئەودەم دەست دەداتە خاکەنازەکە کە خۆڵی پێ لە لێواری بیرەکە دوور دەخاتەوە، بەڵام لە باتی ئەوەی خۆڵەکە بۆ دوور فڕێ بدات، ڕۆیدەکاتە خوارەوە بۆ ناو چاڵاوەکە. لەو بنەوە دەنگی هاوار و قیژەی ئێمیل دەبیسترێ،بەڵام بە کزی. لەوەیە وا بزانێ بیرەکە هەرەسی هێناوە. بەڵام سەگەکە گوێقوڵاخ دەبێت و دێتە پێشەوە، ڤیکتۆر وە دووی دەکەوێ و بە خاکەنازەکە ڕاوی دەنێ.

بە هەموو هێزی لەسەر خۆڵ ڕۆکردنەکە بەردەوام دەبێت، لەشی شەڵاڵی عارەق دەبێ. قیڕە و هاواری ناو بیرەکە وردە وردە دادەمرکێتەوە و پاشان بە تەواوی کپ دەبێ. ئێستا ئێمیل هەتا ملی لە خۆڵدا نوقم بووە، لەوەیە هەموو سەریشی. ئێستا خۆڵ دەچێتە دەمیەوە، چاویەوە. ئێستا خەریکە دەخنکێ، هەر ئێستا تەواو دەبێت و دەبڕێتەوە. ئێستا ئیدی ڕزگار ناکرێ تەنانەت ئەگەر هەوڵی ڕزگارکردنیشی بدەیت.

ڤیکتۆر ئیتر ڕادەوەستێ. بیر لەوە دەکاتەوە کە دەکرا نەخشەکە بە شێوەیەکی دیکەش ئەنجام بدرایەت. لە جێی ئەوەی هەتا هەتایە ئێمیل لە ناو خاکدا بهێڵێتەوە و بیرەکەش پڕ بکاتەوە دەیتوانی لە خۆڵەکەی دەربهێنێ و کارەکە بکاتە مل قەزایەک، هەرەسێکی پێشبینی نەکراو. ئەمەیان باش دیارە، بەڵام لەوەیە ببێتە هۆی کۆمەڵێ زەحمەت و مەسەلەی ناخۆش، ڤیکتۆر بە تەواوی باوەڕ بە توانستی خۆی ناکات کارێکی وای پێ بکرێ. نەخشە بنەڕەتییەکەی خۆی هێشتا ئاسانتر و سەلامەتترە، بڕیار دەدا هەر ئەوەیان بکات.

ئێستا ئیتر لەسەرخۆ کار دەکات، بیرەکە پڕ دەکاتەوە، لە سەرەوە خۆڵەکە دەپەستێوێ و بۆ سەلامەتیی کارەکەی چەند بەردی گەورە گەورەشی لەسەر دادەنێت. شوێنەکە تا ڕادەیەک لە تازەگۆڕێک دەچێ هەندێ بەردی خرابێتە سەر بۆ پاراستن و بۆ یادگار. دەی خۆ بە ڕاستیش هەر وایە، ئەگەرچی نابێ

کەس پێ بزانێ. تەنیا سەگەکە دەزانێ، بەڵام ئەویش ناتوانێ هیچ بڵێت و هەر زوویش لە بیری دەچێتەوە. بەڵام حەیف کە چاڵاوەکە بێئەنجام بوو، ئێستا دەبێ بەردەوام بن لەسەر ئەوەی بە بێ ئاوی سازگار بژین. بیر لەوەش ناکاتەوە هەوڵی تر بدات بۆ بیر لێدان. دەچێتە ژوورەوە بۆ نان خواردن، لە جاران زووتر و بە ئیشتیهایەکی باشەوە نانێکی زۆر دەخوات و ئاوی جۆگەلەی دەکا بەسەردا بێ ئەوەی بیر لە پاشتام بکاتەوە. سەگەکە لەگەڵی نایێتە ژوورێ، لە دەرەوە بە دەور بیرە تازە پڕەوەکراوەکەدا بە نیگەرانی و گومانەوە دەسووڕێتەوە. ڤیکتۆر بانگی دەکات، بەڵام سەگە نیوەگوێیەکی دەداتێ، دێتە پێشەوە، بەڵام دیسان دەچێتەوە دواوە. ڤیکتۆر شانێک هەڵدەتەکێنێ، تەماشایەکی تفەنگەڕاوییەکە دەکات کە بە دیوارەکەدا هەڵواسراوە، بێ ئەوەی بیری لە شتێکی تایبەت کردبێتەوە. خۆی دەدا بەسەر نوێنەکەدا، لەسەر پشت بێجووڵە بۆی دەکەوێ و دەڕوانێتە بنمیچەکە. بیر لە هیچی گرنگ ناکاتەوە، هەست بە بۆشایی یەکی خۆش و بە ئیسراحەت دەکات. دوای تاوێ خەوی لێ دەکەوێ.

ماوەیەکی زۆر دەخەوێ، حەز ناکا هەڵستێ، درێژە بە خەوتنەکەی دەدا تا درەنگانێک. ئەوسا گوێی لە دەنگێکی نائاسایی دەبێ، یەکسەر تێ ناگات چییە. پاشان تێ دەگات سەگەکەیە دەقووزێنێ، نەک بە دەنگی بەرز و بەردەوام، بەڵکە زیاتر نووزەیەکی جاروبارە وەک بڵێی دەکرووزێتەوە یا ئێشی هەیە.

ڤیکتۆر هەڵدەستێ و دەچێتە دەرەوە، ڕادەوەستێ تەماشای سەگەکە دەکات، ئەویش تەماشای ئەم دەکات و بێدەنگ دەبێ. بانگی سەگەکە دەکات و سەگەش نزیک دەبێتەوە بەڵام نایێتە بەردەمی، دەگەڕێتە دواوە بۆ لای بیرەکە، جێگە گۆڕەکە. ڤیکتۆر دەچێتە پێشەوە و دەیەوێ شەقێ بکێشێ بە سەگەکەدا، بەڵام ئەو تێ دەگات و دوور دەکەوێتەوە.

ڤیکتۆر تۆزێ بە ناو زەوییەکانیدا دەسووڕێتەوە. هەموو شتێکی پێ ئاشنایە بەڵام دیسانیش کەمۆکێک جیاوازە. دەڵێی تەماشا دەکرێ، سەرنج دەدرێ: لەلایەن دارەوە، بەردەوە، زەوییەکان خۆیانەوە. چەند جارێ لادەکاتەوە و لە سەگەکە دەگەڕێ، لە کاتی ئاساییدا هەمیشە وە دووی دەکەوێ، کەچی ئێستا نا، ئەوەتا دیار نییە.

کە ڤیکتۆر دەگەڕێتەوە دەبینێ سەگە لای بیرە بەردپۆشەکەدا هەڵتووتاوە و دەقرووسکێنێ. ڤیکتۆر خڕەڵەبەردێک هەڵدەگرێ و تێی دەگرێ، ئەویش بازدەداتە ئەولاتر، بەڵام هەر لە نزیک چاڵاوەکەوە ڕادەوەستێ. ڤیکتۆر دەچێتە ژوورێ، تاوێ لای مێزەکە دادەنیشێ بێ ئەوەی هیچ بخوا. هەمدیس گوێی لە نووزەی سەگەکە دەبێ، ئێستا تۆزێ بەرزتر و بەردەوامتر. هەڵدەستێتە سەر پێ و بە ناو ماڵەکەدا دێت و دەچێ. ئەمجا لەپڕ تفەنگە ڕاوییەکە دێنێتە خوارەوە، هەندێ فیشەک هەڵدەگرێ و تفەنگە دەخاتە سەر پێ. بڕیاردەرانە دەچێتە دەرێ، چەند هەنگاوێ بەرەو سەگەکە دەڕوا، تفەنگەکە بەرز دەکاتەوە و دەستێ پێدا دەنێ، دوو تەقە بە دووی یەکدا. سەگەکە لەسەر لا دەکەوێ، بڕێک لنگەفرتێ دەکات و ئەوجا جووڵەی لێ دەبڕێت.

ڤیکتۆر لاقی سەگەکە دەگرێ، دەیباتە دەرەوە بۆ ناو زەوییەکان و لەوێ دەیخاتە چاڵ و بە قەوزە و چڵەدار دایدەپۆشێ، بەردێکی زل تل دەدات و دەیباتە سەری، کە ئیتر کەس فەرق بە هیچ نەکات و جێگەکە هەڵنەکەنێ، نە ئاژەڵ نە مرۆڤ.

ڤیکتۆر بۆ هێنانەوەی ڕۆسا دادەبەزێ بۆ لای وەستگەی پاسەکە، لە وەختا دەگاتە ئەوێ و چاوەڕێی

دەکات. کە لە پاسەکە دادەبەزێ ڤیکتۆر تۆزێ بە مەعناوە بۆی دەخنێتەوە بێ ئەوەی تەماشای ناوچاوانی بکات. زوو دەست دەداتە پاکەتەکانی و لە باتی ئەو هەڵیاندەگرێ. پرسیاری لێ دەکات سەفەرەکەی چۆن بوو، ئەویش دەڵێ باش بوو، خوشکەکەی سەلامی لێ دەکات و باسی هەندێ شتی تریش دەکات. ئەمجا ئەو پرسیار لەم دەکات وەزعی ماڵ چۆنە، بیرەکە تەواو بووە، ئەی سەگەکە کوا؟

ئەوسا دەبێ ڤیکتۆر بە دەنگێکی نەگۆڕەوە وەرام بداتەوە و ڕاست تەماشا بکات: دەزانی، بیرەکە دیسان هەرەسی هێنایەوە و ئێمەش وازمان لێ هێنا، دیارە لەو جێگەیەدا سوودی نییە. پاشان ئێمیلیش چوو بە ڕێی خۆیەوە، هیچ هۆیەک نەبوو کە لەوە زیاتر بمێنێتەوە.

ڕۆسا ئەمەی پێ سەیرە. هەرەسهێنانی بیرەکەی زۆر پێ سەیر نییە وەک ئەوەی ئێمیل ئەوەندە زوو بە جێی هێشتوون، پێش ئەوەی ئەم بگەڕێتەوە. قسەیەکی ئاوا دەکات، بەڵام ئیتر لە بیری دەچێ پرسیاری سەگەکە بکات. دوایی ڤیکتۆر خۆی شتەکە باس دەکات: وا دیارە سەگەکە هەڵهاتووە، لەوساوە ئێمیل ڕۆیشتووە چاوی پێ نەکەوتووە، لەوەیە ئێمیل بۆ تاوێ سەگەکەی بە دووی خۆیدا بانگ کردبێت، بەڵام خۆ ئاخری هەر دێتەوە.

ئەمجا دەگەنە ماڵ و هەردوویان تەماشای دەوروبەر دەکەن، ڕۆسا بۆ ناسینەوەی خۆی دوای سەفەرەکەی شار، ڤیکتۆریش بە هەستێکی نادیاری نیگەرانی و ترس و گومانەوە. ڕۆسا دەچێت بۆ لای بیرە پڕەوەکراوەکە، لایدا ڕادەوەستێ وەک بڵێی بیری لێ بکاتەوە، لەوەیە ماڵاوایی لە چاوەڕوانیی ئاوی سازگار بکات. خۆ ناشێ گومان لە هیچ بکات، یا بیری خراپ بە مێشکیدا ڕابووڕێ؟ ناشێ ڤیکتۆریش شتێکی لە بیر چووبێ: بە پەلە تەماشایەکی شوێنەکە دەکات.

کە دێنەوە ژووری ڕۆسا دەڵێ برسیم نییە، ڤیکتۆر دەڵێ منیش برسیم نییە. تۆزێ بەشەرمەوە تەماشای یەکدی دەکەن، وەک بڵێی میوان بن لە ماڵەکەدا یا کەمێ بۆ یەکتر غەریب بن. ئەوجا هەر یەک شت هەیە ڤیکتۆر بیکا، هەست دەکا گرنگ و پێویستە. لە کاتێکا خۆی لەوە دەدزێتەوە ڕاستەوڕاست تەماشای ڕۆسا بکات، دەچێتە پێشەوە و توند باوەشی پێدا دەکات. ئەو خۆی بۆ باوەشەکەی شل دەکات و ئەمیش دەیبا بۆ ناو جێگەی نووستنەکە، بە دڵگەرمی و هەناسەبڕکێوە تێیدا نوقم دەبن.

ڤیکتۆر زۆری حەز لێیە، بەڵام لەشی لەگەڵی نایکا، بە جۆرێ ڕێی لێ دەگرێ کە پێشتر وای بەسەر نەهاتووە. دەپەشۆکێ، لە ناخەوە دەهەژێ و لە خۆی توورە دەبێ، دەیەوێ زۆر لە خۆی بکات بەڵام بۆی ناچێتە سەر. نازانێ چی بە ڕۆسا بڵێ، لەبەردەمیا شەرم دایدەگرێ. ئەو تاوسەندنەکەی خۆی دەشارێتەوە، چاوەڕێی ئەم دەکات. بەڵام هیچ ناکرێ.

وای بە خەیاڵدا دێت کە دەبوو لێی بدات، ڕەنگە ئەمە یارمەتیی بدایەت. هەست بە هێزێکی بزوێنەر دەکات بەڵام دیسانیش لە خۆیا ڕانابینێ، کە ئەو تازە لە شار هاتۆتەوە، کە هەمدیس تەنیا خۆیانن، کە ئیتر ئێمیل لەوێ نییە تا ببینێ چۆن ئەم دەستەڵاتی بەسەر ژنەدا هەیە و چۆنی بوێ وا دەکات.

لەپڕ بیری ئێمیل دەکات، هەست بە جێگەی خاڵیی وی دەکات. هەوڵ دەدا بیهێنێ بە خەیاڵی خۆیدا کە ئێمیل دەگەڕێتەوە، بە ڕێگەکەدا بەرەو دواوە دەبێتەوە و دێتەوە و دەست دەکەنەوە بە هەڵکەندنی چاڵاوەکە. بەڵام خەیاڵەکەی نایێتە دی.

# ئارتور لوندکڤیست: Artur Lundkvist

## بۆ...، ژن، چاوی ژن، شیوەنی پابلۆ نێروودا

فەرهاد شاکەلی لە سوێدییەوە کردوونی بە کوردی

### بۆ ...

من گڕکانێکم و تۆش ئەو شەوە تاریکەی کە من تێیدا
سوور سوور دەگڕێم.
تۆ دەبێ وەک زەریایەکی فێنک و قووڵ بیت بە دەوری
کەنارە بەردەڵانەکانمدا .
دەبێ شتی سەیر و دەگمەنم بۆ بێنی و لە بەرپێما
دایاننێی.
دەبێ دڵەکەت بەرز بکەیتەوە تا لای دڵەکەی من، بە
نەوازشەوە
خۆت بدزیتەوە بێیتە لام و وشەی قووڵاییم بە گوێدا
بچرپێنی.
کە زریانیش هەڵدەکا، کە حەز و تاسە داگیرمان دەکات،
کە ناخمان دەکەوێتە جووڵە ــــ
ئەودەم دەبێ دارمێین بەسەر یەکدا، ترسناک بین،
بە خۆشی و شادمانییەوە یەکتر لە ئامێز بگرین!

من گڕکانێکم و تۆش ئەو شەوە تاریکەی کە من تێیدا
سوور سوور دەگڕێم.

### ژن

دەمت دەڵێی گوڵێکە شەونمی لێ نیشتووە
لە سێبەری داری گەورەدا
چاوانیشت وەک دوو کانیی قووڵ و ئارام
وێنەی چیا شینەکان دەنوێنن.

مەمکەکانت وەک دوو مەلی سپیی هەڵکورماون
بە دەنووکی سوورەوە دەبینرێن و نابینرێن.
ناوکت وەکوو سەدەفێکی بچکۆلانەیە
سەرشارە لە هاژەی نادیاری زەریا .

سوور، یەکجار سوور
خوێن لە دەمارەکانتا دەپشکوێ
کە دەڵێی لاسکەگوڵن، لە پێ و پلت ئاڵاون
لەژێر پێستی سپی و تەنکدا .

لەشت مۆسیقایە،
دەست و پلت مۆسیقا،
لە ئاهەنگی شەپۆلاسادا وشک هەڵاتووە ــــ

کاتێ بە بەردەمما لەنجە دەکەی
ئازاد دەبێ و
ئاوازەکەی جوان و دڵگر بەرەو ڕووم دێت.

## چاوی ژن

چاوەکانت ڕەشن،
بەڵام گڕێکی بچووک لە ناویاندا وازی دەکات.
ئەوە بزەی ڕۆحی تۆیە —
یا ڕووناکیی چرایەکە
یا شارێکی نامۆی سپی؟

چاوەکانت ڕەشن
وەکوو ئاوی بەندەرێک بە شەو —
ئاوێک کە ڕووناکاییی شار دەنوێنێ.




## شیوەنی پابلۆ نێروودا

پابلۆ نێروودا لە چیلێ مرد

تۆ مردوویت، پابلۆ نێروودا، تۆ لە چیلێ مردیت، لەم ڕۆژەی مانگی ئەیلوولدا،
کە لەوێ لە وڵاتەکەی تۆ پاییز نییە، بەڵکە سەرەتای بەهارە ( ئای، تۆ دەتوێرا
بەهار بە بەهاری خۆت ناو ببەی:
primavera mia! )،
بەڵام ئەم جارە لەپڕ بەهاری وێرانەیە، بەهاری سەهۆڵبەندانی ڕەش
کە سەوزیی ئاواتەکانی کوژاندەوە،
بەهارێکی کارەساتئامێزتر لە کارەساتی سرشت کە زەوی
مردووەکانی وەردەگرێ بە وێنەی لاشەی قوربانی، وەک سەردەمی کۆنی بتپەرستی،
چونکە وا ئێستا جەللادە ناقۆڵاکان لە حەشارگاکانیان دێنە دەرێ و دەستی چەوساندنەوەیە کە ئیفلیجکەرانە وڵاتی داگیر کردووە.

لە لایەکەی دیکەی زەوی کە منی لێم پاییزە، سەرەتای پاییز،
دارەکان گریان گرتووە، دەڵێی لە ترسی هاتنی سەرما وە پەلە کەوتوون.
سێبەرەکان هەر لە ئێستاوە بە درێژایی دەکەونە سەر گۆنای زەوی و گیا لە بەر با ڕەق هەڵدێ، یەک لە دووی یەک مووچڕکی ساردیان پێدا دێت،
منیش ، پابلۆ، بیر لە تۆ دەکەمەوە و لە کوژانەوەی دڵتەزێنی تۆ
لەم شەپۆلی تاریکییەدا کە دەست پێ کردنی زستان لە

جیهاندا ڕادەگەیێنێ،
تەنانەت لێرەش وا دەزانم ڕووناکی ناخاوێن و
خەمهێنەرە، لە کاتێکدا هەموو شتێ وەکوو جاران لە
بەختەوەریی خۆیدا بەردەوامە، وەک بڵێی هیچ شتێ، هیچ
شتێ هیچ مەعنایەکی نییە،
تەنیا ئۆتۆمۆبیلە بێهەستەکانن بە لاماندا دەڕۆن
بە پلاکی گەش و بە دەنگی ساردیانەوە،
قەلەباچکەیەک بە ناو تۆفدا دەدا لە شەقەی باڵ
وەک تۆپەڵەبەفرێکی یەکجار زوو لە ناو باهۆزی باڵی
ڕەشدا
ڕووەو ئاسمانێکی خۆڵەمێشین،
چاوم لە ئاوی گۆلیشە بە نیگەرانییەوە لۆچ لۆچی تێ
کەوتووە
دەڵێی نێوچاوانێکی پڕ لە هەستە.

ئەرێ، لێرە پاییزە لە وڵاتەکەی من، لە وڵاتەکەی تۆش
جۆرێ پاییزی دیکەیە،
پاییز لە ناوەڕاستی بەهاردا، پاییز لە سەرتاسەری
دنیادا و کۆتایی‌ی بەزم و ئاهەنگ:
ئەو مێزانەی ڕازێنرابوونەوە تێک شکێنراون،
دەفرەکان چۆڵ و شووشەکان دەمەوخوار،
مەی ڕژاوە و گوێل گوێلی بێڕەنگ تێکەڵی باراناو بووە و
کاغەزەکانی بە دڵخۆشی هەڵدەفرین بوونەتە پەڕۆی تەڕی
بەسەر یەکدا هەڵتروشکاو.
تۆش مردوویت، لەو دوورە لە چیلێ مردوویت، لەوێ
لەناو خاکدا ون دەبیت وەک چۆن ژیان بە زەویدا ڕۆدەچێ
پێش هاتنی زستان،
کەچی گوڵی بارووت دەپشکوون، لە لوولەی گڕدارەوە
کە درێژترن لە سەرەنێزە تیژەکان، چەقۆ درێژەکانی
مەرگ
کە دەتوانن بگەنە هەموو دڵێک،

مرۆڤەکانیش کە تاوانباری ئەوەن ژیانێکی باشتریان
ویستووە
وەکوو ئاژەڵی کێوی ڕاو دەکرێن، بەند دەکرێن،
ئەشکەنجە دەدرێن،
دەکوژرێن:
وەرە خوێن لەسەر شەقامەکان ببینە!

ئەوە بەهاری درۆینەیە هاتووە بۆ وڵاتەکەت،
بەهاری بە خوێن ئاودراو، بەهارێ کە گۆشتی مرۆڤ
کراوەتە پەیینی،
گوڵەکان چۆن دەپشکوون، وەک لە ترسان،
ئاو چۆن هاژە دەکا، وەک بە زۆری قامچی!
چونکە ئەم بەهارە هاوینی بە دوادا نایێت، تەنیا زستانە
کە چاوەڕێیە، ئەو زستانەی بەسەر هەموو دنیادا
بڵاودەبێتەوە،
زستانی سپی نا، بەڵکە هی ڕەش، لە ئاسندا داڕێژراو،
زستان لەژێر زەویدا، لە سەرمای هەردەم سەختتردا
زەوی دەکاتە بەرد، دەگەڕێتەوە بۆ ڕابوردوو، بۆ
دواوەهەڵخلیسکانی نەفرین لێ کراوی مرۆڤانە
ئەو گرمەیەی دەبیسترێ هەورەگرمەی ژیانبەخش نییە
بەڵکە دینۆساورە زرێپۆشەکانە،
جانەوەرەکانی پێشمێژوو کە وا دەزانرا لە نێو براون
بەلام
وا سەرلەنوێ هاتوونەوە:
وەرە خوێن لەسەر شەقامەکان ببینە!

# کەڤۆکا سپی

فرات جەوەری

بەری ب پێنج ڕۆژان ئەو ژ گرتیگەهێ هاتبوو بەردان. دگەل کو ئەمرێ وی هێ سهوپێنج بوو ژی تایەکی ڕەش د پۆرێ وی دە نەمابوو. گەپێن وی کورت بووبوون و قەرمیچۆکێن ڕوویێ وی بووبوون وەکە یێن کالان. ئەو ڕوویێ وی یێ گەور و ب ژین نها زەر بووبوو. بەژنا وی یا بلند، یاکو دەمەکێ ژ کەچکێن مەهەلێ رە مەرەق بوو کو بدیتانا تەویابوو. ئەو ئێدی نە خۆرتەکی بەری نها ب پانزدەه سالان، لێ بووبوو وەکە کالەکی.

ئەرێ، ئەو بەری ب پێنج ڕۆژان هاتبوو بەردان... وو نها، ل قاتێ سسیان، ل بەر پەنجەرەیا ئۆدەیا خوە یا خەباتێ ڕوونشتبوو وو ل دەرڤە، ل بارانا پێشی یا پاییزێ تەماشە دکر. جارجاران ژ نشکێ ڤە دکەنییا، ب پستینی تشتن دگۆت و دیسان بێدەنگ دما. ئەڤ یەکا ها بەرهەما سالێن وی یێ گرتیگەهێ بوو. بەری ب پێنج ڕۆژان گاڤا ئەو ژ گرتیگەهێ هاتبوو بەردان، باڤێ وی وو مەرڤێن وی یێن نێزیک ب ڤێ یەکا هان هەسییا بوون، لۆما ئەو زوو نیشانی دۆکتۆرەکی ناس دابوون، لێ دۆکتۆر تشت ژێ فێهم نەکربوو، تەنێ ب گۆتنا "ئانجاخ هون وی ببن ئانکارا" ڤە هاتبوو سەر. لێ نە وی دخوەست هەرە ئانکارا، نە ژی رەوشا مالباتێ ژێ رە دەست ددا.


ڕۆژەکێ ژی پیرەک ژ گوندەکی چیێ ئانیبوون، داکو پیرێ هن دەرمانان ژێ رە چێبکە وو تشتەکی ل سەر بخوینە، لێ ئەو بەلکی زێدەیی دەه دەقیقان ب پیرێ کەنیا بوو، پاشێ خوە ئاڤێتبوو سەر پیرێ، دەستێ خوە خستبوون قرکا وێ وو کو نە ژ ئەندامێن مالێ بوویا وی دێ ل ور پیرێ بخەنقاندا. پیرا کو ب زۆرێ خوە ژ ناڤ لەپێن وی فلتاندبوو د دەری دە دەرکەتبوو و ب خورتبوونا خۆرتەکی بازدابوو.

بارانا کو دهات جارنان خورت دبوو، جارنان مرۆڤ دگۆت قەی وێ داوی وەرە، کێم دبوو، لێ دیسان ب خورتی دباریا. وی ژی هەردو ئەنیشکێن خوە دانیبوون سەر ماسێ، سەرێ خوە خستبوو ناڤا کەفێن دەستێن خوە و بێیی کو چاڤێن خوە بکوتکوتینە ل بارانا پێشی یا پاییزێ دنهێری. جارنان دخوەست دلۆپەک باران ژ هەوا دە هەتا کو بگهیژە ئەردێ تاقیپ بکە، لێ هەو دنهێری کو دلۆپێن دن دکەتن بەر وو بالا وی دیسان بەلاڤ دبوو. جارەکێ ژی ل هەبوونا بارانێ فکری. ئەو پەرچە ئەورێن ڕەش یێن ل ئەزمێن شباندە دەریایەکە بنی وەک مۆخلێ ب قول. د وێ ناڤێدە ژی دیسان ئەو پیرکا وێ ڕۆژێ هاتە بیرا وی. دیسان ئەو وەکە وێ ڕۆژێ ب پیرقین و ب دەنگەکی بلند کەنییا. پاشێ ب جارەکێ ڤە کەنێ خوە بڕی. چاڤێن وی بەلۆق بووبوون. وی ئەو چاڤێن خوە یێن بەلۆق بەرا ئەور دابوون. ئەرێ، ڕاست بوو، د ناڤ ئەورێ ڕەش دە کەڤۆکەکە سپی خویا دکر. ئەو کەڤۆکا سپی هەرکو نێزیک دبوو مەزن دبوو، هەرکو مەزن دبوو دشبیا خوەها وی. ئەرێ، ئەو خوەها وی بوو. وی ب چاڤێن خوە ددیت. ڤێ جارێ ئەنیشکێن خوە ژ سەر ماسێ هلانیبوون، ب هەردو دەستان خوە هشک ب ماسێ گرتبوو وو زق ل خوەها خوە دنهێری. خوەها وی کراسەکی تەنک و سپی لێ بوو، گولیەک ژ دەهفێن هەسپان ل ئەنیا خوە گرێدابوو وو د بەر پەنجەرەیا وی

ره دفرییا وو دخوەست د پەنجەرێ ره تێکەڤە هوندر. گاڤا مێرک ئەڤ یەکا ها فەرق کر، هەما ژ جهێ خوە پەنگزی وو پەنجەره ڤەکر. ب ڤەکرنا پەنجەرێ ره خوەها وی فریا هوندر. دگەل کو ل دەر باران خورت دباریا ژی، دیسان کەچک شل نەبووبوو. چاڤێن کەچکێ وەک دو مۆریکێن هێشن دبرقاندن، لێڤێن وێ یێن داگرتی د ڕەنگێن سۆربوونا هناریکێن روێ وێدە بوون. بەژنا وێ درێژ، نەوقا وێ زراڤ وو هێتێن وێ داگرتی بوون. ئەو ب وی ئاوایی ل قونجکەکە ئۆدێ ل سەر لنگان ڕاوەستیا بوو، باسکێن خوە بەرابەر خوە دابوون، ستوویێ خوە خوار کربوو وو ب رەوشا برایێ خوە دگریا.

وێ دگۆت:

– کەکۆ ئەڤ چ ب تە هاتیە؟ برایێ منۆ کانی خۆرتانیا تە؟ تە چما خوەها خوە کوشت؟ چاوا دەستێن تە ل من گەریا تە ئەز کوشتم؟ چاوا دەستێن تە ل خوەها تە یا کو تە ئەوقاس ژێ هەز دکر، گەریا؟ ئاخخ ...من چ بێریا تە کریە. ئاخخ ...ئەز چ دخوازم تە هەمێز بکم. ئەز چ دخوازم ڕۆهنیکا چاڤێن خوە هەمێز بکم. کەکێ منۆ، باڤێ منۆ، برایێ منۆ... لێ ئەز نکارم. ئانها دەستێن من ب تە بێن ئەزێ وندا ببم. ژ بەرکو ئەز مریمە، تە ئەز کوشتم... ئاخخخ... کەکێ منۆ، من چقا ژ تە هەز دکر. ما نایێ بیرا تە گاڤا ئەم ل سەر داوەتا تە دپەیڤین؟ تە ژ من ره دگۆت، دڤێ تۆ هەر سەرێ گۆڤەندێ بکشینە. ما تێ بیرا تە کەکێ منۆ؟ تە دیت بێ ژ داوەتا تە ره چقاس هندک مابوو. پشتی تە ئەز کوشتبووم ب سالەکێ دەرگیسیا تە ژی خوە ئاڤێت بەر ترینێ وو خوە کوشت. تام هوونێ وێ رۆژێ بزەوجیانا وو منێ وێ رۆژێ سەرێ گۆڤەندا براکێ خوە تایێ ب تەنێ بکشاندا. تام وێ رۆژێ دەرگیسیا تە بوو مێڤانا من. وێ ژ من ره بەهسا ڕەوشا



تە کربوو وو وێ گۆتبوو پشتی کو تە ئەز کوشتبووم تو هاتبوویی گرتن. وێ ژی ئیدارە نەکربوو. ژ دەردێ ئەڤینا تە خوە ئاڤێتبوو بەر ترینێ وو مربوو. زوودە یە هایا من ژ وێ تو نەبوو. ژ وێ شەڤا کو ئەم ب هەڤ ره ل گرتیگەهێ هاتبوون خەونا تە وو پێ ڤە من ئەو نەدیتیە. گەر ئەو ببهیزە تو هاتیە بەردان، ئەو ل کو بە ئەوێ وەره. مە چەند جاران ب هەڤره خوەست کو ئەم وەرن با تە، لێ گاردیانان ئەم دترساندن، ئەم ژ وان نەوێربوون بهاتانا. دەرگیستیا تە هەر ل تە دفکره. وێ رۆژا کو هاتبوو مێڤانداریا من، ژ من ره گۆتبوو، ب چ ئاوایی دبە بلا ببە، ئەزێ خوە بگهینم وی. وێ زەواج ل هەردو دنیان ل خوە هەرام کریە. ئەو لە سەر تە دین بووبوو کەکێ منۆ، ئو ب تەنێ ژ بۆ کو تە ئەز کوشتبووم هەبەکی ژ تە قەهریبوو. لێ وێ رۆژا کو مێڤانا من بوو، من ژێ رجا کربوو، کو کەکێ من ئەفوو بکە. وێ ژی سۆز دابوو من کو ئەوێ تە ئەفوو بکە. من گۆتبوو، چ دبە، براکێ من تایێ ب تەنێیە، وی ئەفوو بکە. من گۆتبوو براکێ من گونەهە، پر دلتەنکە. من گۆتبوو، براکێ من هەتا ئیرۆ گێرکەک نەئێشاندیە، لێ ئەز کوشتمە، خەم ناکە، ئەو ژی نە سووجێ وی بوو

کو... خەلکێ لێ ولۆ کر. ما کو خەلکێ ل تە ولۆ نەکریا تەیێ ژ کو خواکا خوە بکوشتا؟ وێ ژ کو دەستێ تە ل من بگەریا؟ من ژ دەرگیستیا تە رە گۆت، کو وەختێ تە بەردا من تە چاڤێن خوە گرتن. من گۆت دەستێن وی ل من نەدگەریان. من گۆت، وی پر ژ ئینسانان هەز دکر. وو من گۆت، تە ژ من ژی پر هەز دکر. ما نەولۆ؟ قەی تە ژ من هەز نەدکر؟ ما قەی تو ژ من هەز ناکی کەکێ منۆ؟

خلۆلیکێن هێسرێن چاڤێن مێرک د سەر روێ وی یێ نەکورکری دە گێر دبوون سەر چەنگا وی وو پاشێ دنوقوتین ئەردێ. ئێدی مینا زارۆکەکی ب ئیسکین دگریا. دخوەست سەرێ خوە دەینە سەر ملێ خوەها خوە وو ب دەنگەکی بلند بگری. دخوەست ئوزرا خوە بخوازە. دخوەست ژێ رە بێژە کو وی چقاس بێریا وێ کریە. دخوەست پۆشمانیا خوە بینە زمان. خوە وندا کربوو. بەر ب خوەها خوە چوو، کو وێ هەمێز بکە، لێ خوەه ل بەر گەریا و گۆت، کو دەستێن وی پێ ببە، ئەوێ وندا ببە. لێ مێرک خوە نەگر، خوە ئاڤێتێ، ب ئاڤێتنا وی رە کەچک وندا بوو. مێرک دەڤەروو، ل هوندرێ ئۆدێ کەتە خوارێ وو ب کەتنێ رە سەرێ وی ل قوژیا ماسێ کەت وو سەرێ وی وەکە کو پەرچە بوویە، خوین ژێ هات. ئەو ب شکاندنا سەرێ خوە نەهەسیا بوو.

هەیا کو دیا وی کەت هوندر، ب قێرین بانگ جیرانا کر، هنگی ئەو هێدی هێدی، وەکە ژ خەوەکە کوور شیار ببە، ب سەر هشێ خوە ڤە هات وو تێگهیشت کو لە ئەردێیە. ئەو باران کو د پەنجەرێ رە ل هوندر خستبوو، کاخز وو پرتووکێن ل سەر ماسێ شل کربوون وو ئاف هەرکیبوو سەر تەژ و مەرشێن راختی.

ب ئالیکاریا جیرانان ئەو راکرن نەخوەشخانێ، دۆکتۆران، کو یەک ژ وان هەڤالێ وی یێ زارۆکتیێ بوو، سەرێ وی پەنسوومان کردن، ب خاڤکەکێ گرێ دان، وو ژ باڤێ وی رە گۆتن، دا کو وی راکن ئانکارا ئان ژی کو ئیمکانێ وان هەبە وی راکن ئەوروپا. باڤێ وی ژ بێئیمکانیا خوە گازن کر وو ژ بۆ کو ئالیکاریەکێ ژ جهەکی بستینە ژ دۆکتۆرێ هەڤالێ لاوێ خوە داخوازا هن شیرەتان کرد. دۆکتۆری ژی سۆزا تشتێ کو ژێ بێ دایێ وو ب رەوشا هەڤالێ خوە یێ زارۆکتیێ، کو ئەو چەند زیرەک وو ژیهاتی بوو، خەمگین بوو.

زیرەکتی وو ژێهاتیبوونا وی ژ ئالیێ هەر کەسی ڤە دهاتە زانین.

بەری ب پانزدەه سالان، د ئیمتهانا تبێ دە ئەو د ناڤ سەد و پێنجی هەزاری دە یێ شێستەمین دەرکەتبوو وو ئەو هەڤالێ وی یێ کو نها ل نەخوەشخانا باژارێ وان دۆکتۆری دکر ب زۆرێ بووبوو یێ هەزاری. وی هێ د سالێن خوە یێ لیسە دە پرانیا کلاسیکێن فرانسز و رووسان خوەندبوو وو د قایشکشاندنا چیرۆکان یا رۆژناما باژێر دە، ب چیرۆکا خوە یا ب ناڤێ "مێرکێ سەرخوەش" بووبوو یەکەمین وو پاشێ ئەو چیرۆکا وی ل ئەورووپایێ ژ ئالیێ هەڤالەکی وی ڤە هاتبوو وەرگەراندنی ئالمانی وو نها ژی ئەو چیرۆکا وی د ئەنتۆلۆژییەکە ب ناڤێ "ئەدەبیاتا رۆژهلات" دە ل ئالمانیا ژ ئالیێ وەشانخانەکە ناسکری ڤە هاتیە چاپکرن. هەر کەسی ب ڤێ زیرەکبوونا وی دزانیبوو. هەتا ئاپێ وی یێ کو رەیسێ بەلەدیا باژێر بوو، وو گەلەکی ژێ هەز دکر، سۆز دابوویێ کو دێ وی ژ بۆ ستاژێ بشینە ئینگلتەرێ. لێ گاڤا کورتوویسا کو وی د بن تاسیرا ئاپێ خوە دە خوەها خوە کوشتییە، ل باژێر بەلاڤ بووبوو، پر کەسان باوەر نەکربوون وو ژ بۆ کو دلێ خوە تێخن جە، ب هن کارکەرێن بەلەدیێ رە پەیڤیبوون. کارکەرێن بەلەدیێ ژی نەدخوەستن دیار بکن کو سەرۆکێ وان بوویە سەدەما ڤێ تراژەدیێ، تەنێ بێدەنگی دپەژراندن. گۆری کو دهات گۆتن وو د ناڤ باژێر دە بەلاڤ بووبوو. چیرۆکێ وۆلۆ دەستپێکر بوو. خوەها وی یا کو ب خوەشکبوونا خوە د

باژێر دە دەنگ دابوو، خوەستیا پسمامێ خوە بوو. ئەڤ خوەستن ژی هێ د پێچەکێ دە ژ ئالێ هەردو بران بریار هاتبوو داین؛ لێ هەردو زارۆکێن کو د ئالیێ کارەکتەر دە گەلەکی دوری هەڤدو بوون وو ئەو پسمامێ کو ژ ئالیێ کەچکێ ڤە قەت نەدهاتە هەزکرن و هەباندن، کەتبوو دەرێ ریا وێ. کەچکێ ژی هەوەسا خوە بەردابوو سەرخۆرتەکی جیرانێ مالا خالێ خوە وو رۆژەکێ گاڤا ئێدی تێدگەهێن کو تو رێێن دن تونە نە، ب هەڤ رە بازدن. ژ بۆ کو شوێپێ ژ سەر خوە داگەرینن و نەیێن دەست، هەر گاڤ جهێ خوە دگوهەرن، تو جاری زێدەیی شەڤەکێ ل جهەکی نامینن، لێ پشتی ب سێ مەهان، ل ئێزمیرێ، ل بارکێشەکی ناس راست تێن و بارکێشێ کو ب تەسادوفی ب رەڤا وان هەسیبا بوو وو ب خەلاتا کو ئاپێ کەچکێ ژ بۆ گرتنا وان سۆز دابوو، دزانیبوو، تمایی زۆرا وژدان بربوو وو ژ مالباتا کەچکێ رە خەبەر شاندبوو، ژ ئالیێ دن ژی ب دەک وو دۆلاب وو ب دۆستانی ب دو هەردو دلکەتیان کەتبوو وو گاڤا رۆژەک ژ رۆژێن هاڤینێ یا هەری گەرم ئەو ب ئاپێ کەچکێ، باڤێ وێ وو دوو پسمامێن وێ رە کەتبوون هوندر، هەردو دلکەتی شاش و ئەجێبمایێ مابوون، لێوک هەما دەستێ خوە ئاڤێتبوو دەستێ هەزکریا خوە و خوەستبوو بازدن، لێ ئاپێ کەچکێ، یێ رەییسێ بەلەدیێ بوو وو ب لاش و گەودە بوو، هەما خوە ئاڤێتبوو قەمچکا پاش ستوویێ لێوک، ئەو بەر ب خوە ڤە کشاندبوو، پاشێ هەتاکو ژێ هاتبوو ئەو بەر ب دیوێرڤە دەهف دابوو، پشتا وی ل دیوارێ چیمەنتۆ خستبوو، لاوک بە بەلقین ڤەرەشیا بوو، لێ هین بەری کو بگهێژە ب پشتا دەستێ خوە دەڤێ خوە پاکژ بکە، ڤێ جارێ لاوێ رەییس، یێ کو د ناڤ مالێ دە گەلەکی دەلالی رابووبوو، لێ پر ترسۆنەک وو ژ ئالیێ لاش و گەودە ژی دە قەت نەلهەڤ بوو، هەتاکو ژێ هاتبوو کولەک ل سەر چاڤێ لێوک خستبوو. کەچکێ ئیدارە نەکربوو، ئێریشی وان کربوو، گاڤا ئاپێ وێ خوەستبوو لێخە، دەستێ وی گەز کربوو، د وێ کێلیکێ دە بارینا کو ژی ئاپێ وی هاتبوو بێتر بارینا گایەکی ئانیبوو بیرا مرۆڤ. لێ هەردو دلکەتیان هەر چقاس ل بەر خوە دابوون ژی، دیسان نکاریبوونە خوە ژ ناڤ دەستێن وان بفلتینن، هەتا کو تاری کەتبوو ئەردێ ئەو ب دەست وو لنگێن وان ڤە گرێدا بوون، ئەو ئاڤێتبوون داوییا دولیشێ وو هەزار وو دوسەد کیلۆمەترە، دگەل کو تەنێ سێ جاران سەکنیبوون، چووبوون. د سەکناندنا جارا چاران دە، لیوک خوە ب ئاوایەکی ڤەکربوو، وەکە گولا دەڤێ تفنگێ خوە د دەری رە ئاڤێتبوو، خوە ئاڤێتبوو دوو پیقابەک کو نوە ژ بەنزینخانێ هەرەکەت دکر، وو چووبوو. هەر چقاس هن ژ ڤان ب دوو پیقابێ دە بازدابوون ژی، پەرە نکربوو؛ پیقاب زوو دەرکەتبوو سەر رێ وو ب سورەتەک خورت ژ ور ب دوور کەتبوو. ئاپێ کەچکێ پیلاکا پیقابێ نڤیساندبوو وو ژ مێرکێکال یێ ل بەر بەنزینخانێ پرسا وێ پیقابێ کربوو. مێرکێ کال هەڤێ بەنزینا خوە ژێ ستەندبوو وو ژێ رە گۆتبوو، کو ئەو نزانە بێ ئەو پیقاب یا کێیە. ڤانا ل دۆلیشا خوە سوار بووبوون، ژ بەنزینخانێ دەرکەتبوون و پشتی ب سێ سائەتان، سائەت دۆنزدەهـ و نیڤێ شەڤێ گهشتبوون باژێر. د کەتنا باژێر دە گاڤا دەوریە ل وان راست هاتبوو وو دیتبوو کو رەییسێ بەلەدیێیە وان سلاڤ لێکربوون و بێیی کو ل دۆلیشا وان ساختی بکن ئەو بەردابوون. وان ژی راست ئاژۆتبوون بەر دەرێ مالا باڤێ کەچکێ، پسمامێ وێ ب گولیێ وێ گرتبوو، ئەو ژ دۆلیشێ دەرخستبوو، د هەوشێ دە ب دوو خوە دە کشکشاندبوو وو بربوو ئاڤێتبوو هوندر. گاڤا دیا وێ ژ خەو شیار بووبوو وو کەچکا خوە یا مینا گولەکە بێ ستیر د وێ رەوشێ دە دیتبوو، خوە نەگرتبوو، خوە ئاڤێتبوو سەر وێ، لێ باڤێ کەچکێ چەند پەهین ل وێ

خستبوو، ژێ رە گەلەک خەبەرێن نە ل رێ دابوون و ژ بۆ بازدانا کەچکێ ئەو ژی سووجدار کربوو. پاشێ زلامان کەچک د ناڤ خوە دە هلگرتبوو، ئەو بربوون خانیێ بانی، ژ نووڤە گرێ دابوون، دەری ل سەر وێ کلیت کربوون و سێ رۆژ و سێ شەڤان نە ئاڤەک نە ژی پاریەک نان دابووتێ. دۆترا رۆژێ مالا ئاپانێ وێ ژ برایێ وێ یێ ل ئیستانبوول رە تەلەفۆن کربوون،لاوک ب بالافرێ هاتبوو، ل وێ رەوشێ شاش مابوو، پێشی باوەر نەکربوو، دوو رە گاڤا ئاپانێ وی خوەستبوون سەرێ وی خوەستبوو کو ئەو ناموسا خوە پاکژ بکن، د ناڤ خەلکی دە دیسان وەکە بەرێ سەربلند بژین، ژێ رە دەبانچەکە چەکی یا کو دەستکێ وێ ژ ئالیێ زیڤکەرەکی ئاسووری ڤە هاتبوو نەقشاندن، پەیدا کربوون وو خوەستبوون کو ئەو ب دەستێ خوە، وێ دێلکا خوەها خوە بکوژێ. پێشی لێوک قەبول نەکربوو، هەر چڤا دخوەست خوەها خوە بپارێزە ژی ژ بەر هن سەدەمان نەوێریبوو. ئەڤ بوویەرا کو د ناڤ باژێر دە بەلاڤ بووبوو، ژ بۆ مالباتا وان ئا ناسکری کێمانیەکە مەزن بوو. وو ژ بۆ کو دیسان روویێ مالباتێ سپی ببە، شەرەف وو ناموسا وان ب دەست بکەڤە، کوشتنا کەچکێ پێویست بوو. لێوک ژی ب ڤێ یەکا هان زانیبوو. لۆما کوشتنا خوەها خوە قەبوول کربوو، دەبانچە ژ ئاپێ خوە ستەندبوو، دو جاران کەتبوو هوندرێ ئۆدا خوەها خوە، ژێ نیشان گرتبوو. لێ دیسان ژی دەستێن وی لێ نەگەریا بوو، بەرنەدابوویێ، تەنێ ل سەر لنگان راوەستابوو وو زۆق ل خوەها خوە نهێریبوو. خوەها ویژی ستوویە خوە خوار کربوو، ب پۆرێ خوە یێ ژ هەڤداکەتی وو ب رەوشا پیرەکە چیرۆکێ ل برایێ خوە نهێریبوو. نە وێ، نە ژی برایێ وێ تشتەک ژ هەڤ رە نەگۆتبوون. رۆژا سسیان گاڤا برایێ وێ شەڤ نیڤێ شەڤێ ب شدەت دەری ڤەکربوو، خوەها خوە ل سەر لنگان، د قۆرزیکا ئۆدێ دە دیتبوو.

گاڤا خوەها وێ چاڤ ل وی کەتبوو، وەکە کو زانبە ئەوێ ڤێ جارێ بێ کوشتن، ب برایێ خوە رە کەنیابوو. ئەو ل بەر چاڤێن برایێ خوە بووبوو وەکە پیرەبۆکەکێ، لاوک ژ وێ رەوشا وێ بێ هاوە ترسیا بوو، وەکە کو تو ساتلەک ئاڤ ب سەر دە برژینە، د خوێدانێ دە مابوو. چاڤێن وی وەکە دو بزۆتێن ئێگر سۆر بووبوون وو بەلۆق بووبوون وو ب ڤێرینەکێ رە بەرا خوەها خوە دابوو. گوللا پێشی کو بەردابوویێ مێژیێ وێ ژ هەڤ بەلاڤ کربوو وو ژ بەر کو بەررا ئەینی جهی دابوو، لێ کەچک ب گوللا پێشی رە چۆکێن وێ فسیابوون وو هێدی هەرکیبوو ئەردێ، هەر هەفت گوللەیێن کو بەردابوونێ ل ئەینی جهی کەتبوون.

ئێڤاری، گاڤا وی خوە ب وی سەرێ خوە یێ گرێدایی ل سەر نڤینێ خوە درێژ کربوو وو زۆق ل زکێ ئۆدێ دنهێری، ئەو ل وێ یەکێ دفکری. ل سالێن خوە یێن گرتیگەهێ دفکری. گەللەک سەرپێهاتیێن وی هەبوون. ئەو ب گەللەک کەسان رە رابووبوو وو روونشتبوو. گەللەک کەسێن ناسکری دیتبوون. ژ بۆ دەرباسکرنا وەختێ خوە وو ژ بۆ کو خوە ژ بیر بکە، گەللەک خوەندبوو. پاشێ رەوشا وی خەراب بووبوو، دەستێ وی ل خوەندنا پەرتووکان ساربووبوو، وی سەرەدانێن کو دهاتن ب پاش دە ڤەدگەراندن، هەتا دەمەک پر درێژ ب هەڤال وو دۆستێن خوەیێ گرتیگەهێ رە ژی نەپەیڤیبوو. ئەو ل ڤێ یەکێ ژی دفکری. پاشێ ژ نشکێ ڤە رابوو، ل سەر خوە روونشت. پشتی کورتەدەمەکێ ژی چوو ئۆدا خوە یا خەباتێ. بەری ب پانزدەه سالان گاڤا هین بەری کو ئەڤ بۆ بەلات ب سەرێ وان دە بێ، رەوشا مالباتا وی یا ئابۆری پر باش بوو. ژ بلی وی خانیێ وان یێ سێ قاتی، سێ دکانێن وان یێن کنجان ژی ل باژێر هەبوو. ئەو ئۆدەیا خەباتێ تەنێ ئایدێ وی بوو. ئەو چوو، دیسان ل بەر ماسا خوە روونشت، هەردو ئەنیشکێن خوە دانی سەر ماسێ، سەرێ خوە خستە ناڤا کەفێن هەردوو

دەستێن خوە، ژ پەنجەرێ ل دەرڤە نهێری. ئەڤ یەکا ها ژ رۆژا کو ئەو هاتبوو بەردان ژێ رە بووبوو وەک ئادەتەکێ. ژ نشکێ ڤە چاڤێن وی بەلۆق بوون وو ل دوور نهێری. ئەرێ، نە شاش بوو، یا کو ژ دوورڤە خویان دکر وو خوە ل وی گرتبوو وو ب فڕین دهات خوەها وی ب خوە بوو. لاوک هەما ژ جهێ خوە پەنگزی وو پەنجەرێ ڤەکر. خوەها وی د پەنجەری رە کەتە هوندر وو دیسا چوو قونجکا خوە یا بەرێ.

– من ژ تە رە گۆتبوو، کەکێ منۆ، گۆت. من ژ تە رە گۆتبوو، کو دەستێن تە ب من بێن ئەزێ وندا ببم. نها دڤێ تو دەستێن خوە ب من نەکی. گەر تو دەستێن خوە ب من بکی ئەزێ دیسان وندا ببم. ئەزێ بفرم کەکێ منۆ، ئەزێ هەرم.

جارەکێ وەکە کو وندا بوو، لێ دیسان خویا بوو. ئان ژی مێرک ولۆ هیس دکر. ڤێ جارێ زۆ ل هێلا خوەها خوە نهێری؛ دیت کو ئەرێ، راستە، یا کو خوە د قونجکا خێنیدە کریە قۆمک وو ستوویێ خوە خوار کریە، خوەها وی یە. خوەها کو بەری نها ب چەند دەقیقان ب کراسەکی سپی وو تەنک بوو وو روویێ وێ گەور وو هناریکێن وێ سۆرک بوون، نها ل بەر چاڤێن مێرک بووبوو وەکە بەری ب پانزدەهـ سالان، پۆرێ وێ ژ هەڤدەکەتی، کراسێ وێ قەتیایی، زەیف وو بێهێز. ژ بەر ڤێ یەکێ مێرک ژ نشکێ ڤە کر قیرین وو ب قیرینی رە ژی چەند جاران ل سەر هەڤ گۆتە "نا، نا". ب دەنگێ قێرینا وی رە دێ وو باڤ وو خوشکێن وی یێن بچووک شیار بوون، لێ گاڤا دیتن کو تشت تونەیە دیسان چوونە جیهێن خوە، لێ دیا وێ پەنجەرا ئۆدا وی گرت، ئەو ل سەر میندەرێ دا درێژکرن، دەمەکێ ل بەر سەرێ وی روونشت وو سەرێ وی یێ کو د رەنگێ بەرفێ دە بوو، مست دا . وی ژی ئەینی وەکە زارۆکەکی بچووک سەرێ خوە دانی سەر چۆگا دیا خوە وو هەردو چۆگێن خوە کشاندن زکێ خوە. دیا وی گونەهێ خوە ب وێ رەوشا لاوێ خوە ئانی وو ئەو لاوێ وێ یێ کو وەکە چیاکی بوو، لێ نها کەتبوو وێ رەوشا خەراب، دل وو جەرگێ وێ دسۆت. ئەو دەمەکێ ل زارۆکتی وو خۆرتانیا لاوێ خوە فکری وو ئەو کەچکێن مەهەلێ کو ژ بۆ لاوێ وێ یێ چەلەنگ چقاس خاتر وو قیمەتا وێ دگرتن، دهات بیرا وێ. هەر کو دیا وی سەرێ وی مست ددا ، وی ژی خوە هین بێتر وەکە زارۆکەکی هیس دکر، هیسێن ئەجێب پێ رە چێ دبوون وو هێسرێن چاڤێن وی وەکە دلۆپان دهەرکین ئەردێ. دیا وی ژی ژ بۆ کو هێسرێن وێ نەهەرکن سەر رووێ لاوێ وێ، هەر ب دەستمالا سەرێ خوە هێسرێن خوە پاکژ دکر وو نفرێن دنیایەکێ ل مالا ئاپانێ وی دکر. مالا ئاپانێ وی کو دەمەکێ تادە وو نەهەقیەک مەزن ل وێ کربوون وو ئەو ئاپێ وێ یێ بووبوو سەدەما کوشتنا کەچا وێ وو بووبوو سەدەما کو کورێ وێ تێکەڤە وێ رەوشێ.

وێ، نفر ل وی ئاپی دکر. وێ د دلێ خوە دە نفرێن خوە دکر. وێ دگۆت، تە وارێ من کۆر کر، خوەدێ وارێ تە ژی کۆر بکە. وێ دگۆت، تە مالا من خەراب کر، خوەدێ مالا تە ژی خەراب بکە. وێ دگۆت خوەدێ ئاڤا رەش ب چاڤێن تە دە بینە. وێ دگۆت و دگۆت.

مێرک پشتی دەمەکە کورت ل سەر چۆگا دیا خوە د خەو ڤە چووبوو، لێ دیا وی ژ بۆ کو وی شیار نەکە، هەیا سائەت سسێ شەڤێ بێیی کو خوە تەڤ بلڤینە، د بن سەرێ کورێ خوە دە روونشتبوو. لێ هەیا کو ئێدی ژ تەڤزاندنا لنگێ خوە دەبار نەکربوو، مەجبوور مابوو کورێ خوە ژ بۆ کو ئەو هەرە سەر نڤینێ خوە رازێ، شیار کربوو. لاوک ژی ژ نشکێ ڤە ژ خەو پەکیابوو وو ئەو خوێدانا کو ژ تاسیرا خەونا وی یا ترسێ مابوو ب پشتا دەستێ خوە پاکژ کربوو. دیا وی ب دەستێ وی گرتبوو، ئەو بربوو ئۆدا وی یا رازانێ، ل سەر نڤینێ وی

درێژ کربوو، روویێ وێ ماچ کربوو، لامپا وێ ڤەمراندبوو وو هێدکا دەرییێ وێ گرتبوو وو دەرکەتبوو. مێرک ژی خەوا وی نەهاتبوو. پشتی دەرکەتنا دیا خوە ب نیڤسائەتەکێ رابووبوو سەر خوە وو دیسان چووبوو ئۆدا خوە یا خەباتێ. چەر کو کەتبوو ئۆدا خوە پەنجەرە ڤەکربوو، لێ دیسان گرتبوو، پاشێ دیسان ڤەکربوو. ڤێ جارێ ژ نشکێ ڤە ژ هوندرێ ئۆدا وی دەنگەک هاتبوو، مێرک ڤەجنقیبوو، ل پاش خوە زڤریبوو وو دیتبوو کو دیسان خوەها وی، ل قونجکا ئۆدێ ستوویێ خوە خوار کریە وو دخوەست ژ برایێ خوە رە تشتنا ببێژە. برایێ وێ ژی هەبەکی بەرەپاش چووبوو، ل قونجکا دن یا ئۆدێ ل سەر کورسیەکێ روونشتبوو وو وی ژی ب ستووخواری ل خوەها خوە نهێریبوو.

جارەکێ، وەکە کو نقوتیبوو دلێ وی کو ئەو نە خوەها وی یە تەنێ ل بەر چاڤێن وی ولۆ دبە، لێ وەکە کو خوەها وی زانیبوو ئەو چ فکریە، لۆما زووکا ژ وی رە گۆتبوو:

– ئەز خوەها تەمە، باڤێ منۆ! ئەز سۆرگولێ مە... ئەز نها ژ با دەرگیستیا تە تێم.

مێرک دیسان ژی باش لێ نهێریبوو، ئەو خوەها خوە یا کو بەری ب پانزدەھ سال وو چار-پێنج مەهان ئانیبوو بیرا خوە دیتبوو کو تو گوهەرتن د خوەها وی دە چێنەبوونە، ئەو سپەهیبوونا خوە یا بەری ب پانزدەھ سال وو چەند مەهان هینا ژی پاراستیبوو.

ئا ئیرۆ من دەرگیستیا تە دیت. وێ گۆت گەر تو هەرە سلاڤێن من لێ کە، ژی رە بێژە، ئەز ل بەندی وی مە، ئەز بێیی وی تو کەسی ناکم، بلا ئەو ژی کەسی نەکە. وێ دخوەست ب من رە وەرە ژی لێ نەهات، وێ گۆت، ژێ رە بێژە، بلا ئەو وەرە. وێ گۆت، ما نە هەقێ منە کو ئەو وەرە من ببینە. من ژێ رە گۆت، بەلێ وەلە، هەقێ تە یە، ئەزێ هەرم کەکێ خوە بینم وو وەرم. ئەو نها هازریا مە دکە، ئەو نها ل بەندی مەیە، چاڤێن وێ ل ریا مەیە قەرمی نە.
دە هەیدێ کەکێ منۆ، هەیدێ ئەم هەرن.

نها خوەها وی چووبوو بەر پەنجەرێ، هەردو دەستێن خوە ئاڤێتبوون پەنجەرێ وو ژ برایێ خوە رە، یێ کو دیسان هێسرێن وی د سەر روێ وی یێ ب رھ دە دەرکی رە دگۆت، " دە هەیدێ ئەم هەرن." کەچک د پەنجەرێ رە دەرکەت وو چوو وو ژ دوور دەنگێ وێ د گوهێن مێرک دە دکرە زنگینی "تو ژی بدە دوو من کەکۆ، ئەز ل بەندی تەمە." مێرک ژی هەردو دەستێن خوە ئاڤێتن پەنجەرێ، هلکشیا سەر وو خوە ب دوو خوەها خوە دە ئاڤێت.

سبەهێ زوو گاڤا مەلە ژ مزگەفتێ ڤەگەریا مال، ژ دوور ڤە دیت کو یەک ل کوچێ درێژکری یە وو کووچک وو جەورکەک ل دۆر وی دچن وو تێن وو لنگێن وی بێهن دکن.

هەر کو مەلە نێزکتر بوو، تێگهیشت کو لاوێ جیرانێ وان ە. گاڤا وی خوە ئاڤێتبوو، پێشی ل سەر زک کەتبوو، پاشێ قولوپی بوو سەر پشتێ. نیڤێ روێ وی یێ چەپێ نەمابوو، مێژیێ وی رژیابوو ئەردێ. مەلێ ئەو چەند مێشێن رەنگەسک یێن کو دکرن ڤنگینێ دانە ئالی وو ب دەستمالکا خوە روێ وی نوخوماند.

## فرات جەوەری

ساڵی ١٩٥٩ لە گوندێکی چیایێ مازی لە کوردستانی باکوور لە دایک بووە. ساڵی ١٩٧٠ ماڵیان بار دەکات و دەچنە شاری نسێبین. بە هۆی چالاکیی سیاسییەوە ساڵی ١٩٨٠ وڵات بە جێ دەهێڵێ و روو دەکاتە سوێد. لە سەرەتادا بە شیعر نووسین دەست پێ دەکات و پاشان چیرۆک. ساڵی ١٩٨٦ کۆمەڵەچیرۆکی " گرتی" و ساڵی ١٩٩٢ " کەڤۆکا سپی" بڵاودەکاتەوە. سەرنووسەری گۆڤاری فەرهەنگیی " نوودەم" ە.

ریمکۆ کامپێرت

# سبەینێیەکی پڕ لە ئەڤین

ئامانج شاکەلی لە هۆڵاندییەوە کردوویەتی بە کوردی

کە بە دوای کارەکەری ئوتێلەکەدا بە سەر پلیکانە تەسکە ، کۆنە بەڵام جیرەلێوەنەهاتووەکەدا سەردەکەوت ، وای دەزانی کە ئەویش بە دوایاندا سەردەکەوێ .

کچەکە، هەڵبەتە هێشتا هەر بە کچ حسێب دەکرا، ئاوا نۆزدەساڵان دەبوو ، هەرچەند هێندێک گەورەتر دەهاتە بەرچاو . لە خوارەوە لە ڕێڕەوەکەدا ڕاوەستابوو. ڕێڕەوەکە تاریک بوو ، چرایەکی کزی تێدا دەگرا. بە ئاستەم دەکرا پەی بەوە ببرێ کە لەسەر دیوارەکان چەند نیگارێکی کاڵەوەبوو کێشراون .

کارەکەری ئوتێلەکە دەرگای ژووری ژمارە شازدەی کردەوە و پێش ئەم چووە ژوورێ. ئەم پێش ئەوەی بڕواتە ژوورێ ، ئاوڕێکی لە کچەکە دایەوە و چاوێکی لێ داگرت ، کچە زەردەی هاتێ و سەری لەقاند . ئەم دووبارە چاوی لێ داگرتەوە و بە ئاستەم سەری لەقاند، کچەکە ئەو کاتە زۆر بە کاوەخۆ بە پلەکانەکەدا سەرکەوت . ژووری ژمارە شازدە درێژکۆلە و دیوارەکانی بە کاغەزێکی بۆر داپۆشرابوون . کارەکەری ئوتێلەکە لەبەر تاکە پەنجەرەی ژوورەکەدا ڕاوەستابوو و بە نینۆکەکانی پەڵەیەکی سەر شووشەکەی دەکڕاند.

کەلوپەلی ژوورەکە بریتی بوون لە نوێنێکی چەچەرف دارِزاو، لە تەنیشت نوێنەکەوە کورسییەکی بچووک، لە بەردەم کورسییەکەشدا مێزێکی لە داری گوێز دروست کراو. لە پەنجەرەکەوە تیشکی ماتی بەیان هاتبووە ژوورێ و بە سەر چەرچەفە شڕەکەدا گیرسابۆوە.

کچە لەودیو کۆسپەی دەرگا وازەکەی ژوورەکەدا ڕاوەستابوو. کارەکەری ئوتێلەکە بە نیمچە نازێکەوە گوتی " کاغەزی دیوارەکان فرە جوان نین ، بەڵام قەیدی ناکا " ئەم شتێکی گلماند، ئەودەم مۆسیقایەکی گوێ لێ بوو ، دەنگێکی کز ، بەڵام هەرچۆنێک بێ دەنگێک بوو، وەکوو چۆن کەسێک لە دوورەوە گوێی لە هاژەی زەریا بێت .

کارەکەری ئوتێلەکە دەتگوت بە کەیفەوە گوێ لە مۆسیقاکە دەگرێ، ئەمجا گوتی " رادیۆکەی ئەم تەنیشتەمانە، بە درێژایی ڕۆژ کار دەکات، لەهەشت و نیوەوە تا دوانزە و نیو، لە یەک و نیویشەوە تا پێنج و نیو . بەڵام گوێی مەدەیە"

" مەبەستت چییە؟" ئەم پرسیی و لە هەمان کاتدا گوێی لێ بوو کە ئاوازێکی مارش کۆتایی هات و پاش ساتێک بێدەنگی ئاوازی ڤالسێکی ئینگلیزی دەستی پێ کرد.

کارەکەری ئوتێلەکە گوتی" ئا لەم تەنیشتەوە موغازەیەک هەیە، چاکەتی بارانی دەفرۆشێ، خاوەنەکەی پێی وایە کچە فرۆشیارەکان بەدەم بیستنی مۆسیقاوە چێتر کار دەکەن "

ئەم سەری لەقاند، ویستی چیدی بیر لە مۆسیقاکە نەکاتەوە، بەڵام ئاوازەکان یەک لە دوای یەک لە گوێیدا دەزرنگانەوە.

کارەکەرەکە گوتی " دەتەوێ لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرێ بکەیت ؟ بڕوانە ئەو درەختانە ، ئەوێ باخچەیە ، لەوێشەوە بەشێک لە گۆلاوی باخچەکە دیارە ، خۆ دەیبینی؟ هەڵبەتە لەم وەرزەدا قاز و مراویی تیدا نین "

ئەم پرسیی " ئەدی ئەوە چییە ؟ ئەولاتر دەڵیم ، ئەو خانووە؟"

"ئەوە مەیتخانەیە ، بەڵام لێی گەڕێ ، ئەگەر لە جێگەکەی منەوە بڕوانیتە دەرێ نایبینیت، باشترە تەماشای درەختەکان بکەیت . بۆ خانمیش واچاترە ، وانییە؟"

"وایە "

کارەکەرەکە گوتی " هەرچییەکتان پیویست بوو بانگ بکەن ، زەنگمان نییە "

" باشە ، زۆر سوپاس " ئەم وەڵامی دایەوە .

کچەکە، کە هێشتا لە بەر دەرگاکەدا ڕاوەستابوو، خۆی لادا و ڕێگەی بۆ کارەکەری ئوتێلەکە چۆڵ کرد.

ئەم گوێڕایەڵانە هەر وەک چۆن کارەکەری ئوتێلەکە پێی گوت ، لە بەر پەنجەرەکەدا ڕاوەستابوو و تەماشای درەختەکانی دەکرد، ئاوڕی دایەوەو پرسیی " بۆچی نایەیتە ژوورێ ؟"

کچە کلاوێکی ڕەشی لە سەردا بوو، شەپقە نەبوو. بەڵام لە شەپقە جوانتری لێ دەهات . چارۆکەیەکی ئاودامانی خۆڵەمێشینی بە کۆڵەوە بوو. بە ئەسپایی بەسەر کۆسپەی دەرگاکەدا هەنگاوی هەڵێنا "ئەمەیە ژوورەکە؟"

"بەڵێ ، وەرە لێرەوە بڕوانە باخچەکە"

هێشتا بەیانی بوو، ئاسمان وەکوو هەموو زستانێک تەماوی بوو . تەماوی و سارد. ئەم زستانی خۆش دەویست . مانگەکانی زستان پاکژترین مانگی ساڵن ، پیاو هەست بە ئارامی دەکات.

کچە هات لە تەنیشتی ڕاوەستا. ئەم باسکی هاویشتە سەر شانی وێ و لەپڕ هەستێکی قووڵ لە ناخیدا سەری هەڵدا و فرمێسکی زایاندە چاوەکانی، بە ئاستەم گوێی ڕامووسی و ئەودەم گوتی" دەرگاکەشت دانەخست"

"نەء" کچە گوتی و ڕوانییە ئەو. کەوتنە ڕامووسانی یەکتر، گۆلێکی پڕ لە ئەڤین ، ئەم گوێی لە ڕادیۆی موغازەکە بوو

*بیستودوو ساڵان بوویت، پارەیەکی زۆرت هەبوو*
*کارێکت کرد ژنان گەوجیان کردیت*
*ئەی بۆچی تۆش وەک هەندێ پیاوی دیکە ناکەی*
*کەواتە لێرە بچۆرە دەرێ و هەندێ پارە بۆ منیش بێنە*

لە دڵی خۆیدا گوتی " دەبێ هەرچی زوو تر ئەم ساتە لە بیر بکەم" خۆی لە ئامێزی کچە دەرکرد و دەرگاکەی پێوە دا.

" ئەمە ژووری ئەڤین نییە "

" پێت وایە" کچە پرسیی.

" ئەز لەم بارەیەوە شارەزاییم زۆرە"

" بۆچی هەموو جارێک ئەڤین بوو؟ "

" نازانم ، ئەرێ هەموو جارێک ئەڤین بووە. لە گەڵ هەموو ژنێکدا ، لە گەڵ ژنەکەی خۆمدا. هەموو نیگایەک ، هەموو دەست گوشین و هەڵمژینێک ئەڤینە . یان رەنگە وانەبێ؟"



" ئەی ئێستا؟"

" ئێستاش ئەڤینە"

هەستێکی یەکجار بە تین بوو ، هەرگیز لە ماوەی ژیانیدا ئەم تەرزە هەستە لە ناخیدا سەری هەڵنەداوە. وەک بڵێی لەو دەمەدا جۆشی هەرزەکاری و هەستی دڵداریی کامڵانەی ئامێتە بووبن .

کچە پرسیی " لە دەرەوە چ باسە؟"

" وەرە تەماشاکە! باخچەکە دەبینیت؟ درەختەکان، چەند دانەیەکن، بەڵام هەرچۆنێک بێ درەختن ئیدی. هەروا گۆلاوێکیش دیارە سبەینان قازو مراوی مەلەی تێدا دەکەن، بە سەر چیمەنەکەشدا دایکان بە خۆیان و عارەبانەی زارۆڵەکانیانەوە و دڵدارانی..."

" وەکوو خۆمان..."

"وەکوو خۆمان و هەر خواش دەزانێ چ کەسانێکی دیش پیاسە دەکەن . بەڵام وەرە بۆ تاوێک ئا لێرەوە بڕوانە ، ئەو خانووە ناشیرینە دەبینی؟ ئەوە مەیتخانەیە"

" زۆری لێ بێزاریت؟"

" بەڵێ ، دیمەنەکەی بە تەواوی تێک داوە"

" وانییە ، دەتوانی تەماشای نەکەیت"

" ئەدی کاغەزی دیوارەکان . ئەو مۆسیقایە . چەرچەفە شڕەکە چۆن؟"

" کەواتە با لێرە بڕۆین "

" بۆ کوێ؟"

" بۆ ماڵەوە "

" نابێ ، بۆ خۆشت دەزانی "

"بۆچی نابێ؟"

" چونکە ئەودەم خاوەنخانووەکەم شڕو شاتاڵم داوێتە سەر شەقام"

" خاوەنخانوو ! تۆ هیچ لەوە ناچیت کرێچی بیت "

ئەم پێکەنی

" چما پێدەکەنیت؟"

"هەروا"

*... هەندێ پارە بۆ مینش بێنە*

کچە چوو لە سەر نوێنەکە دانیشت،

ئەم چوو لە سەر نوێنەکە لە تەنیشتی ڕۆنیشت:

" خۆشم دەوێی " ئەم گوتی و لە دڵی خۆیدا لێکی دایەوە

" وانییە ، رەنگە لە خۆشویستن پتر بێ."

کچە گوتی " ئەدی بۆ وا بێزار و لە هەموو شتێک لالووتی؟"

ئەم نەرم و نیان لە ئامێزی گرت و سەبرۆکە لە سەر نوێنەکەی ڕاکشاند.

کەوتنە ڕامووسانی یەکدی، تاکو کچە گوتی" تۆزێک ڕاوەستە" ئەم بە خۆی گوت - ژنان هەمیشە وا دەڵێن - کچە لە جێ ڕاستەوە بوو و چاکەتەکەی داکەند .

ئەم گوتی " هەر ئەوەندە؟" کچە بە دەم زەردەیەکەوە جلەکانی داکەند تا بە تەواوی ڕووتەوە بوو. ئەم هێشتا لە نوێنەکەدا ڕاکشابوو جلەکانی بە تۆپەڵی هاویشتە سەر مێزەکەو گوتی " ناتەوێ لێرە راکشێی؟"

کچە موژەکانی پێکدا دا و گوتی " ئێستا نەء "

پشتی بچووک و سفت و سۆڵ، وەک پەپوولە، پارچە دارێکی ساف و لووس، ڕۆژێکی خۆرەتاو لە کەناری زەریادا، زەردەپەڕێکی بەهاران، ئەم چاوەکانی داخست و بیری لە سەردەمی هەرزەکاریی خۆی، ڕۆژانی ڕابوردوو، کردەوە، ئەو ڕۆژانەی بە سەربەستی بە ناو باخچەکاندا دەگەڕا لە کاتێکدا فڕۆکە ئاسمانیان دەبڕی و هێڵێکی سپییان لە پاش خۆیانەوە بە جێ دێڵا. بەڵام ئێستا ڕاستییە، ڕاستییەکی خاوێنی نزیک. بەیانییەکی دزراوی پڕ لە ئەڤین لە ژووری ئوتێلێکی هەرزانباییدا، بەڵام ڕاستە و هەموو ساتێکی ئایندەشی ڕاستییەکی نوێیە.

ئەم چاوەکانی کردەوە، کچەکە هێشتا هەر لەوێ لە تەنیشت پەنجەرەکە ڕاوەستابوو.

" وەرە لامەوە، تاوێکی دی سەرمات دەبێ"

بەڵام کچە نەهات و ناچار لە نوێنەکە هاتە دەرێ تا بیهێنێ.

ئەم ئەوی خۆشدەویست، کە دەستی بە ئاستەم بە پشتی وێدا هێنا و کەوتە ڕامووسانی شان و مل و لێوی، ڕووبارێک خۆشیی ڕەزامەندی بە هەناویدا کشا: بەندەرێک لەژێر تیشکی خۆرەتاوی ڕۆژێکی سارد و پڕ لە بەلەمی چارۆکەداری ڕەنگاوڕەنگ. دارستانێکی بە بەفر داپۆشراوی چلوورە بە لق و پۆپی درەختاندا شۆڕەوەبووی لە ژێر هەمان خۆرەتاوی سارددا ڕاکشاو. هەروا میوەی تەرچک و گەییوی هەمەچەشنە، لە سێو و هەرمێ و نارنج و لیمۆ. کیژی نەرم و نۆڵی مایۆ لەبەری بەکەناری زەریای شیندا ڕاکردوو. دووکانی سازفرۆشی، ساکسیفۆن، ترۆمپێت.

پاش هەموو ئەوانەش شیر، سەدان شووشە شیر کە ئەم بە هەموو توانایەکیەوە وردو خاشی دەکردن، پارچە شووشەی درەوشاوەی نێو گۆلاوێک شیری سپیی تازە.

" ئۆی خوایە" ئەم گوتی " چەندم خۆشدەوێی"

پێکەوە لەسەر نوێنەکە ڕاکشان، چەرچەفە شڕەکە کەوتبووە سەر زەوییەکە. ئەم ڕوانییە ڕوومەتی کچەکە.

کچە پاش تاوێ گوتی " چیدی مۆسیقاکەم گوێ لێ نییە"

" کەواتە نیوەڕۆیە"

نیوەڕۆ بوو. کچانی موغازەکە فراقینیان دەکرد، یان بەدەم پیاسە کردنەوە بابۆڵەیان دەخوارد. ئەوانەی کە پاسکیلیان هەبوو بە سواریی پاسکیل بەرەو ماڵ دەچوون، تاوناتاوێکیش لەبەر گڵۆپی سووری شەقامەکاندا ڕادەوەستان: زەنگی کڵیساکان دەزرنگانەوە، خوێندکاران لە پۆل وەدەرکەوتن، با و هەتاویش نەرم و نیان هەموو ئەوانەیان دەهەنوو.

کچە گوتی : ئەز دەبێ بڕۆم ، دایکو باوکم چاوەڕێم دەکەن ئەم خۆشحاڵ و بە ڕاکشاوی لە نوێنەکەدا مایەوە.

زۆری حەز دەکرد جارێکی دیش یەکتر ببیننەوە، دەیزانی لە کوێ کار دەکات و شارەکەش هێندە گەورە نەبوو، بەڵام چ ژوانی لە گەڵدا دانەنا و کچەش هیچی نەگوت. کچە بە سەریدا کووڕ بۆوەو ماچی لێوەکانی کرد و ڕۆیشت .

ئێستا کە کچە لەوێ ڕۆیشت، ئەم خۆی لە بەر کرد و ڕوانییە گۆرەوییەکانی کە لەسەر مێزەکە کەوتبوون.

لە دڵی خۆیدا گوتی "ئێستا دەبێ منیش بڕۆم"

ئێستا ژنەکەی لە ماڵەوەیە، بازاڕی کردووەو فراقینی ئامادە کردووە و چای وە سەر ناوە، بە دەم جگەرە کێشانەوە کتێبێک دەخوێنێتەوە، چاوەڕێی ئەم دەکات. ئەم هەستایە سەرپێ، ژنەکەی ئەمی خۆشدەویست. ئەم گۆرەوییەکانی لە پێ کرد، ئەمیش ئەوی خۆشدەویست .

## ریمکۆ کامپێرت REMCO CAMPERT

ساڵی ١٩٢٨ لە هۆڵەندا لە دایک بووە .

تا ساڵانی پاش شەڕی دووەمی جیهان شیعری دەنووسی. دەو دەمانەدا دەگەڵ کۆمەڵێک شاعیری گەنجدا کۆمەڵەیەکیان پێک هێنا کە پاشتر بە ناوی کۆمەڵەی " پەنجاکان " ناوی دەرکرد. ئەوانە نیازیان وابوو جۆرە شێوازێکی تازەی شیعر پێک بهێنن کە بکارێ شیعری جەماوەری و ئەوەی کە پێی دەگوترێ " شیعری تایبەت" لە خۆیدا کۆ بکاتەوە. ئەوان گۆڤارێکیان بڵاودەکردەوە بە ناوی " تەقینەوە" - کامپێرت سەرنووسەری بوو - هەرچەند کۆمەڵەی پەنجاکان نەیتوانی بگاتە ئامانجەکەی و فێرگەیەکی شیعریی تازەی هۆڵەندی پێک بهێنێ، بەڵام تا ڕادەیەکی بەرچاو لە شیعری لە قالب دراوی ئەو سەردەمەی هۆڵەندی وەدەرکەوتن. لە ناو ئەو شاعیرانەدا کامپێرت زیاتر لە



هەمووان پێش کەوت و ناسرا. شێوازی شیعری کامپێرت هێدی و قووڵ، بەڵام لە بەردڵان وسەرنجڕاکێشە.

لە سەرەتای ساڵانی پەنجادا دەستی بە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان کرد. سەرەتا کۆمەڵە چیرۆکی " کورەی چەقۆ بەدەست" و " هەموو ڕۆژ جەژن "ی بڵاو کردەوە: ئەمجا ڕۆمانی وەکوو " فیلی دڵداری" و" چەقۆی ڕێگرەکە" ی بڵاوکردەوە .

شێوازی نووسینی کامپێرت ، زۆر لە شێوازی شیعرەکانی دەچێ. ئەو سەبارەت بە دڵداری، هەستی تایبەتی مرۆڤی سەردەم دەنووسێ. تا ئێستا پتر لە پێنج ڕۆمان و چەند کۆمەڵە کورتە چیرۆک و دیوانی شیعری بڵاو کردۆتەوە. کامپێرت بە یەکێک لە کۆڵەکە ئەدەبییەکانی هۆڵەندا ناسراوە.

# نیگاری تۆ
# لە دیواری زیندانەکەم
# هەڵدەکۆڵم

شیعری : فەرهاد شاکەلی

نیگاری : ڕێبوار سەعید

دوا کۆمەڵە شیعری فەرهاد شاکەلی - یە، لەلایەن کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد - کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە. ئەم دیوانە لە سیوچوار پارچە شیعر پێک هاتووە و وێڕای تابلۆ نایاباب و بەرزەکانی ڕێبوار سەعیدی هونەرمەند چاپ کراوە.
بۆ وەدەست هێنانی ئەم دیوانە دەتوانن لە ڕێگەی گۆڤاری ماموستای کوردەوە داوای بکەن.





| | |
|---|---|
| سوێد | ٤٥ کرۆن |
| وڵاتانی سکاندیناڤیا | ٥٠ کرۆنی سوێدی |
| ئەوروپا | ٥ پۆند/ ١٢ مارک |
| دەرەوەی ئەوروپا | ١٠ دۆلار |

ژمارەی حیسابی پۆست: 0 - 59 55 43

# چۆن چاوم بە شاعیری ناوداری تورک نازم حیکمەت کەوت !

ئارۆن کاتسینێلینبواژێن
زانستگەی پێنسلڤانیا

لە کۆتاییی ساڵانی ١٩٥٠دا بوو کە چاوم بە نازم حیکمەت کەوت لە ئەپارتمانەکەی خۆی لەسەر شەقامی نۆڤۆپێشچانایا، لە مۆسکۆ. ژنی یەکێ لە دۆستەکانم تورک بوو، و شاعیری باش دەناسی. ئەو کاتە حیکمەت تازە هاتبوو بۆ ئەوەی لە یەکێتیی سۆڤیێت بژی و لەبەر ئەوەش، بێگومان، زۆر حەزی لە ناسین و شارەزابوونی هەموو لایەنێکی ژیانی سۆڤیێت بوو، بە تایبەتیش ئابووریی نەتەوایەتی. ئەودەم من لە ئەنستیتووتی ئابووریزانیی سەر بە ئەکادێمیی زانست کارم دەکرد و ژنی دۆستەکەم پێشنیازی لای حیکمەت کردبوو کە ئاشنایەتیم لەگەڵ پەیدا بکات. ئا بەو جۆرە بوو کە چاومان بە یەک کەوت.



نازم و ژنەکەی زۆر بە گەرمی و دۆستانە بەخێریان هێناین و بە درێژا باسی ئابووریی سۆڤیێتمان کرد. دوو کەسی دیکەش کە، پێم وایە، خەریکی کاری شانۆ بوون لە شاری مینسک، ئەو ئێوارەیە هاتن بۆ بینینی ماڵی حیکمەت.

وا بزانم تەمەنی حیکمەت دەبێ ئەو کاتە لە ٦٠ ساڵ زیاتر بووبێ، بەڵام چونکە ڕەنگی کراوە بوو و زۆریش قۆز و ئێسکسووک بوو، هەستێکی وای دەدایە مرۆڤ کە زۆر لە تەمەنی خۆی گەنجتر و بچووکترە. کاتێ دانیشتین بۆ شێوکردن، دوای ئەوەی چەند فنجان قاوەی تورکیمان خواردبووەوە، چەند پارچەیەک شیعری خۆی بە زمانی تورکی بۆمان خوێندەوە. ئەگەرچی ئێمە تاکە وشەیەکی تورکیشمان نەدەزانی، بەڵام مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانی بە گوێمان خۆش بوو.

پاشان، لە دوادواییی شەوەکەدا، باسی ئەوەی بۆ کردین کە چۆن لە تورکیا هەڵهاتووە. دوای ئەوەی کە هەڵمەتێکی ناونەتەوەیی بۆ بەردانی حیکمەت لە بەندیخانە سەری گرتبوو، لە ئەستەمووڵ لە ئەپارتمانێکدا

دانیشتبوو کە بیستوچوار سەعاتە لەژێر چاودێریدا بوو. دۆستەکانی هەرچییەکیان لە دەست دەهات دەیانکرد بۆ ئەوەی بۆی ڕێک بخەن لە وڵات ڕابکات و خۆیشی لە دواییدا بە کردەوە هەنگاوی بۆی نا. تەنانەت پێش ئەوەی چاومان بە حیکمەت بکەوێ، دۆستەکانمان بۆیان باس کردبووین کە هەموو ڕۆژێ، ڕێک لە هەمان کاتدا و هەر عەینی دەستەجلی لەبەر دەکرد و لە ئەپارتمانەکەی ئەستەموڵی دەهاتە دەرەوە و ڕۆژنامەیەکی لە عەینی ڕۆژنامەفرۆشی دەکڕی. ڕۆژی هەڵاتنەکەی دەستەجلێکی جیاوازی لەبەر کردبوو، لە کاتێکی نائاساییدا لە ماڵ هاتبووە دەر و بە لایەکی دیکەدا ڕۆیشتبوو. کابرای پۆلیسی نزیک ماڵەکەی فەرقی پێ نەکردبوو، حیکمەتیش خۆی گەیاندبووە بەندەری شار و لەوێ بەلەمێکی مۆتۆردار چاوەڕێی کردبوو. وەک حیکمەت خۆی بۆی گێڕاینەوە، دەبوو ئەو بەلەمە مۆتۆردارە بە کار بهێنێ تا بگاتە بولگارستان. کە بەلەمەکە دەگاتە زەریای ئازاد، لەپڕ گەرداوێک هەڵدەستێ. لەبەر ئەوە، هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵدەکێشێ کە چاوی بە کەشتییەک دەکەوێ لەو نزیکانە، کە لەسەر تەنیشتەکەی بە ئەلفوبێی لاتینی ناوەکەی ( ئەگەر باشم لە بیر مابێ، پلێخانۆڤ بووبوو) نووسرابوو. ڕووی بەلەمەکەی دەکاتە کەشتییەکە و دەست دەکا بە هات و هاوار بۆ ئەوەی یارمەتیی بدەن. لەپڕ مۆتۆری بەلەمەکە دەکوژێتەوە و بە زەحمەت و کۆششێکی یەکجار زۆر ئەوسا بۆی دەخرێتەوە کار. ماوەی سێ سەعات بە دەور کەشتییەکەدا دەسووڕێتەوە و لەسەر یەکە هاواریان لێ دەکات کە من نازم حیکمەتم. ئاخرییەکەی خەڵکی سەر کەشتییەکە دەستی بۆ هەڵدەتەکێن بە نیشانەی بەخێرهاتن و ڕایدەکێشنە سەرەوە بۆ ناو کەشتییەکە. دەیبەن بۆ ئەو شوێنەی کە پێی دەڵێن "گۆشەی سوور" (ژوورێکە بۆ کۆبوونەوەی ڕەسمی و شتی لەو بابەتە)، و لەوێ لەسەر دیوارەکان کۆمەڵێ پۆستەر هەڵواسراون. یەکێک لە پۆستەرەکان، کە بە گووی مێش داپۆشراو دەبێ، ئاوای لەسەر نووسرابوو "نازم حیکمەت ڕزگارکەن!". کە نازم چاوی بە کاپتنی کەشتییە ڕۆمانییەکە دەکەوێ لێی دەپرسێ بۆچی تاقمی کەشتییەکە ئەوەندە درەنگ ڕایانکێشایە سەرەوە، خۆ ئەگەر دەریشکەوتایە کە ناوی حیکمەت نییە، دیسان کاپتن دەیتوانی لە کەشتییەکەی دووربخاتەوە. کاپتن پێی دەڵێ کە دەبوو لەگەڵ بوخارێست قسە بکات و بوخارێستیش دەبوو پێوەندی بە مۆسکۆوە بکات ؛ بەو جۆرە گفتوگۆ سێ سەعاتی خایاند تا بڕیار بدەن بیبەنە سەرەوە بۆ ناو کەشتییەکە یان نە. کە مۆسکۆ "ئۆ.کەی" ی دابوو ئەوسا حیکمەتیان گەیاندبووە جێگەی سەلامەت. تیز و گاڵتە پێ کردنێکی زۆر لە قسەکانیدا هەبوو، نەک تەنیا لە چیرۆکی "دەستەی ڕزگارکردن"ەکەیدا، بەڵکە بە گشتی سەبارەت بە شێوەی بەڕێوەچوونی سیستەمی سۆسیالیستی سۆڤیێتی. بە خۆڕایی نەبوو کە هاونیشتمانێتییە پۆڵۆنییەکەی خۆیی پاراست.

فەرهاد شاکەلی لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی

گۆڤاری Edebiyat ، ژمارە: ٢، ساڵی چوارەم (١٩٧٩)، لاپەڕە: ١٩١-١٩٢



مەستوورە؛ ماهشەرەف خانمی کوردستانی          نیگاری هونەرمەندی کورد هادی ضیائوددینی

# لەتیف هەڵمەت : چوار ناونیشان

## ١. کەپر

ئێ بۆچی دەڵێن :
بەرد گیانی نییە ...
ئەی ئەوە چییە
دوو بەرد لێک بدرێن
گڕ لە دەروونیان
هەڵدەقوڵێت و
بە زمانی عەشق لەگەڵ یەک دەدوێن ...؟

***

ئێ بۆچی دەڵێن :
ئاسمان کەپرێکی
خامۆش و چۆڵە
ها، بۆچی دەڵێن ...!
ئەی ئەو گشت چرا و
ڕیزەمۆمانە
ترووسکەی چرا و مۆمی ماڵی کێن ...؟

١٩٩٢

## ٢. کچێکی قژسەوز

کێ ئەڵێ ... کێ ... کێ
ئەڵێ پیرەژن
هەرگیز سک ناکات ...!
ئەی ئەوە نییە
ئەو پیرەچیا پەرچەم سپییە
گشت ساڵێکی نوێ
کچێکی دەبێ
قژسەوز و نازدار
ناو دەنرێ "بەهار" ...!
١٩٩٢

## ٣. ژمارە

کە من و تۆ یەک دەگرین
دەبین بە سیان ...
شادی و تۆ و من
کە من و تۆ لێک دەترازێین
دەبین بە چوار ...
تۆ و تەنیایی
من و ئازار ...
١٩٩١

## ٤. سەرەتای پرسیارەکان

شەهیدانمان ناونیشانی لووتکەی سەخت و
شیعری بەرزن
لە ترسی شەهیدەکانمان
دوژمنانمان
لە شیعرەکانمان دەلەرزن
لە ترسی شەهیدەکانمان
ناحەزانمان
لە گەورەکانمان دەترسن
ئەی ئیتر بۆ نان و بەرگی
منالانی شەهیدەکانمان دەدزن ...!
بۆ تەنانەت کفن و گڵکۆی
شەهیدەکانمان دەفرۆشن
بۆ ناترسن ...
( شەهیدەکان ئەم هەفتەیە
لە توێی کفن و گڵکۆ دەرچن )
دەس بدەنەوە تفەنگ و ئەم جارەیان
ڕووبەڕووی ئێوە بوەستن
بۆ ناترسن ...؟
١٩٩٢

ISSN 1102 - 2000

# Mamostay Kurd



Artur Lundkvist ئارتور لوندكڤيست

23

Autumn 1994